به نێوی خودای ئافرێنەری ئەشق و ئازادیی،

(شەرت نیە هەموو مەرجێ شەرت بێ!)

# مەمکی دووپشك

(ڕۆمانێکی تەواو نەکراو)

ئامادەکردن: بەختیار حەمەجان حەمە(بەختیار مام حەمید)

کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٥

کوردستان، باشوور، عەربەت.

ناوی کتێب: مەمکی دووپشك
نووسینی: بەختیار مام حەمید
بابەت: ڕۆمانی کورت
پێداچوونەوە: هێشوو جەبار
تایپ: بەختیار مام حەمید
دیزاینی ناوەوەو بەرگ:
ساڵی چاپ:
ژمارەی سپاردن:

**ئیرادەی ئازادی ژن، یان ئیرادەی ژنی ئازاد هاوڕێ لەتەك فكرێكی قووڵ، سەرچاوەی پێشكەوتن و ڕۆشنگەریی كۆمەڵگایە، كۆمەڵگا بە هەموو جومگەو ڕەگەزەكانییەوە.**

مەولان: ئەریٚ تۆ وا ئاوا خۆت شینومۆر کردۆتەوە بۆ بیروباوەڕەکەت، قەت گریمانەی ئەوەت کردووە کە ئەگەر هەڵە بیت، زۆر خراپ شەرمەزار ئەبیت؟

کەسان: تەنانەت ئەگەر گریمانەی ئەوەش بکەم هێشتا بەلامەوە بابەتێکی ئاساییە، چونکە تا ئەوکاتەی کە خۆم بەڕاست ئەزانم، بەرگرییکردنیش لە ئایدیاکانم بە ڕاست ئەزانم و دواتریش مەسەلەکە ئەبێتە شتیٚ تر.

ناسینی شکست خودی سەرکەوتنە، ناسینی سەرکەوتن خودی ئامانجە، ناسینی ئامانجیش خودی کەماڵە، کەماڵیش بەختەوەریی هەردوو لایە، بیربکەرەوە، ڕۆبۆت نیت وابزانم.

کۆ: هەموو کات ئەوە بۆ من پرسیارێکی جددیی بووە کە بۆچی هەرکات مرۆڤێك دژی یاسا باوەکانی کۆمەڵگا، تەنانەت لە بەرژەوەندیی خەڵکیش بێت، قسەی کردبێ، بە شێت لە قەڵەم دراوە؟

کەم: بە پێچەوانەوە لای من ئەوە پرسیارە کە کەسێك بێت و قسەیەکی تازە بکات و هێشتاش لە ناو خەڵکا جێی ببێتەوە.

ڕەخنەکانت دۆستایەتیی و دڵسۆزییە و نیشانەی خەمخۆرییتە بۆ ڕۆشنگەریی و یەکترقبوڵکردن،
دۆستم بەو ڕەخنە بگرەو هەڵەکانم دەستنیشانکەو مەهێڵە بەردەوام بم لە هەڵە.

# پێشەکیی، بیرکردنەوە، گومان و پرسیار.

(ئەوەندەی گەیاندنی پەیام بەلامەوە گرنگە هیچکات ئەوەندە گرنگیی بە ماکیاژکردنی باس و ڕووداوەکان نادەم) ڕۆمانی سەفەرێك بۆ ناوەندی ڕۆح پایتەختی دڵ_بەختیار مام حەمید،٢٠١٣

_ بیرکردنەوە چییە؟ گومان چییە؟ یەقین چییە؟ پرسیار چییە؟ وەڵام چییە؟ نانا خودی چی چییە؟

خوشکی دڵگەرم، برای دڵنەرم، زەلام و دۆس و قەوم و ناقەوم و ئینسان و نائینسانی خۆشەویست و لەدڵا وەك بەرسیلەی چلەی هاوین ترش و بەتام، چاوی چاوم، ڕۆح و دڵ، چەقی زیهنم،داری دەمانچەم، عاسای دەستم_ها؟_

پێش ئەوەی ئەم هەڵیتو پەڵیتو، دێڕە تێکەڵ و پێکەڵانە (گوایە ڕۆمان) ە، بخوێنیتەوە، خۆت و ناخی خۆت و ڕۆحی خۆت و ئیرادەی خۆت و ئامانجی خۆت و لە هەمووشی گرنگتر فکری خۆت بخوێنەوەو شرۆڤەیان بکە، تەنیا یەك تۆز دانیشەو بیر بکەرەوەو ئەوانەی ئەیانبینی و هەستیان پێ ئەکەی گومانیان لێبکەو بیانکە پرسیار،

کاتێکیش ئەوەت کرد واتە خۆت و جوڵەو بیرکردنەوەو پرسیارو گومانەکانی خۆت خوێندەوە، ئیتر گاڵتەجارییە خوێندنەوەی ئەم چەند وشەی بەردەمت، یان خوێندنەوەی هەر کتێبێك، هەر دەق و هەر نووسین و تەنانەت هەر شاکارێکیش،

چونکە تەڤگەری فکری مرۆڤ، لە بیرکردنەوەو گومان و پرسیارو دواتر وەڵامەکانەوە دەست پێ ئەکات.

خۆت لە جێگایەك دانێ و بیدە بەر ڕەخنەو پرسیار، پرسیاری لە بارەی هەرچی شتەوە کە گومانت لێی هەیە، بکە.

ئەو پرسیارانەی لێبکە کە کۆمەڵگا ناویان ناون پرسیارە بێ وەڵامەکان.

خۆت بکە کتێب و خۆت بکە نووسراوەیەکی ئاڵۆزو بە هەرچی زمانە بتخوێنەوە،

کەواتە خۆت بخوێنەوەو لە خۆتەوە دەستپێبکەو خۆت بگۆڕەو خۆت بکە پێشەنگ و خۆت بکە سەرمەشق و ڕاهێنەرەوەی سەرلەنوێی خۆت و فکری خۆت ئازاد بکە، زیهنی خۆت فراوان بکە،

واتە ئەو خۆتە یان بە تەواویی پێشیخەو بیکە ڕابەرو پێشەنگ و سەرچڵی خۆت و دەوروبەرت و ئەو خۆتە بگوشەو هێزێکی تری واتاداری لێ بەرهەم بهێنە، یان بە تەواویی بیکوژەو لە هەموو ڕوویەکەوە لە ناوی ببەو پێیەکی توندی پیا بنێ و بیفلیقێنەوە.

هەروەك چەند جاری تریش وتوومانە (میوەو سەوزەو دانەوێڵەی تەواو سروشتیی بۆ جەستەو زیهنی هەموو مەخلوقێك تا ئاستی پێویستی و تەنانەت پەیوەند بە ژیان و مردنەوە، گرنگ و تایبەتمەندن، بەڵام لە هەمووی

گرنگتر ئاو، خاك، هەواو ئاگرن، لە نێو ئەمانیشدا، ئاو گرنگترینیانە چونکە سەرچاوەی یەکەمی ژیانی مەخلوقە بێجیاوازی)،
با بێینۆ سەرباسەکەی خۆمان، وەکوتمان: بیربکەنەوەو گومان بکەن و پرسیار بکەن تا دەگەنە یەقین، لە هەر شت و بۆ هەر شت و هەر بابەتێك و لە هەر قسەیەك و ڕووداوێك گومان بکەن، حەتتا گومان لە خودی گومان بکەن،
گومان بکەن بە مەبەستی پرسیارو وەڵام و بەدواداچوون و دواجاریش لێتێگەیشتن و ئینجا کەماڵ و پێگەیشتن، نەك گومان بۆ سەرقاڵیی و سەرئێشەو سەرلێشێواندنی خودو دەورووبەر،
گومان (شك) بکەنە (بکەینە) کلیلی دەستان بۆ چوونە ناو هەر بابەتێك و هەر باسێك و کردنەوەی دەرگای هەر نهێنیی و ئاڵۆزییەك،
پرسیار بکەنە چەکی دەستان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەگەری هەر هێرشێکی وەڵامە بونیادنراوە دروستکراوە ئامادەکراوەکانی ناو دەق و کلتورە جێگیرەکان.
گومان و پرسیار بکەنە چەکوشی تێکوپێکدانی دامەزراوەی وەهمیی دواکەوتوویی تاك و کۆمەڵگا،
گومانکردن و پرسیارکردنی زۆر، ڕێگاو وەسیلەگەلی زۆر باشن بۆ تێگەیشتن و پاشان پێگەیشتن لە هەموو ڕووەکانی ژیان واتە دینیی و فکریی و ئەخلاقیی و ئینسانیی و سروشتییەوە،
هەرچەندە واش هەستەکەم تێگەیشتن و تێنەگەیشتن دواجار یەك شت بن و هەموو مەسەلەکان بە ئاسان و ئاڵۆزیانەوە سەرەنجام ببنەوە یەك و لە ناو بازنەیەکا بخولێنەوە،
کورە ئەگەر تاقەتتان نەبوو،بیریش مەکەنەوە، گومانیش مەکەن، پرسیاریش مەکەن، بەدوای وەڵامیشا مەگەڕێن، هەر بخەون و دواتریش لە خەو هەڵسن و چایی ساردو ئاوی گەرم و قاوەی شیرین و بیبەری تاڵ و نانی گەنمەشامیی بخۆن و بخۆنەوەو ببنە مرۆڤێکی بێکاریگەرو بێواتاو هیچ لەباردا نەبووی زیادە.
کتێب بخوێننەوە زۆر چاکە، ئەگەر نەشتانخوێندەوە، هەر هەوڵ بدەن مەیخوێننەوە، چونکە نە چاکەو نە خراپ، بەڵکو چاکیشەو خراپیشەو هیچیشیان نیەو هەردووکیشیانەو ئاو بێرەو دەس بشۆرەو بیرێك لەم بابەتە بکەرەوە،
ئیسە بۆ نمونە من یەژم: هەموو مەخلوقێك وەك یەکتری مافی ژیانی یاسایی ئاساییان لە سنووری خۆیانا هەیە،
ئینجاکوونیٚ ئەمە کەی قسەیە؟ ئەمە شتیٚ ترە لە بەینی قسەو میتافیزیکا، قسە نیە، میتافیزیکیش نیە،
خۆزگە بمزانیایە میتافیزیك چییەو بۆچی باشەو لە کوێوە دەس پیٚ ئەکاو لە کوێیا پشتی ئەشکیٚ؟!
ئینجا هەمدیسان با بێینۆ سەر باسەکەی خۆمان،
چاوەکەم، ڕۆحەکەم، ئەو زەلامە مادام زەرەری بۆ تۆو پەزەکان(مەڕەکان)ی تۆ نیە، مادام نەهاتۆتە سنوری حەوشەی پاکژیی وجودی تۆوە، مادام پەنجەکەڵەی نەهاتۆتە سنووری تۆوە، وازی لێبێرەو هەقو نەویٚ بەسەریوە، چۆن ئەژیی و چی ئەکات و چۆن قسە ئەکات و چی ئەپۆشیٚ و چ ئاین و ئایدیایەکی هەیەو حەزی لە چ جۆرە سەوزەیەکەو چ کتێبێك ناخوێنێتۆ، ئیشی تۆ نیەو کێشەی تۆ نیەو بەو قورعانە یەك مسقاڵە

زەڕڕە پەیوەندییشیی بە تۆوە نیە، ئیتر بۆ وا خۆو تێکداوەو موداخەلەی ژیانی هەرکەسێك و بە تایبەت ئەو زەلامە داماوە ئەکەی؟

بە هێمنیی و بە هێوەریی و بە بیٚ جرت و فرت و خۆتێکدان دانیشە، چونکە ژیان زۆر لەوە ئاڵۆزترە کە من و تۆ بە نیازین ئا بەم تەقە تەق و گێژە گێژە لێی حاڵیی ببین،

دانیشە، با منیش و ئەو زەلامەیش بە ئیسراحەت و بە هەناسەیەکی قووڵی دەستەپاچەییەوە دانیشین، ئەگەرنا یەکێکمان ڕووداوێکمان لیٚ ئەقۆمیٚ و ئەبینە پەن و سینەمای زەمین و زەمانی جەمعی مەخلوق و گردی یارو ئەغیار، جا لە دوای تڕیٚ نیە سڕیٚ!

ئەوە وە زوانی کوردیی ڕەوان عەرزی خۆم و خۆتیشم کرد.

ئیتر بەس(مە)تە......

**دەیوت: هەموومان ئەو ڕاستییە دەزانین، بەڵام ئێمە ناچار نین کە ژیانی خۆمان بکەینە قوربانی شتگەلی بێواتا، ئەگەرچی ڕاستییش بێت، بۆیە،**
**بەمجۆرە بەردەوام بوو، تا کەف کەوتە لا دەمی،**
**بەڵام فایدەی چیی، ئەو ڕاستیی بە بێ واتا ئەزانی؟!.**

**به هێمنیی و لەسەرخۆییەوە وتی: ئەو سەدان قسەیەی کە بۆ منت کـرد،**
**خۆت یەك دانەیان جێبەجێ بکە**
**ئەویش ئەوەیە (خۆت بگۆڕە، پێش من)**
**ویستی وەڵام بداتەوە، بەڵام کارەبا بڕا!،**
**ئیتر ئاو بێرەو دەس بشۆرە.**

**وتی: قسه، ئینجا کردار، ئینجا کردار، ئینجا کردار،**
**پیرەژنەکە وتی: بێزەحمەت ئەو قەڵەمەت دەبەم،**
**ئەویش دەستی بە قسەو ڕوونکردنەوە کرد.**
**پیرەژنەکە وتی: کاکی بەڕێز وا بڕیاربوو قسەیەك بکەین و سێ کردار،**
**ئیتر قەڵەمەکەم بدەرێ و لەسەری مەڕۆ.**

لە ژیانمدا زۆر نیگەران دەبووم لە هەڵبژاردەی (یان بەڵێ یان نەخێر)
چونکە هەمیشە پێم وابوو کە هەڵبژاردەی سێیەم و چوارەم و....یش،
بوونی هەیەو دەکرێت کەڵکیان لێوەرگرین،
کەچی ئەو ڕۆژە منیان خستە مەوقیفێکی زۆر خراپەوەو پێیان وتم: یان
فکرەکەت یان خۆشەویستەکەت!،
بۆیە پێموایە یاخیبوون لە هیچ و پوچگەرێتیی کۆمەڵگاو لە قاڵبوون
دەرچوون، زۆرجار چێژی ژیانە،
زۆر جار واتا ئەداتە ژیان.

بەدەنگی بەرز دەیوت: قسەکانی من بکەنە پردی پەڕینەوەو بەسەریدا تێبپەڕن و جێیان بهێڵن،
قسەکانی من، بەکاری ڕێگای دوورو درێژو تاقەتپڕوکێن نایەن، چونکە هەموویان کاتیی و سەرپێیین.
کچێك هاتە بەرامبەریی و وتی: ئیتر قسەکردن بەسە، وەرە ئەو دارە ئاو بدەین، وەرە ئەو کلتورە بگۆڕین، وەرە ئەو مرۆڤە ڕزگار بکەین.

**کتێب، یان ئەتفرێنێ یان ئەتترێنێ،**

**ئەمە قسەیەکی سادە نیە، شتێ ترە.**

# دووپشکی ڕەش،

کەشو هەوا سارد بوو، بارانێکی نەرم دەباری، کزە هەوایەکی ساردی تیژ کـە لـە چیاکانەوە هـەڵی دەکـرد تەوژم تەوژم و یەك لە دوای یەك خۆیان دەکرد بە کون و کەلـەوەری گـەڕەك و کۆڵـان و ماڵـەکانی ئـەو دەڤەرەدا، کات وەك نەشتەر ژیانی دەبڕیی و تەمەنی پڕ دەکردەوە، چرکەی کاتژمێرەکان وەك تـەق و تـۆقی ئاسانکراوی ئەو بەردانەی کە لە تاو چەرخە نابوتەکەی زەمانە بەم بەرو ئەوبەری شـاخەکانیاندا ئـەداو خـاو ئەبوونەوە بۆ دڵەکان، خاو ئەبوونەوە بۆ ناو دێراوی چاوی پیرەژنە ڕەشپۆشە تەزبیح زەیتونییەکان،
ژیان جمەی ئەهات لە گومان و سەرسوڕمان و چاو ئەبلەقبوون،
لورە لوری دەنگی با، هەرچەندە ئاوازێکی تەواو سروشتیی بوو، بەڵام بە هۆی دەرەنجامەکانیەوە هـیچ لەبـەر دڵان و خوازراو نەبوو، بە تایبەت بۆ ماڵە هەژارە بی زۆپاکان،
ئێوارە بوو بێریتان گەڕایەوە ماڵەوە، زۆر شپرزەو موشەوەش بوو، کتێبێکی قەبارە گەورەی فەلسەفیی وشك و مێشکپژێنی پێبوو، کتێبێك کە تەنیا قەبارەکەی بەس بوو بۆ ئەوەی دەوروبەر نیگایـان بـچێتەسەری و بۆیـان ببێتە پرسیار،
زیاد لە پێویست پەلەی بوو، بە جۆرێك تا گەیشتە ژورەکەی خۆی، سێجار خۆی کێشا بە دەرگاو شتەکانا، هەر زرم و کوتی بوو، کار گەیشتە ئەوە خوشکە بچوکەکەی هەستی پێکردو وتی: دادە گیان ئەوە خێرە؟ بـۆ وا شپرزەی؟
بێریتانیش بە هەناسەبڕکێیەکی سەیرەوە وتی: هیچ نیە دادە گیان بێخەمبە، کەمێك ماندووم و هیچی تر.
خوشکەکەی کە بڕوای بەم حاڵەو پەیوەندیی بە ماندوێتییەوە نەدەکرد، بە ئاماژەیـەکی بڕوانەکردنـەوە، وتـی: باشە دادە گیان هیواخوازم بەو جۆرە بێت.
باجی ئایش، دایکی بێریتان ژنێکی هێمن و لەسـەرخۆو مـەن بـوو، سـەنگین و نـەرم و خاوو دانەکـەوتوو بـوو، تەنانەت لە گەڕەکدا ناوبانگی چاکەو خێرخـوازیی و نـەرمونیانیی هـەبوو، ناوبـانگی ئـیرادەو دەسـتکراوەیی هەبوو، ئەو ژنێك بوو کە جگە لەوەی هیچ خراپەیەکی بۆ دەوروبەرەکـەی نـەبوو لـە هـەمان کاتـا زۆریـش هاریکـارو یارمەتییـدەرو چـاکەخواز بـوو، هاوسـەرەکەی پـێش سـاڵانێکی زۆر لـە لایـەن داگیرکـەرانی کوردستانەوە لە سێدارە درابوو. ئەرکی بەخێوکردنی دوو کـچ واتـە بێریتـان و بێریڤـانی کـەوتبووە ئەسـتۆ. بێریتان و بێریڤان لە لایەن خاڵیانەوە ناونرابوون کـە مامۆسـتای زانکـۆو هەرچـەند کۆمۆنیـست بـوو بـەڵام لایەنگری پارتێکی نەتەوەیی بوو.
باجی ئایش بە سەرلەقاندنێکەوە وەك ئاماژەیەك بۆ نارەزایەتیی لەسەر جوڵەو کارە گومانامیییەکانی کچەکەی، وتی: بێریڤان کچم ئەوە دادەت چی لێهات؟ ئەم کچە چی دەکات؟ ئەم هـاتن و چـوون و نووسـین و کتێـب هێنان و بردنەی لە چییە؟ ئاخر بەم تەمەنە کەمەوە چیی داوە لەم بەزم و ڕەزمە؟

من تێناگەم و زۆر دەترسم ئەم کارانە سەری بخوات، ئێرە وڵاتی قەزاو قەدەرەو هیچ شتێك لـە جێی خۆی نیە، لـە باشترین حاڵـەتا کوشتن و سەرنگوومکردنی خەڵکی شتێکی ئاساییە، بۆیە بەڕاستی ئەترسم.

بێریڤان کە تەمەنی ١٢ ساڵـان بوو کە دەکاتە سێ ساڵ لـە بێریتان بچوکتر، کچێکی ڕۆحسوك و خوێنـشیرین، وتی: دایکە، دادەم منداڵ نیەو کچێکی زۆریش وریاو چاوکراوەیەو هیچ نەبێت ڕاست و چەپی خۆی ئـەزانێ، تۆ بۆ ئەوەندە خەمتە؟ مەگەر شتێکت بیستووە؟

باجی ئایش کە خاوەنی ئەزمونێکی زۆری سەرکەوتن و شکستی ژیان بوو، بە جۆرێك کە گاڵتەی بە عـەقڵ و بیرکردنەوەی نەوەی نوێ و بێ ئەزموون ئەهات، وتی: ئێییی کچەکەم ئەوەی تۆ لێی تێناگەی ئەوەیە کە مـن دواجار دایکم داااااااایك، تۆ لـە ڕاستینەی دایك و سۆزو خـەم و ترسـی دایـك تـێ ئەگـەی؟ یـان هـەر بـە شێوەیەکی سەرپێیی شتێکت بیستووە؟

هەردوولا بێدەنگ بوون، وەك شتێك بزانن کە کەسیان لـەیەکتری تێناگەن.

بێریتان بە بێ ئەوەی نانی ئێوارە بخوات بەردەوام لـە ژوورەکەی خەریکی خوێندنـەوەی کتێبێـك بـوو لـەسـەر ژن، فەلسەفەی ژنبوون و ئـیرادەو پێگـەی کۆمەڵایـەتیی ژن لــە کۆمـەڵگای داخـراودا، مەسـەلـەکانی ژن و پەیوەندییان بە سیستەمی سەرمایەدارییەوە.

بێریتان بەردەوام لـەتەك خوێندنەوەی کتێبەکەدا خەریکی نووسینەوەی وشە بە وشەی بوو، لـە لایەك شرۆڤەی ئەکردو لـەلایەکیش بە تەما بوو کتێبێکی بۆ خۆی لێبگرێتەوە،

ئەمە بۆ ئەو واتە بێریتان دوو گرنگیی هەبوو، لـە لایەك باش لـە بابەتە فکرییەکانی کتێبەکە تێ ئەگەیشت و لـە لایەکیش ئەبووە خاوەنی کتێبێك.

لـە پڕ باجی ئایش خۆی کرد بە ژووراو بێ هیچ قسەیەك، وتی: ئەرێ کچم تـۆ خۆتـت لـێزیـادە یـان خۆتـت دۆزیوەتەوە؟ لـە ئێوارەوە لـەم ژورەدایت و یەك چرکەش نەهاتویتە دەرەوە.

بێریتانیش یەك بزە خەنەی پڕ لـە ئیرادەو ئومێدی کردو وتی: کورە قوربانی ئەو ئایشۆکێ گیانـەم بم مـوووەه، باشترین دایکی جیهان، دایکە گیان ئەم کتێبە هی بەهاری هاوڕێمەو بە ئەمانەت هێناومە تەنیا بۆ ئەمشەو هەم دەبێت بیخوێنمەوەو هەمیش دەبێت بینووسمەوە، چونکە وا بڕیـارە هـەموو ئەنـدامانی گروپەکـەمان (گروپـی دووپشکی ڕەش) لـە ماوەی سێ ڕۆژدا ئەم کتێبە بخوێننەوەو پاشان لــە کۆبوونەوەیەکـدا شـەرح و شـرۆڤەی بکەین.

دوای خوێندنەوەو نووسینی یەك دێڕی تر لـە کتێبەکە، بێریتان هەناسەیەکی قوڵی هەڵمژیی و وتی: ئێ ئەوەیـە مەسەلـەکە کە پێتم وت دایکە گیان، بۆیە هیچ نیگەران مەبەو بڕۆ پشووی خۆت بدە، ئینجا دەرمانەکانت بیر نەچێت،

هیچ خەمی منت نەوێ دایکە گیان.

باجی ئایشیش یا ئەڵڵایەکی کردو هەستاو وتی: بێری گیان، وریای خۆت نا، بەڵکو لایەنی کەم وریای جەرگ و دڵی من بە، لە یادی مەکە کە من بەرگەی ئێش و ئازاری ئێوە ناگرم، کچم ئەمە موجامەلە نیە، بەڵکو حەقیقەتە.

بێریتان بەدەم نووسینەوەوە سەیرێکی دایکی کردو وتی: دایکە گیان بێ خەمبە، بەڵام چۆن ژیانی باش هەوڵدانی گەرەکە ئاواش کۆمەڵگای باش و ئازاد هەوڵدانی گەرەکەو هەندێ جار قوربانییشی گەرەکە.

خانەوادەی باجی ئایش بۆ پەیداکردنی بژێویی ژیان جگە لە دروستکردنی ملوانکەی مێخەك و تەسبیحی قەزوان و بازنگی شلیلە، بە سوف و خوریی پوزەوانەو کڵاو و دەستکێش و هەندێ جوانکاریی منداڵانەیان دروست دەکردو دەیانبردە بازاڕ بۆ ساخکردنەوەو فرۆشتنەوەو بەمەش سادە دەژیان بەڵام بێ منەت و سەربەرز، پێداویستیی ڕۆژانەیان دابین ئەکرد،

تا دەهات کەشوهەوا ساردتر دەبوو، بۆیە بێریتان بەتانییەکی گەورەی لە کۆڵ کرد و بەردەوامیی دا بە خوێندنەوەو نوسینەکەی.

هەندێجار لەبەر خۆیەوە ئەیوت: ئاخر کتێب خۆی چ سودێکی هەیە، تا نووسینەوەی سودی هەبێت؟

هەر خۆی بۆ خۆی وەڵامی ئەدایەوەو ئەیوت: دەی دانیشە بێرە شێت، بخوێنەوە تا شتێك تێ ئەگەیت و دواتر هەرچی کتێبتە بیکە دیاریی بۆ پاقلەفرۆش و گوڵەبەڕۆژە فرۆشە هەژارەکانی وڵات،

باجی ئایش و بێریڤانیش لە ژورێکی تر خەریکی بەخشینی هێزو تەمەن و وەرگرتنی بژێویی ژیانی پڕ لە مەرگ و لە هەمان کاتا قسەی کچی و دایکێتیی بوون.

درەنگانێکی شەو باجی ئایش و بێریڤان بە کترییی و قۆرییەك چاییەوە خۆیان کرد بە ژووردا و یەکپارچە ژوورەکە بووە هەڵمی چایی و ئاوی گەرم و پڕ بوو لە شادیی، بەو شەوە ساردەو لەو خانووە بچکۆلە پەڕپووتەدا وەك شازادە دڵخۆش و بە هیواوە دەستیان بە خوارنەوەی چایی کرد، دەنگی قاقای پێکەنینیان ژوورکەی کردبووە ئۆرکێسترایەکی ناوازەی ئاوازو مۆزیك.

بێریڤان کە قومی هێواش هێواشی لە چایەکەی دەداو بە حوکمی تەمەنەکەی بێ خەمتر لە دایك و خوشکی دەرەکەوت وتی: دادە تۆ تا چەند هیواو ئومێدت بە گۆڕانکاریی و پێشخستنی ئەم کۆمەڵگا هەیە کە خۆت هەموو جار دەڵێی نەك هەر زیندانەو بەس بەڵکو زیندانێکی ساردو وێران و کاولەو بەڕێوەبەرو پاسەوانەکانیشی ستەمکارو گەندەڵ و سەرمایەداری مەشەخۆرن؟

بێریتانیش دەستی دایە قۆرییەکەو چاییەکی تێکردو وتی: گیانی دادە ئا ئەوەش وەڵامی تۆ!

ئەوەتا من بڕوام بەوە هەبوو کە دەتوانم چاییەك تێبکەم و هیواشم هەبوو، بۆیە زۆر ئاسان چایەکەم تێکرد، گۆڕینی کۆمەڵگاش هەنگاو بە هەنگاو وەك ئەو چایی تێکردنە وایەو زۆریش ئاسانە، بەڵام بەو مەرجەی کە بڕوامان بە خۆمان هەبێت و هیواو ئیرادەمان هەبێت، وتنی یەك نەخێر لە بەرامبەر ناعەدالەتیی و پاشکەوتوویی کۆمەڵگادا وەك هەنگاوی یەکەم و ناڕازیی بوون لە کۆت و بەندەکانی کۆمەڵگا، چەند هەنگاوێك پێشمان دەخات و نابێت بێ هیواو ڕەشبین بین.

ورده ورده باجی ئایش و بێریڤان شتەکانیان کۆکردەوەو ڕۆشتنەوە ژوورەکەی تر،
بێریتان چاوی نەچووە خەو تا هەموو کتێبەکەی تەواو خوێندەوەو نووسیەوە،
کتێبەکەی تەواو کردو هەر لە جێگەی خۆیدا بە بەتانیەکەوە پاڵی دایەوە، خەوی لێکەوت،
خرمە خرمی باران و گیڤەو لورەی ڕەشەبا وێڕای دروستکردنی کەشێکی هەژارکوژ تاڕادەیەك خراپیش نەبوو بۆ خەوی قووڵی کیژۆڵەیەکی پڕ لەهیوای ڕۆحگەشی جەستە ماندوو،
خەوێك کە زۆر واتای هەبوو، زۆر واتای قووڵ، کە سادەترینیان پشوویەك بوو بۆ سەرلەنوێ ژیانەوەی کۆمەڵگایەکی نەخۆش و هیلاك و دەردەدار،
کۆمەڵگایەکی بەڕووکەش ئاوەدان و لەناوەوە وێران و کاول.

# ئازادیی فکرو خۆڕێکخستن

دوای تەواوکردنی خوێندنەوەو نووسینەوەی کتێبەکە لە لایەن ئەندامانی گروپەکەوە کە گشتیان کچ بوون و بە شێوەیەکی ناڕاستەخۆ لەژ یر سەرپەرشتیی بێریتانا بوون، بڕیاری کۆبوونەوەیەکیاندا تەنیا بۆ شرۆڤەی کتێبەکەو سەربارخستنی ڕاوبۆچوون و دیدی خۆیان بۆ کتێبەکە.

بێریتان بە پێکەنینێکی زۆر واتادارەوە وتی: هەرگیز وا بیر نەکەنەوە کە ئێمە کەمین و بێدەسەڵات و بێ هێزین و ناتوانین خۆمان و کۆمەڵگامان پێشبخەین، ئەو بیرکردنەوە ڕاستەوخۆ ڕەگی هیوا لە جەستەی زامداری کۆمەڵگادا دەبڕێت و وشك دەکات.

چنور کە بە کچێکی توندو ڕادیکاڵ و مارکسییەکی سەرسەخت ناسراو بوو وتی: بێریتان گیان ئێمە دەبێت تاك پەروەردە بکەین لەسەر بنەمای ئازادیی فکرو خاوەنی خودو تا سەر ئێسقان دژی سەرمایەدارو سیستەمی خوێنمژی سەرمایەداریی،

ئێمە ئەبێ بەبێ جیاوازیی دین و ئایدۆلۆژیاو ڕەنگ و نەتەوەو ڕەگەز، کار بۆ جوڵاندنی فکری تاك-کۆمەڵگا بکەین بە ئاڕاستەی چاکسازیی و گۆڕانکاریی ڕیشەیی.

بێریتان لەتەك سەر لەقاندنێکی نەرمدا وتی: چنور گیان، ئەمە باشەو گرنگە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئێمە خۆمان ڕێکخستووە؟ خۆمان پەروەردە کردووە؟

هەنگاوی یەکەممان ناوە، بەڵام ئایا دەتوانین بێ بەرنامەو بێ ئامانج هەنگاوی دووەم بنێین؟ ئایا ئێمە قەت لە خۆمانمان پرسیوە کە ئێمە چیین و کێین و ئامانجمان چییە؟ لە هەنگاوی یەکەمدا کە چوونە بۆ ناو کایەکەو چاندنی تۆوی هیواو ئیرادەیە لە ناخی خۆماندا، تا ڕادەیەك سەرکەوتوو بووین بەڵام گەرنتی چییە کە لە پەلە پەلکردن بۆ هەنگاوی دووەمدا شکست ناهێنین و سەرکەوتنەکانی هەنگاوی یەکەمیش نابنە قوربانیی ئەو هەڵەیەمان؟

چنور بێدەنگ بوو، دەستیکردە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی کتێبەکەی بەردەستیی و دوای کەمێك وتی: تەقریبەن هاوڕاتم، ئێمە ئەبێت بۆ وەڵامی ڕاستی پرسیاری ئێمە کێین؟، بگەڕێین،

لەولاوە نازدار کە باوکی ئیسلامییەکی ئوسوڵیی توندڕەو بوو، وە هیچ ئاگای لەم جوڵەو کارانەی کچەکەی نەبوو، وتی: ئەی گەرەنتیی چییە کە لە وەستانی ئێمەو جوڵە نەکردن و لە ئەنجامی خاوە خاوکردنی ئێمەدا نەیارانمان زیاترو زیاتر گەشە ناکەن و بە ئارەزووی خۆیان کۆمەڵگا وەك گۆشتی خێر دابەش ناکەن بەسەر فکرەکانی خۆیانا؟

شەمامە کچێکی زۆر جوان و ڕۆحسوك کە لەبەر هەژاریی لە باخێکدا کاری دەکرد وتی: هاوڕێیان هەر ئەم پرسیارو وەڵام و گومانانەی ئێستامان دەکەینە کۆبوونەوەو گفتوگۆکەمان درێژە پێ دەدەین و زۆریش ئاسانە کە پلان و بەرنامەو ئامانجی خۆمان دیاریی بکەین.

ئاواز كە خوێنەرێكی باش و وریا بوو، لـە ناو هاورێكانییدا بە ئاوەی فەلـسەفە دەناسرا وتی: كارەكـە ڕوونـە، ئێمە دژی كەس نین و نیەتمان پێشخستنی كۆمەڵگایە، هەركەس و لایەن و دین و حیزبێكیش لـە بەردەممانا ببێتە كۆسپ و تەگەرە بێگومان سەرەتا ڕەخنەی لێدەگرین و دواتر بە بنەماگرتنی بەجێكردنی ڕەخنـە، دیـالۆگ و گفتووگۆی لـەتەكدا دەكەین و تێی دەگەیەنین كە ئامانجی ئێمە خزمەت و پێشخـستنی تـاك و كۆمەڵـەو دژی هیچ كەس و لایەن و دینێك نین و تەنیا دژی ستەمگەر، پاشكەوتنخوازو كۆنەپارێزو شەڕخوازو سـەرمایەدارو چەقبەستووەكانین كە هەم كۆمـەڵگا دەكەنـە قوربـانیی ئامانجـە بـچوكە كەسـییەكانیان و هـەمیش كـاروانی پێشكەوتن ڕادەگرن و كایەكانی ژیان وێران دەكەن،

ئێمە كار دەكەین بۆ ئەوەی هەموو كەس بۆ خۆی بژیی و هەموو كەس مـافی پرسـیارو گومـان و ڕاوبۆچـوون دەربڕینی خۆی هەبێت و هیچ كەس و هیچ دین و هیچ ئایدۆلۆژیایەكیش نەبێتە بەربەستی.

دوای گفتوگۆیەكی دوورو درێژو تێرو تەسەل هاورێیانی دووپشكی ڕەش، كۆتاییـان بـە دانیـشتنەكە هـاوردو هەركەسەو بە كۆڵێ پرسیارو گومان و ڕاوبۆچوونەوە گەڕانەوەماڵی خۆیان.

# گریانی دڵ بۆ دایك

بێریتان گەشتەماڵەوەو دوای سڵاوکردن بە پێکەنینەوە وتی: دایە گیان، چ کارێکی ماڵ هەیە بۆ ئەوەی ئەنجامی بدەم؟ ئیمرۆ چی بکەم تۆ پاشاو من فەرمانبەردار، دەی فەرمان بکەو با منیش جێبەجێی بکەم.
دایکیشی بە دەم پاککردنی سەوزەوە کە هەمیشە ئاواتی بوو، پێی وابوو سفرە بە بێ سەوزە وەك کەفی دڕاو وایە، وتی: گیانی دایە هیچ کارێك نیەو تۆ ڕەنگە سەعیی و شتت هەبێت بڕۆ کاری خۆت بکە، بەڵام وا بڕیارە شەو ماڵی مامت بێن بۆ ئەیرە و هەموومان بەیەکەوە بچین بۆ ماڵی لالە مەحموی کۆنە دۆستمان و هاوڕێی باوکی ڕەحمەتییت، کە زۆر خەمخۆرو خۆشەویستمانەو پیاوێکی هێندە باش و بێزیانە ئەو عەرزەشی کە پێی پیا ئەنێت لە دەستی پارێزراوەو دەست و دەم و داوێنی وەك گوڵ پاکن،
لالە مەحموو هاوسەری پێشووی و پێنج منداڵی بەر شالاوی تاوانکارانەی ئەنفال کەوتوون و دواتر کە دڵنیابوویەوە ئیتر کەس لەو بیابانانە ناگەڕێتەوە، هاوسەرگیریی کردەوە،
ئێستاش ساڵانە لە مانگی چوارا لالە مەحموو هێندە ئەگری کە چاوەکانی ئەئاوسێن و لەبەر خۆیەوە چەند جار گوێم لێبووە کە وتوویەتی: کەس ئاگای لە دەردی کەس نیە، داخێك ئەنفال ناوێتی بە دڵ و جەرگی من و هەزاران دایك و باوك و کوڕو کچی ئەم وڵاتەدا ئەوەنە بە ئازارە کە هیچ کات ناتوانین پێناسەی بکەین، تەنیا کەسانێك لە ئازارو مەعانات و ناڵەو هاوارمان تێئەگەن کە وەك ئێمە دڵبریندار و ئازارچەشتوو و جەرگسوتاون،
بێریتان بە خۆشحاڵییەکی بێ وێنەوە وتی: جا لەوە باشتر هەیە؟، منیش دوورو نزیك لەیلای کچی لالە مەحموود دەناسم و کچێکی زۆر شیرین و وشیارو خوێنەوارو ڕووخۆشەو دەستو قەڵەمی نووسینیشی هەیە، واتە لە لایەك لالە مەحموود بۆ من گرنگ و خۆشەویستەو لە لایەکیش لەیلا کە بیرمە هەموو کات بەسەر کتێبێکا خۆی دووقۆ کردبۆوە، حەزەکەم لە نزیکەوە گوێ لە هەندێ لە ئازارو بیرەوەریی و چیرۆکەکانی لالە مەحموو بگرم و هیچ نەبێت کەمێك لەو مێژووە گوم بووە تاڵانکراوەمانی لێوە ببیستم.
دوای نانخواردن و کۆکردنەوەیەکی خێرای قاپەکان، ماڵی مامی بێریتان هاتن، مامی بێریتان پیاوێکی مێشکوشکی توندی قسەڕەقی هەمیشە خۆبەحەقزان بوو، بە جۆرێك مرۆڤ لە سڵاوەکەشی بێزار ئەبوو.
شادی خان مامۆژنی بێریتان و هاوسەری مامە کاروانی بوو، ژنێکی سادەو قسەخۆش و لەسەرخۆ بوو، هەمووان هەمیشە ئەیانووت کوفرە ئەم ژنە ئاڵتونە هاوسەری ئەم پیاوە بڵح و ناڕەسەنەیە، شادی خان وتی: دەی ئایش گیان خێراکەن ئەگەرنا کاروان ئەمانکاتە فلیم، خۆ ئەو هەمووکات لە بیانووە بۆ پرتەو بۆڵە، یاخوا کەس پێی نەکەوێتە گووی کاروانەوە هەر لێی دەرناچێ، ئەمەی وت و کەمێك پێکەنی.
هەمووان بە ئۆتۆمبێلی کاروان کە بە ئاستەم جێیان دەبۆوە، وەڕێ کەوتن،
بێریتان هاوڕێ لەتەك کتێبێك لە دواوە سەرکەوت و ناوە ناوە لەبەردەم ڕووناکیی گڵۆپی سەر شەقامەکاندا چەند دێڕێکی دەخوێندەوەو لەو کەشوهەوا ساردو تەزێنەرەدا دڵ و جەستەی خۆی پێ گەرم دەکردەوە،

قۆناغێکی ژیانەو مرۆڤ ئەگاتە ئەو قەناعەتەی کە کتێب خۆراکی ڕۆحە.
کاروانیش بەدەم شۆفێرییەوە هەر بۆڵە بۆڵی بوو،
تا گەیشتە ئەوەی وتی: خۆزگە یەك ڕۆژ حاکمی وڵات بوومایە، شەرتبێ هەرچی ژن و کتێبە بەیەکەوە بمسوتانایە.
بێریتان کە ئەم قسەیەی بردە سەر خۆی، بە هێوەری وتی: مامە گیان پەندێکی پێشینانی کورد هەیە زۆر جوانە، ئەڵێت خوا کێو نەبینێ بەفری تێناکات،
جا ئەوەی مایەی خۆشحاڵییە ئەوەیە کە تۆ حاکمی وڵات نیت، ئەگەرچی حاکمەکانیش زۆر لە تۆ باشتر نین.
دوای کەمێك بێدەنگی، بێریتان بە هێمنی وتی: مامە گیان ببورە، تەنیا وەڵامێك بوو نە زیاتر.
لە پڕ یەك شەقەی گەورە هات و کەس ئاگای لە خۆی نەما، ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگربوو خۆی کێشا بە ئۆتۆمبێلەکەی ئەواندا، دەستبەجێ باجی ئایش و بێریڤان و کوڕێکی بچوکی کاروان گیانیان لە دەستداو کاروان و شادی و بێریتانیش گەیەنرانە نەخۆشخانەو ژێر چاودێریی،
دوای دوو ڕۆژ کاروان هاتەوە هۆش و عەیبیی نەماو شادیی هاوسەریشی باشتر، ئیتر دەرچوون لە نەخۆشخانە،
بێریتانیش دوای یەك حەفتە هاتەوە هۆش، هەموو هاوڕێکانی لە لای بوون و خێرا بە سەرسوڕمانەوە وەك ئەوەی هەستی بە شتێك کردبێت وتی: کوا دایکم؟ کوا بێریڤان؟ هاوڕێیان تکایە تێمگەیەنن چی بووە؟،
هاوڕیکانیشی بە حسابکردن بۆ ئەوەی کە دکتۆر وتبویی نابێت هیچی لە بارەوە بۆ باسکەن، هیچیان بۆ باس نەکردو بە هەرجۆرێك بوو باسەکەیان گۆڕیی و دەستیان بە باسکرنی کارەکانی گرووپی (دووپشکی ڕەش) کردو دۆخەکەیان هێور کردەوە.
بێریتان ڕۆژانەو بەردەوام کتێبی دەخوێندەوەو ناوە ناوە یادی دایك و خوشکی زنجیرەی بیرکردنەوەکانیان دەگۆڕیی و دواشت کە پێیان وتبوو ئەوە بوو گوایە دایك و خوشکی لە ماڵەوەن و بە بۆنەی کارەساتەکەوە نەخۆش و ماندوون، ئیتر بێریتانیش وەك هیوایەك بە بینینەوەیان بڕوای بەمە کردبوو.
دکتۆرەیەك لە نەخۆشخانە بووە هاوڕێیی و هەموو کات پێی دەوت: بێریتان من زۆر سەرسامی فکرو بیرکردنەوەی تۆم کە بەو تەمەنە کەمەتەوە گەیشتووی پێی کە جێگەی تێڕامان و لە هەمان کاتا نرخاندنە.
وردە وردە تا دەهات بێریتان باشتر دەبوو، ڕۆژێك مامی هات و لە نەخۆشخانە دەریکردو گەڕانەوە بۆ ماڵەوە، ئەوەی چاوەڕێی نەدەکرد ڕوو بدات ڕووی دابوو، نە دایك و خوشك ماون و نە شوێنەوارێك لەوان، لەناو حەوشەدا بە تەواویی هەستی بەمە کردو هەرکە گەیشتە ناو ژوورەکان یەك هاواری کردو بە دەنگێك کە ئەرزو ئاسمانی دەخستە گریان وتی: دایکە گیاااااااااااااااااان، خوشکەککککککککککککککککککککککککککەم، ئاییییی خودای من،

ئەم سێ وشەی وت و بورایەوە، پاش کەمێك هەستایەوە حاڵی پەشێویی و گریانە داماوانەکەیی و ناڵەو هاواری بەردی دەکردە ئاو، جەرگی دەکردە خوێن، ناخی دەسوتان، هیچ یەکێك لە خزم و دۆست و دراوسێکان کە ئامادەی ئەوێ بوون، نەیانتوانی خۆیان ڕاگرن و هەمووان وەك منالْ دەگریان.

لە هەمووی کاریگەرتر ئەوە بوو کە دەیووت: دایکە گیان، ئەی من و بێریڤان ئەمانەتی باوکی شەهیدم نەبووین بۆ تۆ؟ ئەی بڕیار نەبوو هەموو جیهان جێمان بهێڵێ بەڵام تۆ نا؟ لە کوێی دایکە لە کوێیییییی؟ ئیتر کێ خەمخۆرو هەواڵپرس و خەمڕەوێنمان بێ؟

دوای شین و شیوەنێکی جەرگبڕ بۆ دایکی، بێریتان دیسان بورایەوە،

دوای کەمێك هاتەوە هۆش، ئیتر توانای گریانی نەما، هێزی نەما، برسی بوو، قوڕگی نووسا، هاوڕێکانی لە لای بوون و بەردەوام دڵیان ئەدایەوە، ناوە ناوە هاتەوە تایم و بۆی ڕوون بۆوە کە هیچ ڕێگایەکی تری نیە جگە لە هاتنەوە سەرخۆو لەسەر پێی خۆ ڕاوەستان و هێوەر بوونەوەو پەیداکرنەوەی ورەو ئیرادەکەی جاران، چونکە پێی وابوو خەمخواردن و گریان و ڕووخان هیچ سودو ئەنجامێکی نابێت جگە لە وێرانبوون و خۆکوشتنێکی هێواش هێواش، ئەم خەم و گریانە هێندەی دوریی ئەخستەوە لە ئامانجەکانی، نیو هێندە ئارامی نەدەکردەوە،

دوای یەك مانگ لەو ڕووداوانە، بێریتان دەستی کردەوە چالاکییە فکریی و ڕۆشنگەرییەکانی، دەستی کردەوە خوێندنەوەی کتێب و تێکەڵاوبوونی هاوڕێکانی،

هەندێجار لە کاتی خوێندنەوەی کتێبا خەیاڵی ئەڕۆیشت و هۆن هۆن فرمێسك بە چاوەکانیا ئەهاتنە خوارەوەو تك تك ئەکەوتنە سەر پیت و وشەو ڕستە فکرییە وشك و ئاڵۆزکان و تەڕیانی ئەکردن.

یەکەم دانیشتنی دوا مەرگی دایك و خوشکی بێریتان، هاوڕێیانی بێریتان لەبەر حورمەتی مەرگی ئازیزانی هاوبیرەکەیان و وەك ڕێزو خۆشەویستییەکی سادەو سەرەتا بە جلوبەرگی ڕەشەوە کە ئەمە دابێکی کۆمەڵایەتیی بوو،هاتبوون.

بێریتان خێرا داوای لێکردن کە یان دەبێت جلەکانیان بگۆڕن یان دەبێت دانیشتنەکە دواخرێت، بۆ ئەوەی نەیاران و کۆنەپارێزان دڵیان بەم ڕەشپۆشیی و خەمبارییەیان خۆش نەبێت و کەڵکی خراپ لە خەمباریی ئەوان وەرنەگرن.

هەمووان بە کۆی دەنگ و لەبەر بەرژەوەندیی پێشکەوتنی چالاکییەکانیان، دانیشتنەکەیان دواخست، بەڵام یەکێك لە هاوڕێیان چەند کتێبێکی هەم وەکو دیاریی و هەمیش وەکو پێشنیار بۆ شرۆڤەو گفتوگۆی دانیشتنی داهاتوویانی دایە سەرجەمی هاوڕێیان.

بێریتان دوای هەندێ ئەمدیو دیوکردنی لاپەڕەکانی کتێبەکە یەك دێڕی زۆر پێجوان بوو، خێرا بە دەنگی بەرز خوێندیەوە، کە نووسرابوو: (ژن و پیاو ئەبێت خەبات بۆ ژیانی هاوبەش و پێکەوەژیانی ئاشتییانە بکەن، نەك ببنە دوژمن و هەمیشە بۆ کەلێنێك بگەڕێن تا لێیەوە یەك بشکێنن، هەڵەی ژنانی فێمێنیست ئا ئەوە بوو کە

ژنیان بردە سەنگەری دژایەتیی بەرامبەر پیاو، لە کاتێکا ئەبوو ژن بهێننە ناو پیاوان و بیانکەنە چقڵی چاوی پیاوانی کۆنەپارێزو دواکەوتوو).

ئاڤان کە هاوڕێی ئەوان و ئەندامی تازە بوو، کچێکی سەلارو سەنگین بوو، کەمترین قسەی ئەکرد، وتی: هەرچەنە ڕەنگە پەیوەندیی بە باسەکەمانەوە نەبێت، بەڵام من حەفتەیەك پێش ئێستا کتێبێکم خوێندەوە، مێشکی گووشیم و شەڵەقاندی و زۆر ماندوی کردم، ئەریٚ ئێوە قەت بەو جۆرەتان لێهاتووە؟

بێریتان بێ سێ و دوو وەڵامی دایەوەو وتی: بەڕای من، کتێب ئەگەر مێشك و زیهنت کاول نەکات و وێرانت نەکات کتێب نیەو شتێ ترە،

کتێب ئەبێ مرۆڤ مت و سڕ بکات و مێشکی خوێنەر بشەڵەقێنێ و شۆڕشێك لە فکرا بەرپا بکات و پایەکانی زیهن بڕوخێنێ بە ئامانجی سەر لەنوێ بنیاتنانەوەی زیهنێکی ئازاد.

بەمجۆرە دانیشتنەکە دواخراو هیچ گفتوگۆیەکی جددیی و پەیوەندیدار بە باسە بنەڕەتییەکەوە نەکرا.

## یاخییبوونی بێریتان لـه کلتوری سەقەت

دوای ئەوەی ئەو ڕووداوانه ڕوویاندا، ئیتر بێریتان لـه ماڵی مامی دەژیا،
نیوەڕۆیەك مامی زۆر به ساردییەکەوە وتی: بێریتان گەورەش بوویت، ئیتر کاتی شوکردنت هاتووە، ئەبیَ بچیته ماڵ و مێردی خۆت و دەست به ژیان بکەیت.
بێریتان ئەم قسەی زۆر پێناخۆش بوو، ویستی قسەبکات
بەڵام ئامۆژنی نەیهێشت و وتی: ئەریَ پیاوەکه تۆ عەیب ناکەیت که قسەی ئاوا ئەدەیت لـه ڕووی ئەو کـچه؟ ئینجا بەو جۆره ساردو بیَ مانایانه، تۆ هەر قسه ڕەق و بێتام و زۆربێژی،
کاروانیش زیاتر گەرم بوو وتی: ژنەکه تۆ لـه هەموو کاسەیەکدا کەوچك مەبەو ئەوە کێشەی تـۆ نیـه، بـەڵیَ وەختی شووی هاتووە، چونکه تەمەنی ۱۵ ساڵـه، کچی وا هەیه ۱۳ ساڵـەو خاوەنی مناڵـه، کچ وەك بـارووت و بەنزین وایه.
بێریتان لـەم قسانه زۆر نیگەران بوو، تا ئەو جێگەی که هەستاو چووە ژورێکـی تـرو بـه دەنگـی بـەرز لـەو دیوەوە وتی: مامه کاروان، خەیاڵت خاوە، ببوره که ئاوات پیَ ئەڵێم.
کاروان که بەم جۆره قسانه گڕی دەگرت، لـەبەر خۆیەوە وتی: ئەی بەزیای خێرم نەکرد، سەیره کچێك ببێته ئاغامان و لێمان یاخی ببێت،
ئەم باسه به کراوەیی و بەم دانو دۆوە سەری نرایەوە.
بێریتان لـه ژورێکدا که مامۆژنه شـادیی بـۆی ڕێکخـستبوو دەحەوایـەوەو خـەریکی خوێنـدن و خوێندنـەوەو نووسینی خۆی دەبوو،لـەو ماڵـەدا کەمترین قسەی دەکرد، ئەو وەك خۆی دەیوت ئامانجی گەورەی هەبوو شـتی بچوك لـەسەر ڕێگای نەدەبوونه کۆسپ و تەگەرەو نەیدەکردنه مەسەلـەی بنەڕەتی،
بەمجۆره ڕۆژ دەهاتوو ڕۆژ دەچوو،هەرکەسەو خەریکی ژیانی خۆی بوو،
کاروان جگه لـه خوێندنگا چوونه دەرەوەو کۆبوونەوەو گفتوگۆکانی لـەتەك هاوبیرەکانیدا، لـه بێریتان قەدەغه کرد.
بێریتان بەمه هیچ نەڕووخاو ناوە ناوە لــه خوێندنگـه لـەتـەك هاوڕێکـانی یـەکتریان دەدیـی و ڕاو بۆچـوونیان دەگۆڕییەوە، کتێب و بڵاوکراوەی فکریی و گۆڤارو ڕۆژنامەیان ئاڵوگۆڕ دەکرد، به تێرو تەسـەلیی ڕەخنـەیان لـەیەکتری دەگرت و تاوتوێی ئیشوکارو چالاکییەکانی گروپەکەیان دەکرد.
ڕۆژێك که لـه خوێندنگاوە دەگەڕایەوە بۆ ماڵـەوە، کوڕێـك کـه پێـشتر لــه خوێنـدنگا هـاوپۆلیی بـوو، بـه ئۆتۆمبێلێکی مۆدێل بەرزەوە هاته بەردەمی و وتی: بێریتان خان بێزەحمەت سەرکەوە هەم ئەتگەیـەنم و هـەمیش هەندیَ قسه دەکەین و که زۆر گرنگه بۆ من،
بێریتانیش بزەخەنەیەکی دروستکراوی بۆ کردو وتی: بێزەحمەت جەنابت فێربه کاتێك لـەتـەك کەسـێکدا قـسه دەکەیت به ڕێزەوە قسه بکە،

کوڕەکە کە ناوی هێرش بوو بە سەرسوڕمانەوە وتی: بۆ مەگەر چ بێڕێزییەکم کردووە؟!
بێریتانیش وەك ئەوەی وەڵامەکەی ئامادەکردبێت خێرا وتی: نەك بێڕێزو بەس بەڵکو نەزانیشی، چونکە نەتزانی خەڵەڵەکەت لە کوێدایە.
هێرش چونکە تینووی قسەکانی بێریتان بوو دەستبەجێ وتی: ئادەی بۆم ڕوونکەرەوە،
بێریتان وتی: ئادەی دابەزە خوارەوە با تێتگەیەنم،
هێرش دابەزیی و لە شپرزەییدا دەرگاکەی دانەخست،
بێریتان وتی: هێرش گیان، فێربە بۆ جارێکی دیکەت کاتێك گەرەکتە لەتەك هەر کەسێك قسە بکەیت، سەرەتا لە ئۆتۆمبێلەکەت وەرخوارەوەو پاشان سڵاو بکە، دواتر مۆڵەتی قسەکردن وەرگرە، ئینجا بزانە کە جەوەکە جەوی ئەو جۆرە قسانەیە کە تۆ ئامانجتە بیانکەیت یان نا.
هێرش کە چاوەڕێی ئەم جۆرە قسە ڕەسمایاتانەی لە بێریتان نەدەکرد سەرسام بوو، وتی: ئەم هەموو ڕێو شوێنەی دەوێت بۆ دوو قسە؟!
بێریتانیش بێ ئەوەی چاوەڕێی تەواکردنی قسەکان لە هێرش بکات وتی: بۆ دوو قسە بۆ یەك قسەش دەیەوێت، چونکە ئێرە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، لێرە ژن و کچ جەستەیان و هەڵسوکەوتیان و قسەکردنیان و هاتنو چوونیان، وەلحاسڵ دارو بەردیان عەیب و عەورەتەو ئێمەش ناچارین وەك خۆگونجاندن لەتەك ئەم کۆمەڵگا داخراوە فکر سەقەتانەدا سەنگەرێکمان هەبێت و خاوەنی ئیرادە بین، ناچارین حەزەر لە هەر شت و هەرکەس بکەین و ناتوانین بڕوا بە کەس و متمانە بە هیچ دۆخێك بکەین،
بۆیە هێرش گیان ئەو ڕاستییە بزانە کە سەرەڕای ئەوەی ئێمەی کچان زۆر بڕوامان بە عەشق و خۆشەویستیی و میهرەبانیی و ڕۆمانسیەت هەیە، بەڵام هێشتاش گرتنی (مەکی دووپشك) ئاسانترە لە کۆنترۆڵکرنی ئێمەو فریودانمان بە قسەی لوس و باق و بریق و درۆی خۆشەویستیی و سەروەت و پارەو ماڵ و ئۆتۆمبێل، چونکە وەك وتم ئێرە ڕۆژهەڵاتەو کچ و ژن زیاتر وەك ئامێرو کاڵا مامەڵەیان لەتەکا دەکرێت نەك وەك کائینێك و ڕۆحێك و وجودێکی خاوەن ئیرادە، لە ڕاستییا ئەمە نەك بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکو بۆ جیهانیش ڕاستە، چونکە سەرمایەداریی لە هەموو جیهانا هەموو جار جۆرەکانی چەوساندنەوە لەسەر ژن نوێ ئەکاتەوەو پەیڕەو ئەکات.
دوای کەمێك بێدەنگی، بێریتان کتێبێکی دەرهێناو وتی: هێرش گیان لە بری ئەوەی پۆز بە دەڵەمەندییەکەتەوە لێبدەی، لە لاوازییەکەت تەریق ببەرەوەو ئەم کتێبەش دیاریی منە بۆ تۆ، هیوادارم بە سنگێکی فراوانەوە لێم وەرگرییت و هەمووی بخوێنیتەوە، ئەگەرچی کەمێك وشکەو ئەزێتت ئەدات، بەڵام دواجار سودێکی باشی بۆ جوڵەی فکرت ئەبێت.
ئیتر بەم دانو دۆوە لەیەك بڕان.
لە ماڵەوە تا دەهات فشارەکان لەسەر بێریتان لە لایەن مامیەوە بە پشتگیریی خزمەکانی زیاتر دەبوون، تا گەیشتە ئەوەی کە کاروان ئێوارەیەك بە بێریتانی وت: هیچ قسەیەك ناکەیت و دەبێت شوو بکەیت، بەیانی

دێنە داوات و هیچ بواری نارەزایەتیشت نیەو دەبێت شوو بکەیت، یان شوکردن یـان دەرکـردن و مـاڵوێران بوون و کەوتنە بەر دەرگای خەڵك،

بێریتان زۆر بەدڵ گەرمییەوە وتی: من بە هیچ شێوەیەك نایەمـە ژێـر بـاری فـەرمانی تـۆو ئـەم قـسانەش هـیچ بەهایەکیان نیە لام، خۆزگە مامێکی بەڕێز دەبوویت و جێگای باوکمت بۆ دەگرتمەوە تا منـیش وەك برازایـەك ڕێزو حورمەتت بخەمە سەرچاوم و هەست بە خوێن و ڕەگی باوکم لـە جەستەی تۆدا بکەم، بەڵام کە تـۆ بـەو جۆرە نیت و وەك دوژمن و دێوەزمەی سەر سەرم وایت و لـە ئێستاوە خەمی بەخێوکردنی منتە، منیش ناچـارم هیچ حسابت بۆ نەکەم و وەك تەوارێکی سەر چیا لێت یاخیی بم، چونکە منیش ئینسانم و کۆیلە نیم.

کاروان زۆر بێ ئەدەبانە پەلاماری بێریتانی داو دەستی گەیشتە قژی و ڕایکێشاو کەوت، تـا شـادیی مـامۆژنی فریاکەوت، بەدەم قسەو هەڕەشەو جنێوەوە سێجاری هەڵگرت و کێشای بە عەرزا،

شادی دەستی کاروانی گرت و بێریتانی لە باوەش گرت و چەند ماچێکی کرد،

بێریتان لـەتەك کۆکردنەوەی قژیدا وتی: بەوەیا مەنازە کە پیاویـت و گوایـە بـەهێزیی، هـەر ئـەوەی کـە مـن تەسلیمت نابم و نایەمە ژێر فەرمانت، نیشانەو بەڵگەی ئەوەیە کە تۆ لاوازو بێهێزو منیش پۆڵاو بەهێزم.

بە دەم ئەم شەڕو بۆڵە بۆڵانەوە، بێریتان دەستی بە کۆکردنەوەی کەلوپەلـەکانی کـرد، لـەودیویش مـامۆژنی لـەتەك مامە کاروانییدا شەڕی بوو،بەرگرییەکی باشی لە بێریتان دەکردو لە قسەکانییدا وتـی: هـەزار مامـەی وەك تۆم هەبێت، وا ئەزانم بێکەسم، زۆر ناکەس و ناڕەسەنی، داوەشـێی ئـاوا ئەمانـەتی بـرای جوانەمـەرگت ئەپارێزی؟

کاروانیش زۆر بێباکانە وتی: من هەتیوخانەم دانەناوە، بۆیە ئەبێت شوو بکات و هیچ قسەشم ناوێـت، ئەگـەر بێت و وا نەکات، وای لێ ئەکەم پەشیمان ببێتەوە لـە ژیانی خۆی، ئەسڵـەن باوکیشی هەر کێشە بوو بۆ ئێمە، دایکیشی بە هەمان شێوە، ئیتر تاقەتی ئەم فس فس پاڵـەوانانەم نیە، ئەمانە زۆر لـە خۆڕازیی و لوتبەرزن.

شادی خان زۆر بە توندیی چوو بە گژی کاروانا وتی: ئەك ڕەبـی داوەشـێیت، هیـچت نەهێـشتەوە بـۆ وتـن، ئەسڵـەن ئەو کەمە ڕێزو حورمەتەی کە هەمانە هی ئەوانە نەك تۆی پولـەکی.

بێریتان بێ ئەوەی کەس ئاگادار بکاتەوە، بە وردیی بەرنامەی هەڵهاتنی لـە ماڵ داناو بڕوای بە ژیـانی نـاو ئـەو ماڵە نەما، بۆ کوێ دەڕوات و دەچێتە لای کێ؟ هیچیان ڕوون نین،

هەندێك پارەی هەبوو کە پێشتر لـە دایکییەوە بۆی مابووەوە، بەو بـڕە پـارە ماوەیـەك دەژیـا، بـەڵام دوورکـە وتنەوە لـە خزم و کەس بۆ کچێکی وەك بێریتان زۆر قورس دەکەوێت بە تایبەت لـەم کۆمەڵگادا،

لـەم کۆمەڵگادا بڕیارەکان هەر زوو دراون و تاکەکان تەنیا وەك ڕۆبۆتێك دێن و دەچن.

# کتێب هاوڕێیەکی بێدەنگ و سودبەخش

دوای کۆکردنەوەی تەواوی ئەو کەلوپەلانەی کە پێویستی بوون لەتەك هەندێ نان و تەماتە، لە نیوەشەودا بێریتان هەڵهات و بەرەو جێگایەکی دوور لە لە ناوچەکەی خۆیان ڕۆشت،
هێندە بە پێ ڕێی کردبوو تەواو ماندوو، شەکەت و بێهێز ببوو،
قاچەکانی لە دوای نەدەڕۆشتن، جگە لەوەی کە کەشو هەوا زۆر ساردبوو ڕێگاکەش زۆر ناخۆش و ناقۆڵا بوو بە تایبەت بۆ بێریتان کە ڕوون نەبوو بۆ کوێ دەچێت و کۆتایی ڕێگاکەی کوێیە!،
بە درێژایی شەو ڕێی کرد دواجار گەیشتە خانووەیەکی بچوك کە لە تەنیشت بیرێکەوە بوو، بیرەکە بیری بێستانی شووتی بوو، خانووەکە هیچ پێداویستییەکی تێدا نەبوو،
بڕێك لە نان و تەماتەکەی خۆی خواردو هەندێ جلی زیادەی لەبەرکردو بە ترس و لەرزەوە بە ناچاریی خەوت،
کاتێك بەخەبەر هات ڕۆژ گەیشتبووە عەسر، لەترسی ئەوەی کەشف ببێت ناچار هەر لەو جێگایە مایەوە، بەڵام دۆشەك و بەتانییەکی پیس و خۆڵاویی لە دەرەوەی خانووەکە دیەوەو چوو هێنای، هەرچەندە زۆر پەڕپووت بوو بەڵام بۆ ئەو باش بوو،
تا دنیا ڕووناك بوو کتێبی خوێندەوە، کتێبەکە لەسەر (پەیداکرنی ئومێد لە بێ ئومێدییدا) بوو،
لە جێگایەکدا دەڵێت: بوونی هیوا بۆ کەسێکی بێکێشەو لە دۆخێکی ئارام و هێوردا هیچ تایبەت نیەو مایەی سەرسوڕمان و گرنگیی پێدان نیە، بەڵکو لە کەشو هەوای وێرابوون و داڕووخاندا بوونی ئومێدو هیوا گرنگ و مایەی سەرسوڕمانە،
کات درەنگ بوو، ئەو بەشەی لە نان و تەماتەکەی کە پێی مابوو خواردی و کات گەیشتەوە ئێوارەو خۆی تەپاندە نێوان ئەو پێخەفە پیس و پەڕپووتانەو تا نیوەشەو خەوت،
لە دەنگ و تەقە تەقە وەخەبەر هات، لە تاقە بچوکەکەوە سەیرێکی دەرەوەی کرد، ڕەشەباو تەقە تەقی شتەکانی ئەو ناوە تێکەڵ بوو،
هەموو کەلوپەلەکانیی و جلەکانی کە لەبەر سەرما لە خۆی ئاڵاندبوون کۆکردەوەو هێواش هێواش دەستی بە ڕێکردن کردەوە،
تەوژمی ڕەشەباکە هێندە زۆر بوو هەندێجار کەمێك بە لایەکی ترا ئەیبرد، شەوێکی تاریك و ڕێگایەکی نادیار، بەڵام بێریتان هەمیشە ورەو ئیرادەو هیوای دەدایە خۆی و بڕوای بە تیۆری خۆگونجاندن لەتەك بارودۆخ هەبوو، بۆیە سات لە دوای سات سەرەڕای نالەباریی کات و شوێن و ڕێگاکە، بێریتان گەرمتر دەبوو لەسەر ڕۆیشتن و زیاتر سورتر دەبوو لەسەر بڕیارەکەی،
دەمەو بەیانی لە کەشوهەوایەکی زۆر ساردو ناخۆشدا کە گەیشتبووە قەراغ جادەیەکی گشتی، تەکسییەك بۆی ڕاوەستاو سەری خست،

به سودوەرگرتن لە کات و تەمەن و ڕەگەزی بێریتان، شۆفێرەکە کەوتە قسەی سەیرکردن لەتەکییدا، تا گەیشتە ئەو جێگەیەی کە ناماقولییەکی گەورەی کردو وتی: کچان لە تەمەنی تۆدا زۆر جوان و خۆشن و ماڵی سێکس و ڕابواردنن،
بێریتان کە لە تورەیی و پەستییدا هەموو دەمارەکانی جەستەی ئاوسابوون وتی: قسەکەت ڕاستەو منیش زۆرم حەز لە سێکسە، بەڵام هەموو پیاوێك لە زمانی ئێمە تێناگات،
شۆفێرەکە بە خێرایی قسەکانی بە بێریتان بڕی و یەك ئیستۆپی گرت و وتی: گیانی من، بەرخەکەم چاوەڕێی چییت؟ دەی وەرە پێشەوە بۆ لام،
بێریتانیش هیچ خۆی تێك نەداو چووە پێشەوەو بە هێمنیی دانیشت،
شۆفێرەکە کە تەمەنی باوکی بێریتانی هەبوو، بەدەم قسەی قۆڕو سێکسییەوە دەستی بە لێخوڕین کردو لە ناو قسەکانییدا وتی: دەبێت لە زمانی کچان بزانیت و لێیان تێبگەیت، من وەکو خۆم تاوەکو ئێستا ئەگەرچی سەرەتا زۆر توندو ڕەق بوون بەڵام دواجار دەیانی وەك تۆم ڕاهێناوەو لە کۆتاییدا لە باوەشی گەرممدا خۆیان دیوەتەوەو ئیتر بوونەتە هی من،
بێریتان کە وەك پشکۆیەکی سوری ئاگر وابوو، تا دەهات تورەترو گەرمتر دەبوو، بەڵام نەیدەهێنایە سەرخۆی، چونکە دڵنیا نەبوو کە بەسەر ئەو پیاوەدا سەرەکەوێت یان نا!
پێش ئەوەی بگەنە ناو شارەکە، شۆفێرەکە ئۆتۆمبێلەکەی ڕاگرت و بە نەرمی دەستی هێنا بۆ ملوگەردنی بێریتان،
بێریتانیش خێرا خۆی بردە ئەولاوەو چاوی سوڕەدا بۆ شتێك کەوەکو چەك کەڵکی لێوەرگرێت،
لە پڕ بۆنێك (موعەتەرێك)ی بەرچاو کەوت، بە خێرایی دەستی دایەو بە نیازبوو کە بیرژێنێتە ناو چاویی و کوێریی بکات، بەڵام قوتووەکە خاڵیی بوو، بۆیە زۆر بە توندیی کێشای بەناوچەوانییداو کەمێك گێژ بوو، هەر خێرا دوای ئەوە یەکێك لە کتێبە گەورەکانی لە بوخچەکەی دەرهێناو چەند جارێك بە توندیی و بە هەموو هێزی خۆی پشتی کتێبەکەی کێشا بە سەری شۆفێرەکەداو بوراندیەوە، بە پەلە لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزیی و دەستی بە ڕاکردن کرد،
هێندەی نەمابوو بگاتە ناو شارەکە گەیشتە ژنە جوتیارێك کە دەرمان و کووتی دەکرد بە دەغڵ و دانەکەیەوە، ژنەکە بەرەو ڕووی هات و وتی: کچی خۆم ئەوە چیت لی قەوماوە؟ خێرە ئاوا شپرزەو هەڵبڕکاوی؟
بێریتان کە تەواو ماندوو ببو، بە هەناسەبڕکێوە وتی: دایە گیان بمشارەوە تێت ئەگەیەنم،
ژنە جوتیاریش خۆی ئاسایی دەستی بێریتانی گرت و بە خێرایی بردیە ناو کوخێکەوە،
کوخێکی گەرم و خۆش، کترییەك چایی لەسەر زۆپایەکی بچوکی دار بوو زیکە زیکی دەهات،هەرچەندە کوخەکە بە دارو قامیش دروستکرابوو، وە زۆر توندوتۆڵ نەبوو، بەڵام شوێنێکی هەتا بڵێی ئارام و گەرم و خۆش بوو بۆ بێریتان،

ژنە جوتیارەکە زۆر ژیرو دنیادیدەو خاوەن ئەزموون بوو، بۆیە خێرا کوخەکەی جێهێشت و وتی: کچی خۆم بۆ ئەوەی کەس شکمان لیێ نەکات، دواتر دێمەوە لات، تۆ خۆت گەرمکەرەوەو پاشان چایی و نانیش بخۆ، منیش کار دەکەم، بەمجۆرەش چاوی کەسمان نایەتەسەر.
بێریتان دوای ئەوەی گەرمی بووەوە، دەستی بە نان و چاخواردن کردو تەواو ئارام بووەوە، کەلوپەل و کتێبەکانی لە ناو کوخەکەدا جێهێشتن و چوو بۆ لای ژنە جوتیارەکە،
ژنە جوتیارەکە بە تورەییەوە بەرەو ڕووی بێریتان هات و وتی: کچی خۆم ئەوە بۆ هاتیتە دەرەوە؟ مەگەر تۆ لە کەسێك ڕاناکەیت؟
بێریتانیش بە ڕووە گەشە جوانەکەیەوە وتی: دایە گیان هاتم بۆ ئەوەی یارمەتیت بدەم و خۆم نەگرت تۆ کار بکەیت و منیش لەو جێگە گەرمەدا پاڵکەوتبم.
ژنە جوتیارەکە کە ناوی ئافتاو بوو، زۆر بەمە دڵخۆش بوو وتی: ئافتاو بە قوربانت بێت، تۆ لە کیژی ئەم سەردەمە ناچی.
بێریتان و میم ئافتاو، پێکەوە دەستیان بە کار کردو تا نیوەڕۆ بەردەوام دەجوڵان و قسەیان دەکرد، بێریتان باسی ژیان و بەسەرهاتی خۆی بۆ میم ئافتاو کرد، میم ئافتاویش ناوە ناوە جگە لە بەڵێ کردن باسی بەشێکی ژیانی پڕ لەکەسەری خۆی  بۆ بێریتان دەکرد،
جار جار میم ئافتاو هەندێ پەندی پێشینانی ئەخستە ناو ڕستەکانیی و بێریتانیش قووڵ ئەبووەوە لەو پەندانەو بە دیدێکی فەلسەفییانە لێیانی ئەڕوانی.
دوای خواردنی نانی نیوەڕۆ، میم ئافتاو وتی: بێریتان گیان من وەکو کوێر وام و خوێنەوارییم نیە، حەزەکەم ئەگەر تاقەتت هەیە کەمێك کتێبم بۆ بخوێنیتەوەو منیش دوورو نزیك ئەگەر شتێك حاڵیی بووم بەشداریی ئەکەم.
بێریتانیش کە جگە لەوەی خۆی هیوایەتی خوێندنەوەی کتێب بوو و ئاواتیشی ئەوەبوو کە کەسێ گوێی لێبگرێت و کەمێکیش بێت لێی تێبگات،
بۆیە ماوەیەکی درێژ بێریتان سەرقاڵی خوێندنەوەی کتێبێك بوو کە لەمسەر بۆ ئەوسەری پرسیاری ئاڵۆزو بڤە بوو، میم ئافتاویش ئەگەرچی دەتوت گوێزی بۆ دەژمێری چونکە تەقەی سەری دەهات لەو باسانە، بەڵام هەر سەرقاڵی گوێگرتن بوو،
لە پڕ وتی: ئەرێ کچەکەم تۆ چۆن لەم قسانە تێ ئەگەی؟ خۆ ئەڵێی زمانی جنۆکەیە،
بێریتانیش بە هێمنی پەرچەمی کە چاوی ڕاستی داپۆشیبوو لاداو وتی: میمی گیان ئەمانە بابەتی فەلسەفەو فکرن و بۆ ئێمەی بە حساب خوێنەواریش قورس و وشك و ئاڵۆزن، چ جای بۆ ئێوە،
میم ئافتاو وتی: هەیەڕۆ کچم فەلسەفە کفرو ئەو شتانە نیە خۆ؟،
بێریتان بزەخەنەیەکی فریشتە ئاسای کردو وتی: نانا بە پێچەوانەوە ڕێبازی هەموو پێغەمبەران بە جۆرێك لە جۆرەکان پەیامی فەلسەفییانەی تێدابووە،

ئەوەتا خوا بە پێغەمبەری ئیسلام حەزرەتی موحەممەد ئەڵێت: بانگی خەڵکی بکە بۆ ڕێگای خوداکەت بە حیکمەت، حیکمەتیش واتە فەلسەفەو فکرو لۆژیك،

میمی گیان، ئێمە ئەگەر ورد ببینەوە لە پەیامی هەموو ئاینەکان و هەموو پەڕتووکە ئاسمانییەکان و پەیامی فەلسەفەش، ئەوا دواجار هەموویان بۆ خزمەت و بەرژەوەندیی و ئاسودەیی تەواوی مرۆڤ و کۆی ئافرێندراوانە.

میمی ئافتاویش بە سەر لەقاندنێك وەك ئاماژەی بڕواکردن بە قسەکانی بێریتان، ئهمێکی درێژی بۆ کرد.

## میم ئافتاو، ژنێك وەك شەكەر

كات گەیشتە عەسرو بێریتان كەلوپەلەكانی كۆكردەوە كە بڕوات، بەڵام میم ئافتاو بە هیچ شێوەیەك ڕێگەی نەداو بەم قسانەی زۆر نیگەران بوو، دواجار وتی: كچی خۆم لانی كەم ئەمشەو لای ئێمە بمێنەوە بەیانی قسەیە تر دەكەینەوە.

بێریتانیش هەرچەندە بە تەمەن مناڵ بوو بەڵام سروشتی كۆمەڵگاو بیركردنەوەی خەڵكی باش دەناسیی و دەزانی، بۆیە وتی: میم ئافتاو تكایە با نەبمە كێشەو ئاژاوە بۆ ماڵی ئێوەش، من خۆم چارەسەر دەكەم، ئێوە خەمتان نەبێت، ڕێگام بدەن،

ئەمجارە میم ئافتاو توڕە بوو وتی: ئەریٚ تۆ من بە بەشەر نازانی؟

بێریتان خێرا وتی: نا نا حەدم نیە، مەگەر لە تۆ بەشەرترم دیوە؟

میم ئافتاویش بە هێمنییەكی دایكانەوە وتی: دەی كچی خۆم با بڕۆینەوە بۆ ماڵ و لامان بمێنەوە، تا سبەینیٚ خوا ئەمێنیٚ و موڵكی.

وردە وردە ڕۆشتنەوە بۆ ماڵ، ماڵی میم ئافتاو لە گوندێكی بچوكی نزیكەشار بوو كە بە كارگەو كۆمپانیاكانی سیستەمی وێرانكەری سەرمایەداریی كە تەنیا ئامانجیان قازانج و كەڵەكەكردنی سەرمایەیە، دەور درابوو، بەڵام چونكە هەڵكەوتەكەی تایبەت و خۆش بوو، كارگەو كۆمپانیاكان ژیانە ئاساییەكەیان فرە تێك نەدا بوو، كاریگەییان هەبوو، بەڵام زۆر نا،

گوندێك كە ژمارەی خانووەكانی لە ژمارەی پەنجەكانی دەست تێنەدەپەڕی، گوندێكی ئارام و سروشتێكی جوان و نوقمبوو لە دارو درەخت و كەمێكیش گردەڵان و بەرزو نزمیی هەبوو،

ئێوارانێكی تایبەت و قەشەنگ و جوانی هەبوو، وەك ئەڵێن لاڵی ئەهێنایە زمان و ئەیكردە شاعیرو هونەرمەند و نیگاركێش.

میم ئافتاو هاوسەری هەبوو، دوو كچ و كوڕێك، كچ و كوڕێكی منالٚ بوون و كچەكەی تریشی تەمەنی ١٧ ساڵ بوو، هەر زوو بێریتان چووە دڵیانەوەو تێكەڵیان بوو، چونكە بێریتان جگە لەوەی زۆر خوێنشیرین بوو، بەو تەمەنە كەمەوە زۆریش كۆمەڵایەتیی بوو، زۆر بە خێرایی تێكەڵاوی كەسەكان دەبوو، وەك شتێك زمانی هەمووانی ئەزانی، هەمیشە حەزی لە قسەو گفتوگۆ بوو، ئەوەندە شیرینگوفتار بوو مرۆڤ لە دیداری تێر نەئەبوو،

بۆیە هەر ئەو شەوە لەتەك كچەگەورەكەی میم ئافتاو كە ناوی خۆراسان بوو، بوونە ئاشنای یەكترو كەوتنە گفتوگۆو مشتومڕ،

خۆراسان كچێكی كەمێك شپرزو پەلە پەلكەر بوو، واتە گەرەكی بوو بە كەمترین كات زۆرترین كار بكات، وە بە كەمترین كات زۆرترین قسە بكات، پرسیارو گومان و لێكدانەوەی زۆر بوو، وە بۆ گەیاندنیان زۆر بە

پەرۆش بوو، هێندە خێرا قسەی دەکرد کە هەندێکات بۆ تێگەیشتن لێی، بێریتان ناچار بوو بێژێت وتت چی؟ مەبەستت چیی بوو لەو قسە؟ یان بێژێت چۆن؟ ها؟،
بێریتان و خۆراسان وەك ئەوەی بڵێی یەکتریان دۆزیوەتەوەو پێویستیان بە قسەو ڕای یەکترە، تا نیوەشەوێکی درەنگ هەر مشتو مڕیان بوو،
لە هەمووی گرنگتر ئەوە بوو کە خۆراسان لە گەرمەی قسەکانیاندا لەسەر سەرکەوتن و هیواو ئومێد وتی: زیاتر لە نەیارانی سەرکەوتن و ئازادیی و گۆڕانکاریی، بێهیواکان دوژمنی سەرکەوتنن، دوژمنی گۆڕانکارییین، چونکە هەمیشە ڕوخاون و تۆوی بێئومێدیی لە کۆمەڵگادا دەچێنن و هەنگاوەکانی سەرکەوتن خاو دەکەنەوە، بێهیواکان تەمەڵەکانن، ئەوانەی کە هیچ کات ئەزموونی هەنگاوی دووەمیان نیەو هیچ کاتیش ئامادەی ئەوە نین کە بچوکترین قوربانیی بدەن،
تۆزێك وەستا لە قسەکردن و پاشان دەستی پێکردەوە: بێریتان گیان، بێهیواکان لە هەمووی خراپتر ئەوەیە بیرکردنەوەو ڕامانیان نیە گومان و پرسیاریان نیە، ئاخر لە هەر جێگایەك گومان نەبێت، پرسیاریش نیە، لە هەر جێگایەکیش پرسیار نەبێت وەڵام ئەسڵەن شوێنەوارێکی نیە،
ئێمەی ئینسان بۆ ئەوەی بگەینە مەعریفەیەکی باش لەسەر هەر بابەتێك، ئەوا پێویستە تەمەڵ و تەوەزەلانە دانەنیشین و چاوەڕێی زانیاریی کۆپیی نەکەین، بەڵکو خۆمان بیربکەینەوەو گومان بئافرێنین و دواتریش دەریایە پرسیار ببارێنین و ئینجا لە ئەنجامی وەڵامەکان چاوەڕێی مەعریفەیەکی باش و بەسود بین،
من لەتەك ئەوەدا نیم کە هیچ زانیارییەکی پێش خۆمان ڕەت بکەینەوە، بەڵکو ئامانجمە کە خۆمان وەك پەیکەرێکی بی ئاوەزو بێ جوڵە نەبین و خۆمان بفکرین و بفامین.
بێریتان کەمێك لەم قسانە ڕاماو وتی: دەی کەوابێت جەنگی یەکەمی ئێمە پێویستە لەتەك بێهیواکان بێت؟ یان لەتەك دژبەرانی پێشکەوتن بێت و لەو نێوەندەدا بێهیواکانیش بە سەرکەوتنەکانمان هیوادارو بەشداری شۆڕشی ڕۆشنگەریی و فکریی پێبکەین؟
خۆراسان کە بە دوو پەنجەی دەستی ڕاستی نێوچەوانی دەشێلاو بە دەستی چەپیش یاریی بە لاپەڕەکانی کتێبەکەی بەردەمی دەکرد وەك ئاماژەیەك بۆ تێفکرین، وتی: بۆ نا؟ لە ڕاستییدا دەکرێت بە هەردوو باردا کارەکە ئەنجام بدەین و ئەنجامگیر بین و بگەینە وێستگەی سەرکەوتن، واتە دەکرێت سەرەتا ڕەگی ژیانی بێهیوایی لەسەر کۆی بابەتەکان لە کۆمەڵگادا ببڕین و تا دەتوانین لە ئامانجی ناڕوونی بێهیواکان بدەین و سەرچاوەی ئیلهامیان کە پوچگەراییەکی بێ مانایە وشك بکەین و دواتریش بکەوینە سەر ڕاستەڕێی شۆڕشەکەمان کە مەحفکردنەوەی کۆنەپارێزو سەرمایەدارو ستەمکاران و دروستکردنی کۆمەڵگایەکی ئازادە کە ژن و پیاو، ڕەش و سپی و تەنانەت ئاژەڵان و دارو درەخت و ژینگەو سروشتیش تێیدا ئازادو خۆشبەخت و پارێزراو بن، کۆمەڵگایەك کە هەمووان تێیدا ئازادبن لە مومارەسەکرنی هەر شتێك کە خۆیان دەیانەوێت تەنیا بە مەرجێك کە نەبێتە هۆی ئازار بۆ بەرامبەر یان بۆ کەسێك و مەخلوقێك و سنوری هیچ وجودێکی تێدا نەبەزێندرێت بە هیچ بەهانەیەکی زەمینیی و ئاسمانی،

لە کاتی ئەم قسانەی خۆراساندا بێریتان بە جۆرێك خۆشحاڵ بوو کە دەگریا و تی: ئایی چەندە خۆشحاڵم کە قسەی فکرو دڵ و ناخی من دەکەیت و ئەوەندە هیواو ئیرادەت هەیە، ئاااى چەندە شادم کە تۆیەکی گەنج لەم گوندەدا ئاوا فراوان و گەردونییانەو ئەخلاقییانەو لە هەمووشی گرنگتر فەلسەفییانە بیر ئەکەیتەوە.

خۆراسان هاتە پێشەوەو توند باوەشی دا لە بێریتان و وتی: ئێمەی کچان و ژنانی خاوەن ئیرادەو باوەڕمەندی گۆڕانکاریی لە کۆمەڵگا زۆرین، وەلێ تەنیا ئەوەمان کەمە کە پەرتەوازەو بڵاوین و یەکتری ناناسین و دوورین لەیەکترەوە، ئەگەرنا ئەم هەموو پەنجە ناڕازیی و یاخیی و نوێخوازە دەبووینە مستەکۆڵەیەکی بەهێزو خۆمان دەکێشا بە دڵ و ڕۆحی ساردی ئەم سیستەمە سەقەت و ئازادیکوژو پرسیارکوژو گوومانکوژەی کۆمەڵگاداو لە جێی ئەوە سیستەمێکمان ئاوا دەکرد وەك ئەو بەهەشتەی کە پێغەمبەران لە پەیامەکانیانا وادەیان پێداوین.

بێریتانیش کە هێشتا لە باوەش و ئامێزی گەرمی خۆراسان نەبوبۆوە وتی: خۆراسان گیان، ئێمە نابێت بێهیوا بین ئەها پێغەمبەری ئیسلام چەند تەنیاو نامۆ بوو، چەندە بێکەس مایەوە، چەندە ئازار دراو چەندە ئیهانە کرا، هەموو خەڵکیان لێ تۆراند لە کاتێکدا یەکێك بوو لە باشترین ئینسانەکانی ئەو کاتی جیهان، بەجۆرێك تەنیا کرایەوە کە کۆیلەو مەزڵومەکان نەبێت کەسێکی وای لە دەور نەمایەوە، نزیککەوتنەوە لە موحەمەد بوە عەیبەیکی گەورە لە ناو ئاغاو سەردارە ساختەکانی قوڕەیشا، بەڵام بە هیواداریی و سووربوون و کۆڵنەدان و پەیڕەوکرنی بنەماکانی ئەخلاق و ئینسانیەت گەیشت بە چی؟

دوواتر وای لێهات نەك لە ناو قوڕەیش، بەڵکو لە تەواوی ناوچەکەدا لەگەڵ موحەمەد نەبوون یەکسان بوو بە لەگەڵ مەعریفەو عەدل و بەختەوەریی ئینسان نەبوون،

ئەها کارڵ مارکس بە تەنیاو دواتر لەتەك ئەنگڵسدا گەیشتە کوێ؟ تەنانەت ئەو کەسانەی کە تەرمی مارکسیان بردە گۆڕستان، ژمارەیان لە پەنجەکانی دەست تێ نەئەپەڕی،

بەڵام دواتر وای لێهات کە هەر شۆڕشێك لە جیهانا ڕێبازەکەی مارکسیزم نەبووایە بە کۆنەپارێزو شکستخواردوو ئەهاتە ئەژمار،

ئەها عەبدوڵا ئۆجەلان(ئاپۆ) بە تەنیاو دواتر لەتەك هاوڕێکانییدا گەیشتە کوێ و بووە چی و توانی چۆن گەل و بە تایبەت ژنان وشیار بکاتەوە؟ ئەها لە گوندێکی بچوکەوە بوو بەو ئینسانە گەورەیەی کە کۆی دەزگا سیخوڕییەکانی جیهانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کرد، ژنانی لە کابانی ماڵەوە هێنایە سەر تەختەی شانۆی فەرمانداریی داستانی گەورە گەورە، کچانی لە ترسان لە مشکەوە گەیاندە ئەوەی کە هێزە گەورە سەربازییەکانی جیهان لێیان بترسن، ئەها جیڤاراو مامە ڕیشە چونکە ئومێدیان هەبوو، شۆڕشگێر بوون پاك و ڕاست بوون، بوون بە چیی و گەیشتنە کوێ؟ ئێمە بەر لە هەر شتێك پێویستە هیواو ئومێد بچێنین و دواتریش وردە وردە خۆمان پڕ چەك بکەین بە فکرو فەلسەفەو دین و بیروبۆچوونە جیاوازەکان،

ئەبێ وەڵامێکی دروست و شایستەی هەردوو پرسیاری چی بکەین و چۆن بکەین؟ بە تیۆریی (لە ڕووی فکریی و ڕاهێنانی زیهنیی و ئامادەکردنی مێشکەوە) و بە پراکتیکیی (لە ڕووی ڕاهێنانی جەستەیی و هونەری بەرگریی و وەرزشەوە) بدەینەوە.

ئێمە پێویستمان بە پەروەردەیەکی باش و دروست و وەڵامدەرەوەی داخوازییەکانمان هەیە.

..................................................................................................................................

..................................................................................................................................

..........................................................چی بکەین؟

چــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــۆن

بکەین؟..........................................................................................................................

..................................................................................................................................

..........................................................

وەگەرچی قسەکانیان ئەبڕزکان و خەو ئەیبردنەوەو ئەقرتا، بەڵام هەر بەردەوام بوون لە قسەو گفتووگۆو هەندێجاریش وڕێنەو باوێشك تا خەویان لێکەوت،

خەوێکی ئارام دوای ماندووبوونێکی زۆری ڕۆژگارەکانی ژیان،

دوای ئەو هەموو جوڵە جەستەیی و فکرییەی کە ئەم دوو کیژە کوردە دڵ پڕ لە هیواو زیهن پڕ لە ماناو خەیاڵی جوانە بۆ ئاواکردنی ژیانێکی بەختەوەر بۆ هەمووان.

هەریەکەو کتێبێکیان بەدەستەوە بوو، کاتێك خەویان لێکەوت کتێبەکان کەوتنە سەر دۆشەك و جێگاکانیان (بێریتان زۆر زۆر ماندوو بوو،بێ ئه وەی بزانێ چۆن و کەی ،لە سەر جێگاکەی خه وی لێکه وت،لە خەونیدا، هاوڕێیەکی دێرینی کە ناوی گەرمیان بوو، کوڕێکی سەرشێت و هاروهاج، بەڵام تا بڵێی ئەهلی کتێب و لە هەمان کاتا زۆر بەئەدەب و بەحورمەت و ئازاو بەغیرەت بوو، لە خەونییدا گەرمیان هاتەلای و وتی: بێریتان گیان دیارییەکی جوانم بۆت هاوردووەو زۆریش دڵنیام کە بەدڵتە، کتێبێکی فەلسەفیی زۆر جوان و قووڵە، ئەگەرچی ئەم کتێبە فەلسەفەیە بۆ منداڵان و زیاتر لە زمانی ئاژەڵانەوە باسەکان ئەگێڕێتەوە، بەڵام دڵنیام کە ئێمەی گەورەیش هەم زۆر کەڵکی لێوەرەگرین و هەمیش چێژی لێ ئەبەین، گەرمیان کوڕە گەنم ڕەنگە کەڵەگەتە قژخورماییەکە کتێبەکەی دایە دەست بێریتان و ڕۆیشت، لەسەر بەرگی کتێبەکە نوسرابوو (فەلسەفەی ئاژەڵان بۆ منداڵان) ،یەکێك لە بەشەکانی کتێبەکە کۆنگرەی یەکێتیی گیانلەبەران جگە لە مرۆڤ بوو، بێریتان دەستی کردە خوێندنەوە و تێڕامانی بە مجۆرە

مەڕ: بە جددی من سەرم سووڕماوە ،ئایا مرۆڤ کاتێك ئێمە سەردەبڕێت قەت گریمانە ی ئەوە ئەکات کە هەستی خۆی چۆن ئەبێت کاتێك بوونەوەرێکی لە خۆی زلترو ژیرتر ئه و یان منداڵەکانی ئەو سەربڕێت و بیانکاتە ژەمە خۆراکێك بۆتێربوونی سك ،لەکاتێکدا،هەزاران جۆری تری خۆراك هەیە؟

بزن:نا نا مەڕی هاوڕێم ،مرۆڤەکان قەت بیر لە شتی واناکەنەوە ،تەنانەت بیرکردنەوە لە وەها گریمانەیە کیش بە کوفر ئەزانن،نەك ئەمانە بەڵکو مرۆڤ هەر بیر ناکاتەوە ئیللا مەگەر کاتێك کە خزمەتی خۆی بێت و بەرژەوەندییەکی تری بخاتە سەر بەرژەوەندییە کانی تری.
مەڕ:ئمهم،کەواتە باشترین چارەسەر ڕاپەڕینە ،نەك چاوەڕوانکردنی ئومێدێك لە جوڵانی ڕەحمی مرۆڤ.
بزن:ئەو وتەیە ئەخەینە ناو پەیڕەومانەوە ،چونکە درووشمێکی ڕوون و بەسودە ،وە ئەبێ کاربکەین بۆی.
قالۆنچە :هاوڕێیان ،من ئەمەوێت لەوە تێبگەم کە مرۆڤەکان بە چ حەقێك تەخشان و پەخشانی سامان و وزە و خۆراك و سەرمایەی ئەم هەسارەی زەوییە ئەکەن؟.
دووپشك:قالۆنچە گیان ،بەو حەقەی کە ستەمکارو پاوان کار و دڵڕەق و خۆپەرەستن و هیچی تر.
مریشك:مەڕی ئازیز،بەڕای تۆ پێش مرۆڤ خۆمان چاك بکەین و خۆمان یەك بگرین و خۆمان بگۆڕین باشتر نیە؟ ئایا کەڵەشێرو بەران و خرت و قالۆنچە نێرە و دووپشکە نێرەکان هەمان ماف کێ بۆ خۆیانی ڕەوا ئەزانن بۆ ئێمەشی بە ڕەوا ئەزانن؟.
مەڕ:ئافەرین مرەگیان ،ئەمە زۆر گرنگە بۆ قسە کردن و بەڕێز ماکەریش بە وردی ئەمەی لەگەڵ ماین و دەڵە سەگ و مانگاو هەندێ هاوڕێ ی ترا تاوتوێ کردووە و وابزانم ڕاپۆرتێکی تێرو تەسە لیشیان لە و ڕووە وە ئامادە یە.
مریشك:بامن سادەترین نمونە بهێنمەوە ،پارساڵ لە هەموو گوێلە گەنمێك سێ یان چوار دەنکە گەنم ئەناشت ،بە مەش هیچ برسی نە ئە بووم و لە لایە ترە وە ژینگەم جوان ئە کردوو لە کۆتاییساڵیشا بووینە خاوەنی دەشتاییە ك لە گەنم ،چونکە یەك دەنك گەنم بەلایەنی کەمەوە سە ت یان زیاتر دەنکە گەنمی گرتبوو.
قالۆنچە:بەڕاستی ئەم کارەی خاتوو مریشك،کارێکی زۆر جوان و ئەخلاقی و گەردونییە.
دایکە مێرووچە:من سەرم لە وە سوڕماوە کە ئەڵێن مرۆڤەکان ژیرن و ئەتوانن لە هە موو زمانێ تێبگەن،ئەگەر وایە بۆچی کاتێك خۆیان و سوپاکانیان بەسەر شارە گەورەکانی ئێمە دا ئەڕۆن و وێرانی ئەکەن و ئێمەش بە دەنگی بەرز هاوار ئەکەین و ئەڵێین تکایە،بەسە وێران بووین،ڕایگرن،کەچی نە گوێیان لێ یە و نە تێش ئەگەن؟
ماکەر:خاتوو مێروولەی بەڕێز،کێ ئەڵێ مرۆڤەکان ژیرن؟چۆن ئەم ناوەیان لێ نراوە ؟ئایە ئەم ناوە ناوەڕۆکێکی ڕاستەقینەی ماناداری هەیە؟.
چۆلەکە:ئاخر هاوڕێیان لێرە یا پرسیارێك تێتە پێشەوە ،ئایا زانین خۆی لە ئەسڵا هەیهو مرۆڤەکان یان ئێمەی گیانلەبەران کەشفی ئەکەین؟یان نەخێر نیە و ئێمە و مرۆڤ بە دیی ئەهێنین و دروستی ئەکەین؟
واتە ئێمەی زیندەر ،بەدیهێنەری زانینین یان ئاشکراکەری زانین؟
مێرووچە:خاتوو چۆلەکە،لەڕاستییا هەرچەند بیرم کردە وە ،بەڵام بۆم ڕوون نەبۆوە کە ئەم پرسیارەی تۆ چ پەیوەندییەکی بە پرسیارەکەی منەوە هە بوو؟
چۆلەکە:باش.

مەیمون:مێروولەی بەڕێز،هەر مرۆڤەکان نین کەئەوەندە نەفام و نەزان و دڕندە ن کە گیانلەبەرانی بچوك ئەکوژن و ئەکەنە ژێر پێوە ،بەڵکو زۆرێك لە ئاژەڵان و باڵند و خشۆکە کانیش ئەم کارانە ئەکەن.
پڵنگ :لە پەراوێزی قسەکانی مەیمون خاندا،من ئە لێم باپێش ئەوە ی ڕە خنە لە بێعە قڵیی و نەزانیی و بێئخلاقیی مرۆڤەکان ،بگرین ،ڕەخنە لە خۆمان بگرین و خۆمان چاك بکەین.
زەڕافە خان:ئاخر ئێمە کە خۆمان ماڵمان لەشووشەیە ،بۆ بەرد بگرینە ماڵی خە ڵك؟.
کونەپەپوو:ئەریٚ ئێوە قەت بە ڕێگادا ڕۆشتوون و دەیان پرسیار سەبارە ت بە و ژیرە ڕووکەشەی مرۆڤ ،کە هیچ کات پەروەردەی لە گەڵا نیە و هە ر فێربوونە ،بە زیهنتانا بێت؟.
بزن: من جارێك بە گورگیکی هاوڕێم وت تۆ ئەڵێی مرۆڤی ،هە ر قسە ئەکەیت و هیچت لە بارانیە،باسی ژینگە ئەکەیت و خۆشت پیسی ئە کەیت ،باسی ئازادیی ئەکەیت و خۆشت بڕوات پیٚ ی نیە ،باسی یەکسانی ئەکەیت و خۆشت دژییت .گورگە کە ی هاوڕێم یە ك ساڵ قسەی لەگەڵ نە کردم و وتی : هە رچەنیش خراپ بم، هێشتا حە ق نیە پێم بلیٚ ی مرۆڤ.
گورگ:بزن گیان،گورگی هاوڕە گە زم ڕاست ئەکات ،چونکە مرۆڤە کان لە وە تە ی بونیان هە یە لە سە ر ئە م هە سارەی زە وییەجگە لە وێرانکردن و تاڵان کردن و کوشت و بڕ ،هیچ شتێکی تریان نەکردووە ،تەنانەت ئەوەشی کەناویان ناوە زانست و پێشکەوتن و کرانەوە و ئەم شتانە ،هیچ شتێك نیە جگە لە زیاد کردنی وە سیلە یە ك بۆ زیاتر کاولکردنی زە ویی و وێرانکردنی سروشت و بە تاڵان بردنی سامانی سەر زە ویی و ژێر زە ویی.
نەعامە : هاوڕێیان ئەگەر بەم قسانە بێت ،کەواتە مرۆڤ زانستی بە کەڵکی پێش نەخستووە ،بەڵکو زانستی وێرانکردن و دزینی سەروەتی ئە م هە سارەی گەشە پێداوە ،ئەریٚ وایە؟.
کەنگەر :بەڵیٚ بەڕایی من وایە.
هەڵۆ :ئەی چۆن وانیە؟مەگەر هەر ئەم بەناو پێشکەوتنە نیە کە بووەتە هۆی تێکچوونی تەوازنی هەسارە کەمان؟ ئەی هەر ئەم بە ناو پێشکەوتنە نیە کە بووەتە هۆی ڕووتانەوەی زەویی و هە ڵلوشینی ژێر زەوی و کون کون کردنی جەستەی زەویی و پیسکردن و کاولکردنی سروشت و ژینگەکەی ؟.
کۆتر: بەڵیٚ ئەمە ڕاستە ،ئێمەی باڵندە جاران لە دەست تە ق و تۆق و ماڵوێرانی مرۆڤ لە ئەرزە وە ئەفڕین بۆ ئاسمان ،کەچی ئێستا ئاسمانیشیان وێران و پیس و تەڵخ و تەماویی و دوکەڵاویی کردووە .
مەڕ:ئێمەی ئاژە ڵ و باڵندە و خشۆکە کان تەنانە ت پاشەڕۆکانیشمان سود و کەڵکن بۆ زەوی،ئێمە هەمیشە وە ك خزمەتکارێك خەریکی پاك کردنەوە و ڕێزگرتنی سروشتین، ئێمە هیچ کات هۆکاری پیسبوونی لە وەرگاکانی خۆیشمان نین.
شێر : هەرچەندە ئێمە زۆرکات ناومان بە دڕندە ڕۆشتووە،بەڵام لە کوشتنمان زیاتر بە وە ناڕەحەت دە بین،کە بمان چوێنن بە مرۆڤ،چونکە ئێمە لە سە دا یەکی مرۆڤیش دڕندە نین ،لە سەرە وە باسی شتێکتان کرد

مەسەلەی ناوو ناوەڕۆك، ئەبێ جارێتر بە و بابەتە دا بچینەوە ،كێ دڕندەیە ؟نائەسڵە ن دڕندەیی چییە؟ كاریگەری دڕندەیی لەسەر زەوی چییە؟لەسەر دە ورووبەر چییە؟

كڵاوكوورە: من چەندین جار گوێم لە مرۆڤەكان بووە،وتوویانە منداڵ كە ددانی دەرهات ،سنگی كڵاوكوورە و چۆلەكە و پۆڕ و كە وو ئەم شتانە بخوات زۆر باشە ،واتە هەر لە منالّییە وە دانە كانیان بە گۆشتی سنگی ئێمە، ئەویش دوای كوشتنمان چەش ئەكەن .

مێروولە : خاتوو كڵاوكوورە ڕاست ئە كات ،جارێك پیاوێك بۆ ژیر كردنەوەی كوڕە بچوكەكەی ،هات و نزیكە ی سەت مێروولەی لە شارێكی ئێمە برد و خستنیە ناو شوشەوە بۆ ئەوەی كوڕەكەی یارییان پێ بكات،هەتا یەك حەفتە ژیان لە و شارەی ئێمە دا وەستا،گریان و شین و شە پۆڕ بوو ،كەسوكاری مێروولەكان ئەونەیان دابوو لەخۆیان بە تە واوی سیمایان تێك چووبوو،شارە مێروولەكانی تر ئەهاتن بۆ لای ئێمە و سەرە خۆشییان لە ئێمە دەكرد خەڵكی ئەو شارەی ئێمە ، ئێستا لە مرۆڤ و منالّ و شووشە و ئە و شتانە ئەترسن.

بولبول:هاوڕێیان ،بڕواتان هەبێت زۆربەی مالّی مرۆڤەكان كەسێكی ئێمەی لە ناو قەفەسدا تێدایە،ڕۆژانە بە دەنگی بەرز و بە دەنگێكی حەزین كە مرۆڤەكان ناویان ناوە چریكە و خوێندن،هاوارەكەن و داوای گەڕانەوە بۆ ناو سروشت و ژینگەی خۆمان و هاوزمانەكانمان ئەكەن ،كەچی نەك وەڵامیان نادەنەوە ،بەڵكو دێن و سات و سەودا بە و دەنگ و گریان و نالّیینەوە ئەكە ن و كراوە بە یە كێك لە تایبەتمەندییەكانی كڕین و فرۆشتنمان.

كوكوختی:ئێمە لە دارستانێكی گەورەدا بووین، مرۆڤە كان هاتن و هەموو دارە كانیان بڕی و زەوییەكانیان كردە كۆشك و تەلار،هەندێ داری تریان ناشت بۆ پۆز ،ئێمەش بە ناچاری لە سەر ئە و دارانە هێلانەمان دروست كرد،دواتر مرۆڤەكان تەماعیان زیادی كرد و ئەو دارانەشیان بڕی و جێگاكانیان كردنە خانووی تر ،ئێمە ئاوارە بووین ،ڕۆشتینە دارستانێ تر ،تا لەوێش جێگیر بووووین،زۆری ویست ،دواجار هەندێك كڵاو لەسەر هاتن و ئە و دارانەیان بڕییە وە كە مالّی ئێمە بوون ،گوێمان لێبوو ئەیان وت ئە مانەمان بۆ لاپەڕەیە و دواتر ئەیانكەینە كتێب ،لەسەر سروشت و ژینگە پارێزیی ئێمەش هەموومان بە گریان و فرمێسكە وە لەسە ر دارێك كە بە ئاستە م جێمان ئەبۆوە ،بیرمان لەو بێحەیایی و بێ ڕوویەی مرۆڤەكان ئەكردەوە .

ماكەر:ئای دەستم بشكێ،مرۆڤەكان هەرچی شتە خستویانەتە خزمەتی حە ز و ئارەزووەكانی خۆییانەوە بێ گوێ دانە ئێمەی دانیشتووانی ڕەسەنی سەر زەوی خۆزگە خودا مرۆڤەكانی ئەگۆڕی و ئەیكردنە شتێكی تر. لەم قسانە دا ، وە خە بە ر هات و بە تە واوەتیی سەری سوڕمابوولە وە ها خەوێك).

# خۆراسان پشکۆی ئاگری شۆڕش بوو

بەیانی، هەمووان لە ناو ئاوازی دەنگی ئاژەڵ و جریوەی چۆلەکەو قووڕەی کەڵەشێرو گارەی مریشك و گمە گمی کۆتراندا، لە خەو ڕابوون، دواى قاوەڵتیی و نانی بەیانی، کە کەرێی کوردیی و نانی هۆرامیی بوو، لەسەر سفرەیەکی سادەو لە کەوانەی زۆپایەکی دارەوە کە سورهەڵگەڕابوو وەك دەنووکی کەو، هەندێ وردە قسەی دووبارەی ڕۆژانەیان کرد.

دوای ئەوەی بڵاوەیان کردو وەك هەمیشە هەرکەس چووە لای کاری خۆیەوە،

بێریتان لاپەڕەیەکی دەرهێناو نووسی: (ئەمشەو لە خەوما گەیشتمە ئەو قەناعەتەی کە قەناعەتم بە هیچ قەناعەتێ نەمێنی، بۆیە تەنانەت قەناعەتم بە خەونەکەیشم نیە، وابزانم گومان خلە خل خەریکە کاری خۆی ئەکات، مرۆڤ زوو زوو ئەگۆڕێ و بیروڕاکان جێی متمانەو هیوا لەسەر هەڵچنین نین، بۆچوونەکان لەسەر پەتێکی جوڵاو یاریی ئەکەن، ئێستا لەمبەر، نیوەڕۆ لە ناوەڕاست و ئێوارە لەوبەر، شەویش هەر خوا ئەزانێ کە -بیروڕاکان-مان، لە کوێن؟، ئەمڕۆ قەناعەتم بە قەناعەت هەیە، سبەینێ قەناعەتم بە قەناعەت نیە، دووسبەی بەیانیی قەناعەت ناکەم قەناعەت بکەم بەوەی کە قەناعەتێکی نەگۆڕ شایەنی قەناعەت پێهێنان بێ بۆ ئینسانێکی بە قەناعەت ). لاپەڕەکەی دەستی لاداو دوای هەڵمژینی هەناسەیەکی قووڵ لاپەڕەیەکی تری لولکراوی باخەڵی هێناو بە دەستوخەتێکی ناشیرین وەك بێژی ئەم دێڕانە هیچ بەهایەکیان نیە لەلای، نووسی (من لە یرە، لەم کۆمەڵگادا بە جۆرێك نامۆم، بەجۆرێك تەنیام کە خەریکە نامۆییم ئەمخنکێنێ، وا هەست ئەکەم کە کەمترین کەس لێم تێ ئەگات، هەست بە نامۆییەکی تاقەتپڕوکێن ئەکەم، هەست بە ئازارو هاوارو ناڵەی زیهنم ئەکەم، هەست بە بێ هەستیی و خوێنساردیی فکرم ئەکەم، وای بۆ ئەچم ئەم هەستە هی ئەوە بێت کە بەڕاستی کۆمەڵگاکەم هیچەو من تەنانەت هیچیش نیم، ئەم مادەو کەرەستانە هیچستانیش ناخوڵقێنن بەڵکو هیچستانیان پێ ئەخوڵقێنن).

دوای ئەم نووسینانە گوێی لە مقۆ مقۆی میم ئافتاو و هاوسەرەکەی بوو،

هاوسەرەکەی کە ناوی جەمال بوو، ئەیوت: دەبێت بڕوات، خوا ئەزانێ چ کێشەیەکی هەیەو چ گۆبەنێکی ناوەتەوە،ئاخر ئافرەت کچێك بەو تەمەنە کەمەوە چۆن لە ماڵ ڕا دەکات؟

تۆ بۆچی بیر ناکەیتەوە؟ خۆ من بێویژدان و زاڵم نیم، بەڵام گەرەنتی چییە کە ئەم کچە مناڵە ڕاست دەکات و هەڵمان ناخەڵەتێنێ؟

دوای کەمێك بێدەنگیی، دیسان هاوسەری میم ئافتاو دەستی پێکردەوەو وتی: ئاخر سبەینێ ئەمە کێشەیەکی گەورەی قانونیی یان عەشایەریی لە دوا بوو من چی بکەم؟

کابرایە داماوی بێکەسم و خۆم لە وەی و بەڵا لا ئەدەم،

میم ئافتاویش کە هێواشتر قسەی دەکرد دەیوت: پیاوەکە ویژدانت هەبێت وای دانێ کە خۆراسانی خۆمانەو کەوتۆتە لای خەڵکی، با ماوەی حەفتەیەك لێرە بێت دڵنیابە دواتر دەرویەکی خێری لێ دەکرێتەوەو دەڕوات،

من هەرچەن سەیرەکەم ئەم کچە درۆزن نیەو هیچ گۆبەنی نەناوەتەوە، بە پێچەاونەوە خۆی قوربانیی دەستی گۆبەنێکەو هیچی تر.
کاتێك هاتنەوە هۆڵەکە، بێریتان بە شەرمێکەوە، هیچ وای نیشان نەدا کە ئاگای لە گفتوگۆکەی ئەوان بووەو وتی: بەڕاستی ماڵتان ئاوەدان و تامردن لێتان مەمنونم،من ئیتر نابمە عەزیەت و زەحمەت بۆتان و داوای لێبوردن دەکەم، ئیتر دەڕۆم.
لەو تاوو ماوەدا خۆراسان لە پڕ هات و وتی: بێریتان بە هیچ شێوەیەك ناڕۆیت هەتا ئاسۆیەکی ڕوونت نەبێت و نەزانین کە سەرەنجامت چۆنەو چییە؟!
خۆراسان ڕووی کردە باوکی و وەك تکاو پاڕانەوە وتی: باوکە گیان تکایە ڕازیی بە با بێریتان لێرە بمێنێتەوە.
دواجار هەمووان ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کە بێریتان بمێنێتەوە تا ماوەیەك کە کونجێك بۆ ژیان بدۆزێتەوە،
ماڵی میم ئافتاو بەرنامەیان هەبوو کە هەندێك فەردە گەنم ببەن بۆ شارو بیفرۆشن هەندێك پێداویستیی ماڵی پێبکڕن و بگەڕێنەوە،
بێریتان و خۆراسانیش بڕیاریاندا بۆ یارمەتیدانی کاك جەمال لەتەکیدا بڕۆن بۆ شار،
بێریتان یەك تاك شەڕواڵ و یەك کراس و قەمسەڵەیەکی لەبەرکردو لەتەك جەمال و خۆراساندا بارە گەنمەکەیان خستە سەر کەرو عارەبانەیەك وکەوتنەڕێ بۆ ناو شار،
هەنگاو بە هەنگاو ڕێیان دەبڕی و گفتوگۆیان دەکرد،
کاك جەمال ملی ڕێی گرتبوو، چووبووە خەیاڵی ژیان و داهاتووی ژیانەوە،
لە پڕ کەسێك بە سڵاوێك هەم خەیاڵەکانی جەمال و هەمیش گفتوگۆ قووڵەکەی نێوان خۆراسان و بێریتان کە لەبارەی کاریگەریی زەمان و زەمینەوە بوو لەسەر زانست، بچڕان،
دوای وەڵامی سڵاوەکەی، پیاوێکی پیر هاتە پێشەوەو وتی: زۆرم تینووە، بڵێی ئاوی خواردنەوەتان پێبێت؟
باوکی خۆراسان بە خۆشحاڵییەوە وتی: بەڵێ قوربان ئاومان پێیە.
بە خۆراسانی کچی وت: کچم خێرا ئاو بدەرە ئەو پیاوە.
خۆراسانیش ئاوی دایە پیاوەکەو دوای کەمێك وەستان و دەمەتەقێکردن لەتەك کاك جەمالدا، پیاوەکە هەردوو دەستی خستە پشتیەوەو بە پێچەوانەی ئەوانەوە هەنگاوی هەڵگرت،
ئەوانیش واتە کاك جەمال و بێریتان و خۆراسان بەرەو شوێنی مەبەستیان کەوتنەوە ڕێ،
بێریتان بە چپە لە خۆراسانی پرسی و وتی: ڕات چییە لەسەر شۆڕشی چەکداری بە تامی فەلسەفە؟
خۆراسانیش دوای کەمێك بێدەنگیی و تەماشاکردنی ئەملاو لای خۆی وتی: شۆڕشی چەکداریی بە ئەڵتەرناتیڤ(جێگرەوە_ بەدیل)ێکی باش و گونجاو نازانم، چونکە هەم کۆمەڵێك کەسی خاوەن فکری دەوێت و هەمیش پلان و بەرنامەیەکی تۆکمەو پاشان سەدان کەسی پێگەیشتوو لە ڕووی سەربازیی و جەنگاوەرییەوە گەرەکە،

واته سێ تاقم یان سێ چینی تایبەتمەندو چالاکی پێویستەو ئەوەش لەم کاتەدا لە کۆمەڵگای ئێمەدا زۆر قورسەو بگرە مەحاڵیشە، تۆ بڕوانە بۆ کۆکرنەوەی بیست نەفەری خاوەن فکرو دانانی چەند پلانێکی تۆکمەی سەربازیی و کۆکرنەوەی هەزار نەفەری میلیتان و سەربازی چوست و چالاك پێویستت بە شەش مانگ دەبێت بە لایەنی کەمەوە، دەیخۆ شۆڕش بەم شێوەیش سەر ناگرێت،

بۆیە باشترین ئەڵتەرناتیف بەڕای من بۆ ئەم دۆخە چەقبەستوویەی وڵات و کۆمەڵگای خۆمان تەنیا شۆڕشێکی نەرم و نیان و هێمنی فکریی و مەعریفییە ئەویش لەسەر ئاستی تاك بە تایبەتیی و دواتر گەشەی پێبدرێت بۆ چوونە ناو هەموو جومگەکانی کۆمەڵگا بە گشتی.

بێریتان دوای ئەوەی هەردوو دەستی توند لەیەکخشان و نای بە گوێچکەکانیەوە وتی:

دەیییی

کەواتە...

دەگەیەینە ئەو قەناعەتەی کە بۆ دۆخی ئێستامان هێزی لۆژیك (مەنتیق) پێویستە بە نیسبەت ئێمەوە، هەرچەندە واقیعی زۆربەی کۆمەڵگاکان بە کۆمەڵگای خۆیشمانەوە لە ژێر کاریگەریی هەیمەنەی سیستەمی سەرمایەدارییدا وا دەخوازن کە لۆژیکی هێز زاڵ بێت و جوڵەو کارەکان زیاتر لە بن دەستی دەسەڵاتدارو پارەدارو خاوەن هێزەکاندایە، زۆر جار ئەم هێزانە بۆ مانەوەی خۆیان و درێژەدان بە تەمەنیان دەبنە داردەست و جاش و کاربەڕێوەبەری لایەنی دیکەو بێگانەو سیستەمە پتەوەکانی تری سەرمایەداریی و لێهاتوو لە ڕووی کپکردنەوەو سەرکوتکردنی دەنگە نەخێرو ئازاو ڕەخنەگرو بوێرەکانی کۆمەڵگا،

ئاخر کپکردنەوەی دەنگە ناڕازیی و ڕەخنەگرەکان هەموو کات دەبێتە هۆی مانەوەی دەسەڵاتە چەوسێنەرو گەندەڵ و تۆتالیتارەکان،

بەڵام

بـــــــــــــــــــــــەڵام،

ئێمەی گەنج و کچ و ژنی خاوەن ئیرادە و نەوە خوێنگەرمەکانی کۆمەڵگا

بە هێوریی و هەنگاو بە هەنگاوو بە پێی تێپەڕبوونی کات، هێزی لۆژیك دەکەینە ئەڵتەرناتیڤی هەمیشەیی لۆژیکی هێز، کە یەکەمیان دەبێتە هۆی یەکسانیی و خۆشگوزەرانیی و ئازادیی و پێکەوەژیان و یەکترقبوڵکردن و پێشکەوتن و ئاسودەیی تەواوی چینەکانی کۆمەڵگا بێ جیاوازیی دین و نەتەوەو ڕەگەزو ڕەنگ، و دووەمیشیان دەبێتە هۆی خۆشگوزەرانیی و ئاسودەیی چینێك و بە ئاغابوونی چینێك و وێرانبوونی باقیی چینەکانی کۆمەڵگا،

بەم جۆرە گەیشتنە ناو شارو قەرەباڵغیی و غەڵبە غەڵب و های و هووی ناو شارو بازاڕ کۆتایی بە مشتومڕی بێریتان و خۆراسان هێناو..........

# تاکە تاوانی ژن ئەوەیە کە نەفام وگەلحۆ دەهێنێتە ژیانەوە

دوای ئـەوەی گەیـشتنە بـازاڕ، کـاك جـەمال چـووە لای مـەعمیل و موشـتەریی خـۆی بـۆ سـاخکردنەوەی بەرهەمەکەی،
لە کاتی مامەڵەکەدا کە لە ناو دوکانی کابرای دۆستی کاك جەمالدا دانیشتبوون
خاوەن دوکان باسی پیاوێکی گوندەکەی دەکرد کە گوایە لە مامەڵەدا سەرڕاست نیەو وتـی: لـەم ڕۆژانـەی پێشوودا هەندێك گەنم لێکڕیوە، دواتر هاتووە وتویەتی نایفرۆشـم، منـیش بـە نیـاز نـەبووم کـە گەنمەکـەی بدەمەوە، بەڵام ئەو وەك ژن ئەگریاو ئەپاڕایەوە،
لەم قسانەدا بێریتان کابرای ڕاگرت و وەك ئاگر هاتە بەردەمیی و و تی: بۆ مەگەر پێتوایە ژن چـییەتی؟ چـۆن ئەوەنە بوێری ئاوا باسی ژن دەکەیت؟
خۆراسانیش هاتە تەنیشت بێریتان و ڕووی دەمی کردە کابراو وتی: دەزانی تاکە تاوانی ژن چییە؟ تاکە تاوانی ژن ئەوەیە کە نەفام وگەلحۆو سەخیفی وەك ئێوە دەهێنێتە ژیانەوە، کامەتان زۆر خۆتان بـە پیـاوی شـەریف و بەڕێز دەزانن ژنێك یان کچێك بەبێی مەمکیتان پیشاندات حەوت کۆڵان دوای ئەکەون و هەزارجاریش خۆتان دەکەنە قوربان وساقەی،
کابرای خاوەن دوکان بوو بە بەردو ئیمانی نەما، دۆش داماو ڕووی کردە کاك جەمال و وتـی: ئـەریَ تـۆ بـۆ قسەیەك ناکەیت خۆ کچەکانت خەریکە دەمخۆن،
کاك جەمالیش بۆ ئەوەی ئیشەکە خراپتر نەبێت بە هێمنی وتی: کاك ئازاد دڵت فراوان بێـت ئەوانـە منـاڵن و دەیانکەمە خزمەتکارت،
خۆراسان دیسان ویستی قـسە بکـات، بـەڵام بێریتـان دەسـتی گـرت و وتـی: نەکـەی، بەسـە چـونکە هـەم پەیامەکەمان گەیشت و هەمیش با باوکت بە بۆنەی ئێمەوە زەرەر نەکات، ئەم ئازادە نارِەسەنە ئەگەر یەك تۆز غیرەتی هەبێت ئەمەی بەسە.
پێش ئەوەی بڕۆن بێریتان و خۆراسان ڕێککەوتن کە لـە کاتی ڕۆیشتندا داوای لێبووردن لەپیاوەکە بکەن کـە بابەتەکەیان بۆ ڕوون نەکردەوە، بۆیە چوونە بەردەم کـابراو وتیـان : ئێمـە ببـورە کـە بـە بـیَ ڕوونکردنـەوە هێرشمان کردە سەرت.
کاك ئازادیش ئەمەی زۆر پێخۆش بوو خێرا وتی: کورە بوراون و هەربژین،
ئینجا کەمێك پێکەنیی و وتی: بەبێی خۆمان بیَ وانەیەکی باشیشتان دایە مـن، لـە ئێـستاوە دەبێـت لـە ژنـیش بترسین کە ئەگەر بیانەوێت شتێك بکەن موشکیلەن.
کاك جەمال کە ئەم هەڵوێستەی زۆر پێخۆش بوو وتی: ئازیزەکانم کات درەنگە هیچمان نەسەندوە با بڕۆین،
کەوتنە گەڕان لە ناو کوچەو کۆڵانەکانی بازاڕدا، لەم دوکان بۆ ئەو دوکان و لەم گوزەر بۆ ئەو گوزەر، سات بە سات و هەنگاو بە هەنگاو بێریتان ورد دەبووەوەو دیقەتی هەموو شتێکی دەدا،

دیەقی قسەی خاوەن دوکانەکان، دیقەتی هاتووچۆی خەڵکی ئەو شارە، دیقەتی جلوبەرگ، دیقەتی مامەڵــەو سروشت و دەنگ و ڕەنگی ئەو خەڵکــە، دیقــەتی کۆڵــان و جادەوبــان و باڵەخانــەکان، دیقــەتی کتێبخانــەو پەڕاوگەو چێشتخانەو هەموو شتێکی دەداو ناوە ناوەش پرسیاری وردی سەبارەت بە شــتەکان لــە خۆراســان دەکردو خۆراسانیش بە زمانە خۆشە پەلە پەلەکــەی خێــرا وەك خــۆی دەیــوت بەیــەك خولــەك تەقــەی لــێ هەڵدەستان و وەڵامەکەی دەخستە چنگیەوە،

ئەوەی کە زۆر مایەی خۆشحاڵیی بوو، چاوەڕواننەکراو بوو، ئەوە بوو کە بێریتان یەکێك لــە خۆشەویــستترین هاوڕێکانی دیتەوە لەو بازاڕە گەورەدا، ئەویش ڕێژین ڕەخنەگربوو، ڕێژین کچێکی زۆر وریاو ڕەخنــەگرێکی زۆر باش و یەکێکیش بوو لــە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری (گرووپی دووپشکی ڕەش) و کچێکی زۆر بوێرو ئازاو زۆریش ئازیز بوو، خاوەنی چەندین بابەتی ڕۆژنامەوانیی بوو لــەســەر شۆڕشــی فکریــی و ئــیرادەی ژن و ژینگەو ڕیفۆرمی دینی،

ڕێژین کچێکی زۆر دیندارو خواناس بوو،ئەو هەوڵی دەدا کە بە نووسینەکانی بیسەلمێنێت کە ئەسڵی ئیسلام و قورئان و حەزرەتی موحەممەد حەتتا ئەسڵی هیچ دینێك کێشەی لــەتەك ژن و ئازادیی و ژیانی ئازاد نیە، بــەڵکو ئەوە کۆپیی کۆپییەکانی ئەو نوسخە ئەسڵانەن کە گەیشتوونەتە ئێمە، تەنانەت ئــەو پێــی وابــوو کــە ئەســڵی فەلسەفەو لۆژیك و مارکسیزم و سیکۆلاریزمیش نەگەیشتوونەتە ئێمە، بۆیە لــە خــۆڕا نــەوەکانمان پــەروەردە دەکەین کە دژی ئەو چەك و فکرانە بن، ڕێژین پێی وابوو کە ئەبێ خۆمان خوێندنەوەمان هەبێت بۆ بابــەت و پرسەکان نەك کوێرانە دوای کەسانی تر بکەوین.

ڕێژین و بێریتان توند یەکیان لــە ئامێز گرتبوو،

دواتر لــەتەك خۆراساندا یەکتریان ناسی، کاك جەمال سەرقاڵی مامەڵەو شتکڕین بوو،

ئەوانیش پێکەوە گەرم ببون، لــەسەری باسەکانەوە بۆ ئەو سەری باسەکان، دیــن و ڕۆشــنگەریی و شــۆڕش و خۆڕێکخستنەوەی ژنان و ئیتر زۆر بابەتی تریش،

ڕێژین دوای ئەوەی حاڵی بێریتانی زانی، زۆر تکای لــە بێریتان کرد کە بگەڕێتــەوە ناوچــەکەی خۆیــان و لــە ماڵی ئەوان بژیی،

بەڵام بە بیانووی ئەوەی کە مامی فشاری زۆری لــەسەر داناوەو بەنیازە بیداتە شــوو وە ژیــانی وێــران بکــات، بێریتان ڕەتی کردەوە کە بگەڕێتەوە،

بەڵام تکایەکی هاوڕێیانەو دڵسۆزانەی لــە ڕێژین کرد کە تا دەتوانن گەشە بە چالاکیی و کــۆڕو کۆبوونــەوەو خوێندنەوەکانی (گرووپی دووپشکی ڕەش) بدەن و گرووپەکە بکەنە چقڵی چاوی کۆنەپارێزو دواکــەوتووان و مێشکپوچەکان.

خۆراسان هاتە پێشترو فرمێسکی بێریتان و ڕێژینی سڕیی و وتــی: منــیش ئەنــدامێکی فەرمانبــەرداری (گرووپــی دووپشکی ڕەش) م و بە هەموو تواناکانمەوە هەوڵ بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەو ئامانجەکانی ئەو گرووپە دەدەم،

دوای ئەم گفتوگۆو قسانە لــەیەك بڕان و هەرکەس و هاتەوە لای کاری خۆیەوە،

کاك جەمال بانگی بێریتان و خۆراسانی کردو وتی: یاللە با بڕۆین کات زۆر درەنگە،
وردە وردە گەڕانەوە بۆ ئەو جێگەیەی کە کەرو عارەبانەکەیان لێجێهیشتبوو،
لەوێ کوڕێك کاری دەکرد ناوی ڕاژەڤان بوو، کوڕێکی شیرین و قسەخۆش و چوست و چالاك بوو،
ڕاژەڤان بە ڕوویەکی گەشەوە بەخێرهاتنی کردن و چەند پەرداخێك ئاوی هێنایە خزمەتیان،
لەسەر یەکێك لە تاقەکان چەند دانە کتێب هەبوون،
بێریتان خۆی پێ نەگیراو وتی: بێزەحمەت ئەو کتێبانە چین و هی کێن؟
ڕاژەڤانیش بە شادییەوە وەك بڵێی زۆری پێخۆشە کە ئەو پرسیارەی لێکراوە، وتی: ئەوانە کتێبی منن، هەندێکیان کتێبی فەلسەفیی و هەندێکیشیان فیزیایین،
خۆراسان وتی: لێرە کوا مەجالی خوێندنەوەت هەیە تا ئەو هەموو کتێبەت لابن؟
پێش ئەوەی ڕاژەڤان وەڵام بداتەوە، بێریتان وتی: بۆ کەسێك کە مەبەستی بێت دەتوانێت کاریش بکات و بشخوێنێتەوەو لە هەمووی گرنگتر تێرامان و تێفکرینیش بکات،
ڕاژەڤان بە پێکەنینەوە وتی: هەروەك پێشینانی کورد وتویانە ئەگەر تەشی ڕێس تەشیڕێس بێت بە کلکی کەریش بێت تەشی ئەڕێسێ، لە ڕاستییدا ئێمە زۆر پێویستمان بە خوێندنەوەو کتێب و بیرکردنەوەیە لایەنی کەم بۆ دۆزینەوەی ڕێگاکەو کەوتنە سەر سکەی گەیشتن بە کاروانی بەختەوەران،
هاواری خاوەن کارەکەی ڕاژەڤان قسەکانی بڕین و خاوەن کار وتی: ڕاژە دیسان خەریکی کتێب و قسەی قۆڕی؟ دەی ئەگەر تۆ ڕۆژێك شێت نەبووی ئەوە من هیچم نەزانیوە لە دنیای ڕۆشن و ئەم سەرو ڕیشەم لەبەر خۆرا سپی کردوون.
دوای کەمێك بێدەنگیی هەمووان، دیسان خاوەن کار هاواری کردەوە: دەی خێرا سێ چای جوان بۆ کاك جەمال منداڵەکانی بێنەو ئەو قسە حەلەق و مەلەقانە لادە،
ڕاژەڤان ڕۆیشت و بێریتان و خۆراسانیش لەتەنیشت بینا کۆنەکەدا خۆیان دایە خۆری دەمەو عەسر،
دوای کەمێك ڕاژەڤان هاتەوە، چایەکەی کاك جەمالی بردو پاشان چای بێریتان و خۆراسانیشی هێنا،
سوپاسیان کردو دەستیان بە گفتوگۆ کردەوە،
ڕاژەڤان وتی: من چەند ساڵێکی کەمە دەنووسم، چەند بابەتێکم هەیە لەسەر ئەخلاق و پەیوەندیی ئەخلاق بە ژیانی تاکەوە، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە تەمەنم کەمەو بابەتەکانیش کەمێك ئاڵۆزن و لێم ڕانابینن توانای ئەو نووسینانەم هەبێت، بۆیە هیچ گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاوکراوەیەك ئامادە نەبوون و نین لێم وەرگرن، وا هەستەکەم حەقیش بەوانە، چونکە نووسینەکان کەمێك ئاڵۆزن و پێویستیان بە عومرێك لە تێفکرین و ئەزمونێکی باش هەیە لە مەجالی فەلسەفەو بە تایبەت فەلسەفەی ئەخلاق (مۆراڵ)دا،
بێریتان قسەکانی بە ڕاژەڤان بڕیی و لێی پرسی : چی بکەین باشە بۆ ئەوەی هەمووان تێبگەن کە ئەخلاق تەنیا کۆئەندامی زاوزێ و ئەوانەی ناو شەرواڵ و پانتۆڵ و ستریچ نین؟
پێش ئەوەی ڕاژەڤان وەڵام بداتەوە، باوکی خۆراسان وتی: منداڵینە ئەڕۆین،

ئیتر ڕۆیشتنەوە بەرەو گوند، بەرەو ماڵ،

دوای نزیکەی حەفتەیەك مانەوە لە ماڵی میم ئافتاو، بێریتان دیسان کەڵ کەڵەی ڕۆیشتن کەوتەوە سەری، چونکە هەستی بە شەرمەزاریی دەکرد، هەرچەنە تەواوی ئەندامانی ماڵەکە زۆر لەتەکی باش بوون، وەبڕیاری ڕۆیشتنیش بڕیارێکی ترسناك بوو، بەڵام وای لێك دەدایەوە کە لەو ماڵەدا سەربارەو پێویستە بڕوات،

بۆیە دوای هەوڵێکی زۆری ماڵی میم ئافتاو، بە تایبەت خۆراسان و میم ئافتاو، ڕۆیشتنەکەی خستە بەرنامەو هەوڵەکان سوودیان نەبوو،

تەنانەت خۆراسان بە گریانەوە وتی: ئێمە لەتەك تۆ زۆر ئارام و ئاسودەین و شەنوکەوی زۆربەی ئامانجەکانیشمان پێکەوە دەکەین و......

گریان قسەکانی بڕیی و دیسان دەستی پێکردەوەو وتی: بێریتان تکایە مەڕۆ، من پێویستم پێتە.

بێریتانیش بە گریانەوە وتی: خوری گیان تۆ زۆر لەوە گەورەتری کە ئیشت بە من و نمونەی من بێت، تۆ کچێکی ژیرو وریاو لە هەمان کاتا کێوێکی لە ورەو هیواو ئاواتی جوان، ئیتر هیچ پێویست ناکات خۆت ماندوو بکەیت،

شتەکان و کتێبەکانی پێچایەوەو کتێبێکی بە دیاریی دایە خۆراسان، ئەوانیش بڕێکی تر پارەیان پێداو ڕۆیشت،

## ئەگەر ئیرادەمان هەبێت،شتێك نیە بەناوی مەحاڵ

بێریتان کەوتەڕێ و دوای ماوەیەك گەیشتە ناو شار،یەکەم کەس کە بیری لێکردەوە سەری لێبدات ڕاژەڤان بوو،

چووە لای ڕاژەڤان و ئەویش بە چوونەکەی زۆر زۆر مورتاح بوو، بەڵام بێریتان جارێ هیچی لەسەر ژیانی خۆی بۆ باس نەکردبوو،

بێریتان بۆ خۆگونجاندن لەتەك لارو لوێچییەکانی ژیان و کۆمەڵگاو دەربازبوون لە کەڵبەی پیاوە گورگئاساکان ڕێك وەکو پیاو خۆی گۆڕیی بوو،

دەستێك جلی پیاوانە، قژی خڕکردبووە ناو کڵاوێك و لە ڕێگاش کەمێك ڕووخساری چڵکن و ناشیرین و زبر کرد بە خۆڵ و زیخ،

بێریتان وەك هەمیشە ڕای وابوو کە ئەگەر ئیرادە هەبێت شتێك نیە بەناوی مەحاڵ،

ڕاژەڤان کە بەم دیمەنانە زۆر سەرسام بوو، وتی: بێریتان هەرچەنە ئەمە پرسیاری شەخسییەو تۆ ئازادی لەوەی چی دەکەیت و چی دەپۆشی، بەڵام ئەم جل و ڕووخسارەم پێ سەیر بوو، حەزم کرد بزانم مەسەلە چییە؟

بێریتانیش یەك بزە خەنەی ناچاریی کردو وتی: ئەگەر پەلەت نەبێت ئەوەش دەزانیت، بەڵام جارێ ئەم شتانەت لا جێ ئەهێڵم و تا ناو بازاڕ دەڕۆم،

ڕاژەڤانیش بە خۆشحاڵییەوە وتی: ئەی بەسەرچاو.

لەتەك بێریتاندا کەمێك بێ قسەکردن لێك وردبوونەوەو پاشان بێریتان ڕۆیشت،

بێریتان بە نیازی دۆزینەوەی پەناگەیەك بوو بۆ مانەوە تێیدا، بۆیە لە هەموو لایەك پرسیاری پەناگەکانی ژنان و کچانی دەکرد، دواجار دۆزییەوەو چووە ژوورەوە، بە تەواویی بابەتەکەی تێگەیاندن و ئەوانیش بە تایبەت بەڕێوەبەرەکە پێشوازییان لێکردو ناویان تۆمارکرد،

ئەو واتە بێریتان لە بەر ئەوەی پێویستی بە تەنیایی بوو بۆ خوێندنەوەو نووسین و بیرکردنەوە لە چالاکییەکان، بۆیە ژوورێکی پەرپووتی پیسو پۆخڵی هەڵبژارد کە هیچ کەس نەدەچووە ناوی،

داوای مۆڵەتی کرد تا بچێت کەلو پەلەکانی بهێنێت،

گەڕایەوە لای ڕاژەڤان و کەمێکی لە مەسەلەکان تێگەیاند،

ڕاژەڤان وتی: بێریتان بۆ وات کرد؟ ئێ کچی باش پێشتر شتەکەت تێگەیاندبام و پێت بوتبام نەمدەهێشت بڕۆیە پەناگەو شێڵتەرو ئەو شتانە،

بێریتانیش وتی: ڕاژەڤان گیان کێشەکە تۆ نیت، کێشەکە کۆمەڵگایە، من دەتوانم تێوگەیەنم و گوێم لێدەگریت، چونکە خۆت ڕۆشنبیرو خوێنەرو وشیاری، بەڵام ئەم کۆمەڵگا نەخۆشە چۆن تێدەگەیەنیت کە کچێکی ئاوا منانێ لە ماڵ ڕای کردووەو لەسەر حەقیشە؟ چۆن تێیان دەگەیەنیت کە منیش زۆرم حەزەکرد خێزان و خانەوادەیەکی باش و ماڵێکی گەرم بە خۆشەویستیی و خزم و کەسوکارو هاوڕێی باشم هەبووایە؟

لای من هیچ شتێك تامی ئەوە نادات کە خانەوادەیەکی باش و میهرەبانت هەبێت مەگەر یاخیبوون لە کلتوری سەقەت و نەخۆشخانەکانی کۆمەڵگا.

ڕاژەڤان بە وردیی گوێی بۆ قسەکانی بێریتان گرتبوو، دوای کەمێك وتی: بێریتان گیان من لە ئێستاوە بڕوا بە تۆ دەکەم و هیچ گومانم نیە لە سەقەتیی کلتورەکەمان،

بێریتان سوپاسێکی ڕاژەڤانی کردو شتەکانی بردو ڕۆیشت،

چەند هەنگاوێك ڕۆشت و ئاوڕی دایەوە، تەماشای کرد ڕاژەڤانیش ورد تەماشای دەکات،

بێریتان وتی: ڕاژەڤان،

ڕاژەڤان وەك ئەوەی چاوەڕێی ئەو بانگکردنە بێت دەستبەجێ وتی: گیان بەڵێ،

بێریتان وتی: گیاندارت خۆش، ویستم دووبارە بێژم سوپاس بۆ هەموو شتێك،

ئەتبینمەوە ان شاالله،

ڕاژەڤانیش کە ئەم قسەیەی زۆر بەدڵ بوو وتی: منیش ئەوە هیوامە.

بێریتان وتی: دەی بە خوات دەسپێرم.

ڕاژەڤانیش کە حەزی دەکر گفتوگۆکە بەردەوام بێت وتی: بە خواو پاشان بە ئارامیی و ئاسودەییت دەسپێرم.

بێریتان ڕۆیشت، لە ڕێگادا هەر خەیاڵی لای زیرەکیی و میهرەبانیی ڕاژەڤان بوو،

لەبەر خۆیەوە دەیوت: بەس نیە لەم کۆمەڵگادا ئەم کەسانەش هەن،

لە پڕ لە پێشییەوە ژنێك دەرکەوت،

ژنەکە جلێکی سەیرو ڕۆیشتنێکی سەیرو تەنانەت هەڵسوکەوتێکی فرە سەیریشی هەبوو،

بێریتان وەك هەمیشە کە حەزی لە سەرکەشیی و زانینی شتی نوێ بوو، لە ژنەکە چووە پێشەوەو لێی پرسی: سڵاو، پوورێ گیان لە کوێوە تێی؟ چی دەکەیت و بۆ کوێ ئەچیت؟

ژنەکە بە ڕووخسارێکی تەواو حەپەساوەوە وتی: سڵاو کچی خۆم، بۆت گرنگە ئەم شتانە بزانیت؟ ئەی هیچ لە مەسەلەکانی وجود لە وەڵامی ئەم پرسیارانە هەڵ ئەهێنجریت؟

واتە شتێکی گرنگە بۆت بزانیت؟

بێریتانیش وەك شێت و هار خێرا وتی: بەڵێ بەڵێ بێگومان بۆم گرنگەو بگرە کاریشم پێەتی.

ژنەکەش بە بزەخەنەیەکەوە وتی: دەی من هیچ نازانم و بڕواش ناکەم ئەسڵەن جیاوازییەك هەبێت لە نێوان زانین و نەزانیندا بە تایبەت سەبارەت بە مەسەلە گرنگەکانی وجود، مەسەلە تەڵخ و ئاڵۆزەکان، ئادەی کچی خۆم تۆ پێم بێژە مێژووی مرۆڤایەتی چەن کەسی تێدایە شتانێکی وردیان دەربارەی ئەو دیوی ژیان و نهێنییەکانی وجود زانیبێت؟

زۆر دڵنیابە ئەو شتانەیشی کە گوایە بە حساب فەیلەسوف وپێغەمبەران و دانایان کەشفیان کردووە، دوای ماوەیەك گووم بوون و هیچیان لە مەسەلەکان نەگۆڕی، چونکە ئەم باسی ژیان و نهێنیی ژیانە، کەس سەری لێ دەر ناکات، نازانین چۆن و کەی و بۆو بە چی و بۆچی هاتین و کەی و بۆچی و بەچییش دەڕۆین؟!

هەریەکەو لای خۆیەوە وەڵامێکی بۆ ئەم پرسیارە میتافزیکیی و وجودیی و غەیبییانە هەیەو هیچیشیان وەڵامە ئەسڵەکە نین و هەزاران ساڵ مرۆڤ بە داخی زانینی نهێنیی ژیانەوە سەر ئەنێتە چاڵ و ملیارەها مرۆڤی ژیرو ناژیر و نوقسان و کامڵ و پێغەمبەرو جاهیل ژیانی خۆیان بۆ وەڵامەکان تەرخانکردو لەوسەریشەوە وەك خۆی مایەوە، کچەکەم بێ هیوا مەبە، بەڵام ئەوەیش بزانە کە وەڵامەکان نە ڕۆح ئاو ئەدەن و نە تاسقیی دڵ ئەشکێنن و نە تامەزۆری هزر ئەگەیەننە ئەنجام.
بێریتان لەم قسانە بە تەواوەتی سەری سوڕماو ڕووی کردە ژنەکەو وتی: مامۆستای مەزن تکایە، گەرەکمە لێتەوە فێر بم، شوێنتم پێ بڵێ.
ژنەکەیش سەرێکی خەیاڵاویی ئاسمانیی کردو وتی: کچی خۆم لە ئێستاوە تا هەزار ساڵی تریش بخوێنیت، هەر ئەو چەند شتە فێرەبی کە پێتم وت، ئیتر خۆت ماندوو مەکەو وەك هەر مرۆڤێکی ئاسایی بەڵام چاکەکارو دوور لە خراپە، بژی و ئەهە.
ئیتر ژنەکە ماڵئاوایی کردو ڕۆیشت، بێریتانیش هەرچەنە هەوڵی داو ویستی ڕازیی بکات تا لێیەوە شتێك فێر بێت، بەڵام بێ فایدەو سەمەر بوو،
پاشان وەك گێژو حۆلێکی داماو بە خەیاڵ و فکری ئەو قسە ئاڵۆزانەی ژنەکەوە کە بە تەواوتیی فکرو زیهنی هەم داگیرکردبوو هەمیش جواڵاندبوو، ڕێگەی پەناگەکەی گرتە بەر،
لە بەر خۆیەوە قسەی دەکرد، پرسیاری دەکردو وەڵامی دەدایەوە، سەری با دەداو ناوە ناوە وەك بێژی چتێکی لی گم بووبێت ئەوەستاو هەندێ پەنجە کەڵەی دەستی چەپی دەگەزیی و دوای کەمێك ئەکەوتەوە ڕێ، ئیتر جۆرێکی لێهاتبوو کە خۆیشی بڕوای بەو بیرو فکرو خەیاڵە قوڵانەی خۆی نەئەکردو پێی وابوو شتێك هەیە و پێویستە بیزانێت، چۆن و بە چ ڕێگەیەك؟
ئەوە هیچ ڕوون نەبوو لە لای،
ئیتر گەیشتەوە پەناگەکەو دوای سڵاوکردنێکی گەرمی بێ ئاگایانە لە ئامادەبووان، چووەوە ژوورەکەی خۆی.

# بیرکردنەوە هۆکاری ڕزگاربوونە

دوای یەك مانگ لە ژوورەکەی نەهاتە دەرەوە مەگەر بۆ نانخواردن و تەوالیّتکردن،
بەردەوام بیری دەکردەوەو دەیخوێندەوە، بەرنامەو پلانی گۆڕانکاریی فکریی دادەنا،
وردە وردە لە ژوورەکەی هاتە دەرەوەو تێکەڵاویی کچان و ژنانی ئەوێی دەکرد،
یەکەمجار کچێکی ناسی ناوی هودا بوو، هودا کچێکی زەردەشتیی بوو، هۆکاری دەرکردنیشی لە ماڵەوە هەر ئەوە بوو کە ببوە زەردەشتی، هودا هیچ کێشەی لەتەك ناوەڕۆکی دینەکان نەبوو، ئەو پێی وابوو دیندار کێشەیە نەك ئەسڵی دین، تێڕوانین و بۆچوونی دیندار ئاڵۆزیی دروست دەکات نەك دین و بنەماکانی دین،
هەموو کات دەیوت: هەموو دینەکان یەك ئامانجیان هەیە بەڵام هەریەکەو بە ڕێگاو وەسیلەی خۆی، بۆ نمونە دینی زەردەشتیی( مەزدیەسنایی) لە ڕێگەی پەروەردەی خود و گەشەدان بە بیرو وتارو کرداری چاك و دژایەتیی بیرو وتارو کرداری خراپەوە خۆی بەیان دەکات و خوازیارە باوەڕمەندەکانی بگەیەنێتە مەنزڵ و دینەکانی تریش هەریەکەو بەجۆرێك.
بێریتان زۆری حەز لە زانیاریی تازەو قسەی تر بوو، بۆیە بەردەوام گوێی لە هودا دەگرت بۆ ئەوەی تەواو لێی تێبگات،
ماوەیەکی زۆر هاوڕێ بوون، گفتوگۆیان دەکردو ڕایان دەگۆڕییەوە، کچێکی تریش بە ناوی بەهار لەوێ بوو، کچێکی زیرەك و چاوکراوە بوو، هەمووان پێیان دەگوت بەهارزیرەك،
ئەویش بووە هاوڕێی نزیکی بێریتان و هودا،
بێریتان شەوێك بانگی کردن بۆ قسەو گفتووگۆ، پێشنیاری دامەزراندنی گروپێکی چالاکی فکریی بۆ کردن لەسەر شۆڕش و مافەکانی ژنان و ئازادیی و یەکترقبوڵکردن،
ئەوانیش خێرا ڕازیی بوون و زۆریشیان پێخۆشبوو.
بەهار وتی : لەگەڵ باجی تەلیعە قسە دەکەم و زۆریش دڵنیام کە هاوکارێکی باشمان دەبێت، ڕاستە ژنێکی نەخوێندەوارە بەڵام زۆر دنیادیدەو بەئەزموونەو زۆریش خاوەن ئیرادەیە بە جۆرێك هیچ شتێك ئەو ناترسێنێ، هەموومان شایەتی ئەوەین کاتێك هەندێك لە خزمی هەڵاتووەکان دەهاتن بۆ بردنەوەی کچ و ژنەکانیان، باجی تەلیعە چۆن دەچووە گژیاناو پەلاماری دەدان لە کاتێکدا هیچ کەسێك لێرە بوێریی ئەوەی نەبوو،چەندین جار دەمانچەیان لێڕاکێشاوەو هیچ نەترساوە،
هودا قسەکانی بە بەهار بڕیی و وتی: لە ڕاستییدا باجی تەلیعە کێوێکە لە بەرگریی و دەریایەکە لە پەندو ئامۆژگاریی.
باجی تەلیعە ژنێکی بەتەمەن بوو، لەو پەناگە کارگوزار واتە فەڕاش بوو، ماڵەکەیان هەر نزیك پەناگەکە بوو، ژنێکی بێدەنگ و ئارام، بەڵام ئازاو چاونەترس و بەغیرەت بوو،

هیچ قسەی نەدەکرد، مات و نەرم نەرم کارەکانی خۆی دەکرد، بەڵام کاتێك دەیانجوڵاند و شتێکیان لێدەپرسی، ئیتر وەك فەیلەسوفێك دەهاتە گۆو قسەی زۆر سەیرو بەواتای دەکرد لە کاتێکدا هیچ پیتێکی نەدەزانی و تەنانەت ناوی خۆی نەدەناسییەوە،
باجی تەلیعە بە تەنیا دنیایەکی سەیر بوو،
بێریتان و هوداو بەهار ڕێککەوتن کە گروپەکە دروست بکەن و زۆریش بەجدیی کاری بۆ بکەن،
بێریتان پێشنیاری سێ ناوی کرد بۆ گروپەکە، ئەوانیش
مەمکی دووپشك،
دووپشکی ڕەش،
چزووی دووپشك، بوون
هەرسێکەیان و بە کۆی دەنگ بڕیاریاندا ناوی گروپەکە بنێن (مەمکی دووپشك) کە مەبەست لێی ئەوەیە کە کچانێکی خاوەن ئیرادەو بەهێزی وا پەروەردە بکەن کە دەست بردن بۆیان وەك دەستبردن بێت بۆ دووپشك کە چەندە مەترسیدارەو ئەگەری لەسەدا سەد پێوەدانی هەیە،
بڕیاریاندا هەندێ کاری دەستی بکەن و بیفرۆشن، بۆ ئەوەی بە هەر جۆرێك بووە بڕێك پارە پێکەوە بنێن و هەندێ کتێب بکڕن و بیهێننەوە بۆ پەناگەکەو وردە وردە چالاکیی فکریی و ڕێکخراوەیی دەستپێبکەن،
لەیەکەم هەنگاودا بێریتان چووە کارگەیەکی شیرینی لە نزیك پەناگەکە، ئەم کارە باجی تەلیعە بۆی دۆزییەوەو ڕۆژانە جگە لە ڕۆژی هەینی دەچوو بۆ سەر کار، هەرچەندە زۆر ماندوو دەبوو بەڵام زۆر دڵی پێی خۆش بوو، چونکە پێی وابوو هەم بۆ ئامەنجەکانی گرنگەو هەمیش فێری کارێك دەبێت کە خۆی زۆر گرنگیی بە کار ئەداو پاشانیش زیاتر تێکەڵاوی خەڵك دەبێت.
هوداو بەهاریش بە بەکارهێنانی کەرەستەی سادەو هەرزان چەندین مەدالیاو شتی جوانیان دروست کرد، ڕۆژێك بردیانە بازاڕو بە بڕێکی باشی پارە فرۆشتیان، لەوسەرەوە بە کۆمەڵێك کتێب و چەند عەلاگەیەك میوەوە گەڕانەوە، کتێبەکان بۆ خۆیان و میوەکانیش بۆ دانیشتووانی پەناگەکە،
بێریتان و هوداو بەهار بەردەوام دەجوڵان، شەوو ڕۆژ خەریکبوون، کاریان دەکردو ناوە ناوەش گفتوگۆو کۆبوونەوەیان دەکرد،
ڕۆژێك پێشنیاریان کرد کە یەك هەڵمەتی پاککردنەوەو شۆردن بکەن بۆ پەناگەکە،
هەمووان ئامادەبوون و هەڵمەتەکە ئەنجامدراو کارێکی زۆر سەرکەوتووانە بوو،
تێکەڵاویی زیاترو قسەو گفتوگۆو پێکەنین و جوڵەو چالاکیی، کە بووە هۆی گەرموگوڕیی و ئاشنابوونی هەمووان بەیەکتری کە زۆر سودی هەبوو بۆ ژن و کچە گۆشەگیرەکان، ئەم چالاکییە وای لە بەڕێوەبەر کرد کە خەڵاتی گروپی (مەمکی دووپشك) بکات و بە تایبەتی دەستخۆشییان لێبکات،
دوای ماوەیەك کۆڕێکیان لە ناو پەناگەکەدا بەست لەسەر (مانەوەو گەشەی فکری ژنێتی لەناو شمشێری نێرسالارییدا)

سەرەتا بێریتان و پاشان هوداو دواتر بەهارو پاشانیش باجی تەلیعە ڕاوبۆچوونی خۆیـان لـەسـەر کەسێتیی ژن وت و ئینجا گفتوگۆ کرایەوەو هەمووان قسەیان کرد،

دواتر بڵاوکراوەیەکی مانگانەیان دەرکرد بەناوی (مێینە) لە ژێر مێینەکەدا بە بچووکی نووسـرابوو (هێنـدەی دوو پیاو شانازیی بە ژنێتیمەوە دەکەم).

لەم بڵاوکراوەدا هێرشی زۆر دەکرایە سەر کلتوری سەقەت و دەسـەڵات و حیزبـی حـوکمڕان و سیـستەمی سەرمایەداریی و نێرسالاریی و دواکەوتوویی و هتد و لە جیاتی ڕق تۆوی خۆشەویستییان دەچاند، پێکەوەژیان و یەکترقبوڵکردنیان بڵاو دەکردەوە،

دژایەتییکردنی پیاوانیان بە بنەما نەئەگرت، بەڵکو دژایەتییکردنی نێرسالارەکانیان لە لا ئامانج بوو،

چەند ژمارەیەك لە بڵاوکراوە مانگانەکە دەرکـرا، دەنگـی دایـەوە، تەنانـەت هەنـدێ کـچ و ژنـی دەرەوەی پەناگەکە بابەت و نووسینیان دەهێنا بۆ بڵاوکردنەوە،

کچێك کە هەموو بوونی ببوە کتێب، هەموو کات ئەهاتە لایان و نووسـینی بـۆ ئـەهێنان، بـەردەوام کتێبێکـی وشکی فەلسەفیی پێبوو، بەردەوام و لە هەموو کات و شوێنێك کتێبی ئەخوێندەوە، ئـەو کـچە نـاوی هێـشوو بوو، بە جۆرێك ئالودەو تێکەڵی کتێب ببوو کە مرۆڤ بە دیتنی ئەو وای ئـەزانی کتێبخانەیـەکی دیـوە، هێـندە شیرین و ڕۆحسوك و سادەو ڕووخۆش بوو هیچ کەس لەو پەناگەیەدا بە دیتنی بێزار نەئەبوو، لە پڕ دیار نەما.

لەسەر ڕەخنەگرتن و دژایەتییکردنی پیاوێکی کارگەکە، بێریتان لە کارەکەی دەرکرا،

پاشان بەرنامەی ئەوەیان دانا کە ژن و کچی چـالاکی کۆمەڵگـەی مـەدەنیی دەرەوەی پەناگەکـە بانگهێـشتی کۆڕو سیمینار بکەن، دوای چەند کۆبوونەوەیەك ئەوەیان پەسەندکردو خستیانە بەرنامەوە،

ژمارەی ئەندامانی گروپەکەیان گەیشتە نزیکەی بیست ئەندامی چالاکی بوێرو ڕەخنەگر،

ڕۆژێك بێریتان بیری ڕاژەڤان کەوتەوە سـەری، لـە کـەمترین مـاوەدا مۆڵـەتی وەرگـرت و خـۆی گەیانـدە شوێنکارەکەی ڕاژەڤان،

هەر لە دوورەوە ڕاژەڤانی دی کە لە سەر سەکۆیەکی بچووك دانیـشتووەو کتێـب دەخوێنێتـەوە، بـە دەنگـی بەرزهاواری کرد ڕاژەڤان، ڕاژەڤان

ڕاژەڤان کە هەموو کەسێکی بە خەیاڵدا دەهات لەو کاتەدا جگە لە بێریتان، سەری هەڵبڕیی و حەپەسا،

لەتەك بێریتانا گەیشتنە یەکترو لائیرادیی توند باوەشیان لەیەکتریدا،

شۆك ببون، دوایە یەکتربەردان وەك بڵێی هاتنەوە هۆش خۆیان خێرا داوای لێبوردنیان لەیەك کرد،

بێریتان وتی: کوڕی باش زۆر بیرتم ئەکرد.

ڕاژەڤانیش کە فرمێسك لە چاوی قوڵپەی دەهـات وتـی: نـەك بیرکـردن، تـۆ منـت کوشـت، هـەر ڕۆژێـك مۆڵەتدرابێتم بۆ تۆ گەڕاوم، زۆربەی پەناگەو سەنتەرو ناوەندەکانی تایبەت بە ژنان و کچان گەڕام بۆت ئـەوە ماوەی ساڵێکە تۆ لێم ناپرسی، ئێ باشە من جێگای تۆم نەدەزانی، خۆ تۆ جێگای منت دەزانی، بۆ نەهاتی؟!

بێریتانیش وتی: با جارێ دانیشین هەموو شتێکت بۆ باسەکەم و تێت دەگەیەنم، سەرەڕای ئەمەش هەرچی بڵێی حەقی خۆتە.
ڕاژەڤانیش کتێبەکەی دەستی داخست و لەولاوە دایناو خێرا چوو چاییەك بێنێت،
گەڕایەوە چایەکەی داناو وتی: ئادەی گوێم لێتە.
بێریتانیش پێش هەر قسەیەك کۆمەڵێ کتێب و هەموو ژمارەکانی بڵاوکراوەی (مێینە)ی پێشکەش کردو ئەویش بە خۆشحاڵییەوە وەری گرت،
پاشان دەستی بە گێڕانەوەی هەموو ڕووداوەکانی کە بەسەری هاتووە، هەموو ئیش و چالاکیی و گۆڕانکارییەکان کرد،
ڕاژەڤان بە جۆرێك خۆشحاڵ بوو بەم قسانە تا ئەو ڕادەیەی وتی: هەموو ئەو ناسۆرو خەمو بێتاقەتییەم بیرچووەوە کە ماوەی نزیکەی ساڵێکە بە بۆنەی تۆوە چەشتوومە، زۆر شادم کە ئاوا گەشەت کردووەو پێشکەوتووی، بەڕاستی شانازییت پێوە دەکەم کە لەسەر عەرزی تەخت و ڕەق خۆت دەسەپێنی و دەسەلمێنی، سەرەڕای ئەو هەموو کۆسپ و تەگەرەیە هێشتا پڕی لە وزەو هێزی گۆڕانکاریی و پێشکەوتن،
بێریتان قسەکانی بە ڕاژەڤان بڕیی و وتی: لە ڕاستییدا سەرچاوەی هیوای من کەسانی پاك و بەئیرادەی وەك ئێوەن، من لە ئێوەوە هێزو توانام وەرگرت، من لە هەموو قۆناغەکانی ژیان و لە هەموو سەرکەوتن و شکستەکاندا شتی تازە فێر دەبووم،
گرنگترین سودەکانی شکست ئەوانەن کە فێرمان دەکەن چی دەبێتە هۆی شکست و چۆن لەو شکستە دەرچین و چۆن جارێتر تێی نەکەوین،
ئا ئەمەیە ناسینی شکست خودی سەرکەوتنە، ناسینی سەرکەوتنیش خودی ئامانجە، ناسینی ئامانجیش خودی کەماڵە،
ڕاژەڤان هەردوو دەستی خستبووە ژێر چەناگەیی و جوان گوێی بۆ بێریتان گرتبوو،
بێریتان لە کۆتایی قسەکانییدا وتی: من کاتم نەما بەڵام بەڵێن دەدەم کە بێمەوە لات.
ڕاژەڤان بە نیگەرانییەکەوە وتی: لە کام پەناگەی؟
بێریتانیش ناونیشانی تەواوی دایەو هەستا بۆ ڕۆیشتن،
ڕاژەڤان وتی: بێریتان، ئاگات لە خۆت بێت، چونکە گرنگی بۆم.
بێریتان وەك بڵێی چاوەڕێی ئەم قسەی کردبێت خێرا وتی: گیانەکەم تۆش گرنگی بۆ من، ئاگات لە خۆت بێت،
ئیتر لەیەك دابڕان.

# بۆچی کۆیلەو ژێردەستە بین؟

دوای ئەوەی کارو چالاکییەکانی گروپی (مەمکی دووپشك) بە تایبەت بێریتان و هوداو بەهارو باجی تەلیعەو سێ کچی دیکەی چالاکیش بەناوەکانی ئەڤین و ئاسودەو ئاشتی، دەنگی دایەوە، دەسەڵات و سیستەمی سەقەت و گەندەڵی حیزبسالاری وڵات، ئەم چالاکیی و ناوبانگ و ڕەخنەگرتن و جوڵەو وشیاربوونەوەو دەنگە جیاوازانەی پێ قبوڵ نەکراو وەك هەمیشە بە پێی هەندێ زانیاریی ڕازاوە بە درۆو دەلەسەی جاسوسی، هێزە داپڵۆسێنەرەکانیان لە نیوەشەوێکدا هەڵیانکوتایە سەر پەناگەکەو وەك گورگ کەوتنە گیانی ئەو ژن و کچانەی کە دووجار بوونەتە قوربانیی کلتورو دەسەڵات،

لاپەڕەیەکیان بەدەستەوە بوو کۆمەڵێك ناوی لەسەر بوو لەوانە (باجی تەلیعە، بێریتان، هودا، بەهارو ئەڤین و ئاشتی و ئاسودە)

دوای هەندێك پێکاهەڵپژان و ڕووبەڕووبوونەوە، بە بەکارهێنانی گازی فرمێسکرێژ سەریان لێشێواندن و هەموویان دەستگیرکران

دواتر جگە لە ناوە ئاماژە بۆکراوەکان ئەوەکانی دیکە بەردران،

گیراوەکان گواسترانەوە بۆ زیندانی تاکەکەسی و وەك ئەوەی تیرۆریست بن هەڵسوکەوتیان لەتەکدا دەکرا،

بێریتان ئاگای لە حاڵی هاوڕێکانی نەبوو،

لە ژوورێکی ساردا بێ جێگاوبان تا بەیانی هەڵلەرزی،

بەیانی هەموویان برانە بەردەم ئەفسەری لێکۆڵینەوەو دانە بە دانەو بە وردی پرسیاریان لێکرا لەسەر کارو جوڵەو چالاکییەکان،

ئامادەبووانی ئەوێ (بێریتان، باجی تەلیعە، هودا، بەهار، ئەڤین، ئاشتی، ئاسودە)

بێریتان چووە بەردەم ئەفسەرەکەو وتی: هەموو تاوانەکان هی منن، کەس لەم هاوڕێیانە دەستیان لە ئیشەکەدا نیەو خەتای کەسیان نیە، بۆیە ئەگەر سزایەك هەبێت بۆ ئەم کارانە ئەوا دەبێت من سزا بدرێم و کەسی تر لەم کارەدا بەشدار نیە.

هەرچەندە هەموو هاوڕێیانی ئەوێ هاتنە پێشەوەو وتیان: نەخێر ئەگەر وشیاربوونەوەو ڕەخنەگرتن تاوان بێت ئەوا ئێمەیش تاوانبارین و ڕێك بەقەد بێریتان دەستمان لەم کارەدا هەیە،

بەڵام ئەفسەرەکە وتی: من یەکەم وتەم وەرگرت و قسەکانی ئێوە بنەمایەکیان نیە،

هەمووتان بڕۆنە دەرەوە جگە لە بێریتان.

هاوڕێیان وتیان: نەخێر بە هیچ جۆرێك ناڕۆینە دەرەوە لە بێریتانیش زیاتر نین و دەبێت وەك ئەو مامەڵەمان لەتەکا بکەن.

بێریتان دیسان دووبارەی کردەوەو وتی: جەنابی ئەفسەر ئەم هاوڕێیانە تەنیا لە دڵسۆزییان بۆ مـن ئـەم قـسانە دەکەن و هیچ ڕەبتیان بە ئیشەکەوە نیە.

ئەفسەرەکە پۆلیسەکانی بانگ کردو بە ئاماژە تێیگەیاندن کە ئەو نەفەرانە بکەنە دەرەوە،

بە پاڵ و بە زۆر هەموویان کرانە دەرەوە،

بێریتانیش ڕەوانەی زیندان کرایەوە، بەڵام زۆر دڵی خۆش بوو کە خۆی شانی داوەتە بەر ئەو بەرپرسـیارێتییەو تەحەمولیشی دەکات،

دوای دوو حەفتە مانەوە لـە زیندان و هێنان و بـردن و لێکۆڵینـەوەو ئەشـکەنجەی دەرونیـی و گاڵتـەپێکردن دواجار بە کەفالـەتی بەڕێوەبەری پەناگەکە ئازاد کرا بەو مەرجەی کە لـە مـاوەی یـەك حەفتـەدا ئـەو شـارە بەجێبهێڵێت،

بێریتان لـەتەك بەڕێوەبەری پەناگەکەدا کە ژنێکی زۆر خەمخۆرو باش بوو گەڕایەوە پەناگەکەو وردە وردە وەك هەمووجار دەستی بە کۆکردنەوەی کەل و پەل و کتێبەکانی کرد بۆ ئەوەی بڕیارەکە جێبەجێ بکات،

لەو ماوەیەدا ئەندامانی گروپی (مەمکی دووپشك) بە نهێنیی چەند کۆبوونەوەیەکیان لـەتەك یەکتریـدا کـردو زۆر مەسەلـەو بابەتیان تاوتوێ کردو دیسانەوە وەك ئاگر گەرم و گڕدارو پـڕ لــە هیـوا بوونـەوە، وەك بێـژی ئومێدیان زۆرە بە داهاتوو، ئەو کچانە زۆر گەشبین و هیواداربوون،

بێریتان ناونیشانی خۆراسانی دایە ئەو هاوڕێیانەو تکای لێکردن کە بێ هیـوا نـەبن و تەسـلیمی ئـەو کلتـورە سەقەتە نەبن، تەسلیمی هەڕەشەو گوڕەشەی دەسەڵات و چاوسوورکدنەوەی حیزب نەبن، تەسلیمی ئـیرادەی ڕزیوی سیستەمی نێرسالاریی نەبن و وتی: هاوڕێیان ئەوە زۆر ڕوونـە کـە ئێمـەی مـرۆڤ هـەمومان مردنێـك قەرزارین و دەبێت بمرین، ئەریێ خێرە بەسەرشۆڕیی و کۆیلـەیی و ژێردەستەیی بمرین؟ باشە بۆچـی سـەربەرزو بەحورمەتەوە نەمرین؟ بۆچی نەبینە قوربانیی شۆڕشێکی گـەورەی فکریـی و خۆڕزگـارکردن لــە کلکایـەتیی حیزب و بەرپرس و دزەکان؟ بۆچی هەموو کات خۆمان پێبچووك و ئەوانمان پێ گەورەو زلـەو زاڵ بێت؟

ئەریێ ئێوە وتە بەناوبانگەکەی کارڵ مارکستان نەبیستووە کە دەڵێت: ئـەوان گـەورە دیـارن بـەڵام کێـشەکە ئەوەیە ئێمە دانیشتووین و ئەوان بەپێوەن دەی با هەستینەوە؟ دەی کەوایە با هەستینەوەو چـاومان بکەینـەوەو لــە نێـوان ژیـان و مـردن ژیـان هەڵبـژێرین کـە بـەرخودان و بەرگرییـە، نـەك مـردن کـە تەسـلیبوون و خۆبەدەستەوەدانە وەك ئەوەی عەبدوڵا ئۆجەلان ئاماژەی پێداوە،

ئەم پرسیارو گومان و شیکردنەوانەی بێریتان وەك ئاگر بەربووە جەستەی شۆڕشی نوستووی ناو فیکرو زیهـنی ژن و کچە دڵگەرمەکانی پەناگەکە، کە بەشداری کۆبوونەوە نهێنییەکە بوون

لە هەمووان بەهیواتر باجی تەلیعە بوو کە وتی: ئێمەی مرۆڤ جارێك بە پاڵکەوتنەوە لــەدایکبووین و ناکرێـت ئەوە دووبارە بکەینەوە، بۆیە دەبێت وەك چیا ڕاستبینەوەو بە پێوە بمرین.

دوای کەمێك وەستان و ماتبوون بێریتان وتی: بۆ ئەوەی دۆست و خۆشەویستەکانمان بناسینەوە، بۆ ئەوەی لە دڵسۆزیی و خەمخۆریی دەوروبـەرمان تێبگـەین، پێویـستە بـەر لــە هـەر شـتێك لــە ڕەخنـەو پێـشنیارەکانیان

**وردبینەوەو شرۆڤەی حاڵی ڕەخنەگرو دۆخی ڕەخنەکان و کەشەوهەوای ژیانی پاش و پێش ڕەخنەگرتنەکان بکەین، بۆیە**

**ئەگەر ئەتەویٚ بۆم تێبکۆشی**

**ڕەخنەم لێبگرە لە بری دەستخۆشی،**

**پێویستە هەمووومان فێری ڕەخنەگرتن و ڕەخنەقبوڵکردن ببین و تێبگەین کە ڕەخنەگرتن و ڕەخنەقبوڵکردن دوو شاباڵی (فڕین تا یەقین)ی هەر مرۆڤێکی وشیارو ژیرو و پێگەیشتوو و چاوکراوەن،**

**دواتر ماڵئاوایی لە هەمووان کردو کەوتە ڕێ بۆ ئەوەی دواجار چاوی بە ڕاژەڤان بکەوێت و ئیتر بڕوات.**

# ژنبوون قارەمانێتییە

بێریتان بە خۆیی و کۆڵ و بارەکەیەوە گەیشتە لای ڕاژەڤان،
دوای سڵاوکردن و بەخێرهاتن و چاك و چۆنی، لە ماوەیەکی کەمدا تەواوی ڕووداوەکانی بۆ ڕاژەڤان باسکرد،
ڕاژەڤان بە خەمبارییەوە وتی: منیش لەتەك تۆدا دێم و بۆ کوێ بڕۆیت لات دەبم،
بەڵام بێریتان ئەمەی قبوڵ نەکردو بەڵێنی پێدا کە ماوەیەکی تر کاتێك سزاکەی کۆتایی دێت دەگەڕێتەوە لای، وە بە ڕاژەڤانی وت: هەرکات هاتی بۆ لام و بەدواما گەڕای بۆ ناوی بێریتان دووپشك بگەڕێ، وە بە هیچ شێوەیەك تەسلیمی ئیرادەی نەیاران نەبیت و نابێت ڕێگە بدەین ئاواتی ئەوان هەمیشە بێتەدی و ئێمەیش کۆیلە و بندەسبین و بە ژیانێکی (حیزیی و سەلامەتیی) ڕازیی بین، قەناعەت شتێکی گرنگە بۆ مرۆڤ بەڵام لەبەرامبەر زوڵم و زۆردا پێویست ناکات بە هیچ شێوەیەك قەناعەتمان بە زاڵم هەبێت،
ڕاژەڤان دوای کەمێك ڕامان لە ڕووخساری شێواوو ماندووی بێریتان، وتی: بەڕاستی لە کەسایەتیی تۆدا هەست بە تێکۆشەریی و کۆڵنەدان دەکەم و هەمیشە دەگەمە ئەو قەناعەتەی کە ژنبوون قارەمانێتییەو بە کەسانی وەك تۆ دەکرێت نەك هەموو کەس.
بێریتانیش کە هەمیشە وەك ئاو خوڕەی فیکری دەهات و دەجوڵا وتی: ڕاژەڤان گرنگ ئەوەیە ئێمە دەستپێبکەین، تەڤگەرێکی گەورەیی ئازادیی فکریی بەرپا بکەین، ئیتر خۆ مەرج نیە ئێمە سەرکەوین، بەڵام لایەنی کەم هەنگاوێك دەچینە پێشەوەو بۆ نەوەکانی داهاتوومان کارەکە ئاسانتر دەبێت، واتە نەوەی دوای خۆمان لە بری ئەوەی لەسەرەتاوە دەستپێبکەن لە چەند هەنگاو دواترەوە دەستپێدەکەن و بەمەش ئەگەری سەرکەوتن و گۆڕانکاریی و گەشەپێدانیی ڕۆشنگەریی و ئازادیی فکر، زۆر زۆرە.
ڕاژەڤان بە نەرمی وتی: بە ڕای تۆ سەرەتا دەبێت چی بکەین؟
بێریتان ویستی وەڵام بداتەوە،
بەڵام ڕاژەڤان دیسانەوە وتی: مەبەستم ئەوەیە ئێمە چیمان پێدەکرێت؟
بێریتانیش وتی: هاوڕێ گیان بەڕاستی زۆر ئاسانە، هەر ئێستا ئێمە دەستمان پێکردووە، ئێمە لەناو کارەکەداین، ماوەتەوە سێ شت ئەوانیش
بەردەوامیی و بڕوا بەخۆبوون
تەسلیم نەبوون و مانەوە
گەشەپێدان و بڵاوکردنەوەی فکری ئازاد،
ڕاژەڤان پرسی: ئەی مەگەر خۆگۆڕین زۆر گرنگ نیە؟

بیریتان به خێرایی وەك ئەوەی کە تێپەڕبوونی ئەو پرسیارە بەسەرییدا قورس بێت وتی: بەڵێ بەڵێ ئەوە زۆر گرنگە، ئەو سێ خاڵەی سەرەوە دوای ئەوە دێت
لەیادمان بێت لە هەر شتێ گرنگترو سەرەکییتر ئەوەیە کە خۆمان بگۆڕین، واتە خۆمان پێشبخەین و خۆمان و فکری خۆمان و کەسایەتیی و بەدەن و وجودو ڕۆحی خۆمان لە کۆت و بەندەکانی (کۆمەڵگا و دەسەڵات و پارەو سێکس و حیزب و سەرمایەداریی و چاولێکەریی و ترس و بێهیوایی و موداخەلەکردن)، ڕزگار بکەین
واتە دەبێت بەر لە هەمووان خۆمان کەسایەتییەکی سەربەست و بوێرو ڕەخنەگرمان هەبێت و پاشان خێزان و خانەوادەو دواجار هەوڵ بۆ ئەوانی تر واتە کۆمەڵگاو دەوروبەر بدەین،
دوای کەمێك بێدەنگی، ڕاژەڤان بابەتێکی بیریتانی لە بڵاوکراوەکە خوێندەوە، بابەتەکە ئەمەیە،
فەردبوون ئازادییە، فەردبوون ژیان و کاکڵی ژیانە،
ئەگەر لە ڕێکخستنی ژیانی ئازاددا پەروەردەی تاك (فەرد) وەك خودی خۆی بە ئامانج گیرا، ئەوا ئەنجام بەرهەمدار دەبێت،
خۆ ئەگەر پێچەوانەی ئەمە واتە پەروەردەی کۆ وەکو مێگەل بە ئامانج گیرا، ئەوا ئەنجام نەك بەرهەمدار نابێت و بەس، بەڵکو ئەنجام دەبێتە کۆسپ لە بەردەم گەشەی (فکری ئازاد)ی تاکدا،
تۆ بیربکەرەوە کە کەسێك لە پەروەردەدا وەك تاك مامەڵەی لەتەکا بکرێت و پێی بوترێت (تۆ هەیت و تۆ گرنگیت و تۆ تێکۆشەریت و تۆ توانای پێشکەوتن و گۆڕانکارییت هەیە) چ هەستێکی دەبێت و، کەسێکیش لە پەروەردەدا وەك بێتواناو موحتاج بە هێزو وزەی کۆمەڵگا مامەڵەی لەتەکا بکرێت و بخرێتە ڕیزی کۆوەو پێی بوترێت (ئێوە هەن و ئێوە گرنگن و ئێوە تێکۆشەرن و ئێوە توانای پێشکەوتن و گۆڕانکارییتان هەیە) چ هەستێکی دەبێت؟!
هەر وەڵامی ئەم پرسیارە سەرەتایەکی باشە بۆ بە بنەماگرتن و بە ئامانجگرتنی تاك لە پەروەردەی ژینی ئازادو فکری ئازاددا،
ئەمە دابڕینی تاك نیە لە کۆمەڵگاو ژیانی دەستەجەمعی و نامۆکردنی بێواتاو بچڕانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیی و ڕۆحییەکان، بەڵکو گێڕانەوەی تاکە بۆ ناو ناخی کۆمەڵ و کۆمەڵگا بەڵام بە دەنگ و ڕەنگ و هێزو وزەو توانستی خۆیەوە، واتە تاکێك لە ناو جەرگەی کۆمەڵگادا بەڵام بە دەنگ و ڕەنگ و جیاوازو دیارکەوتوو، بە فۆڕمی خۆی و کارنامەی خۆیەوە، بە وزەو هێزو چالاکیی خۆیەوە،
تاکێك وەك دروستکەری پردی پەیوەندیی نێوان تاکە چاکەخوازو یاخیگەرەکان و چەقی کۆمەڵگا،
ئەمە سادەترین نمونەی بە ئامانجگرتنی تاك و بە ئامانجگرتنی کۆیە.
بەمجۆرە کۆتاییان بە قسەو گفتوگۆکان هێناو بیریتان ماڵئاوایی کردو ڕۆشت.

# ئاو دەوەستێت بەڵام ئازادیخواز نا

بێریتان بە دڵێکی پڕ لە خەم و هەمان کاتیش پڕ لە هیواوە بەڕێکەوت بۆ ئەو جێگایەی کە نازانیٚ کوێیە، لە ڕێگادا بیری کردەوە کە بچێتە لادێیەك و تا ماوەیەك بمێنێتەوەو ئەم ماوە تەرخان بکات لە لایەك بۆ گەشەی فکریی و تێڕامان و لە لایەکیش بۆ کارو کاسپی و بژێویی ژیان،

بێریتان زۆر حەزی لە کارکردن بوو، هیچ کات بەوە ئاسودە نەئەبوو کە هەست بکات تەمەڵەو سەربارەو بەری ڕەنجی ئەوانی تر ئەخوات، بۆیە زیاد لە پێویست ئاشقی کارو جوڵەو کاسپیی بوو.

دوای بڕینی چەند کاتژمێر ڕێگا، بە تەواوەتی ماندوو بوو، لە پەنا دارێکا دانیشت و دەستی کردە خواردنی ئەو خورماو مێوژو فستق و بادامەی کە لە ناو بوخچەیەکی بچوکدا ڕاژەڤان ئەو کوڕەی لە خۆیەوە ئەکوڵا، دابووی پێی،

دواتر یەکێك لە کتێبەکانی کە باسی ڕیفۆرمی دینیی و مەزهەبیی ئەکرد، دەرهێنا بۆ خوێندنەوە، دەستی کردە خوێندنەوەو بەردەوام بوو تا گەیشتە ئەو جێگایەی کە ئەڵێت: (نە خودا بەو جۆرەیە کە دەقپەرستەکان ناساندوویانە پێمان و نە پێغەمبەریش بەو جۆرەیە، دین ئەو دۆزەخە ترسناك و کوشندەیە نیە، دین بەو شێوەیەی کە هەندێك کردوویانە بە مۆتەکەو بەڵاو دڕندەو ڤایرۆس و پێیان وایە لەمسەری ژیانەوە بۆو سەری ژیان ئەبێت لە ژێر سایەی حوکمەکانی دیندا بێت، نیە،

دین پڕە لە ئازادی، ئاشتیی و پێکەوەژیان، دین ئەگەر ئەسڵەکە بێت کەسێکی چاکەکاری سنوورنەبەزێنی بێدینی زۆر پێباشترە وەك کەسێکی خراپەکاری زاڵمی بەدین، باوەڕهێنان و باوەڕنەهێنان بە خودا بۆ خودا گرنگ نیەو ڕەنگیشە مەسەلەیەك نەبێت هێندەی کە چاکەخوازیی و پێکەوەژیان و یەکترقبوڵکردن لە نێوان بەندەکانی خودادا گرنگە،

دین ئەگەر ئەو گاڵتەجاڕییە بێت کە قەشەو مەلاو حاخام و پیرەکانی دین پێناسەی ئەکەن ئەوا نەك جارێك پێویست نیە بۆ کۆمەڵگا بەڵکو هەزار جاریش پێویستە کە لە ناو ببرێت و بن و بنەماکانی هەڵتەکێندرێت، چونکە بەو حاڵەیەوە دین خۆی کێشەیە ئیتر چۆن ئەتوانیٚ ببێتە چارەسەرو دەرمان؟ .....)

ئەو کتێبەی لاداو ڕۆمانێکی تری دەرهێنا بۆ خوێندنەوە کە هەم تەنزو کۆمیدیا بوو، هەمیش پەیامدارو جوان، ئەگەرچی ڕۆمانێکی زۆرو قەبارە گەورەبوو، بەڵام بێریتان لەسەر پێشنیاری هاوڕێیەکی کە ناوی ئاڤان بوو، وە خوێنەرێکی وشیارو چاوکراوەو لێهاتووبوو، ئەم کتێبەی ئەخوێندەوە، ئاوا دەستی پێکرد

(من و جەمال و کتێبە سوتاوەکە

بەیانی زوو بوو.

کەش و هەوا زۆر خراپ نەبوو، مام ناوەند بوو، واتە نەساردی زۆر و نە گەرمی بێتاقەتکەر.

خۆر لە سەر لوتکەی چیاکەی بەرامبەر شارەوە دەرکەوت، لەتەك پەڵە هەورەکاندا وەك دۆست دەردەکەوتن، بەڵام لە ڕاستیدا بەو جۆرە نەبوون.

چونکە خۆر خوازیاریی شاردنەوەی خۆی لە پشتی هەورەکانەوە نەبوو.

هەروەها هەورەکانیش بە دەرکەوتن و گەشانەوەو تیشکدانەوەی خۆر زۆر خۆشحاڵ نەبوون.

بە بوونی خۆر سەرنجەکانی سەر هەورەکان و بە بوونی هەورەکان سەرنجەکانی سەر خۆر لە لایەن بوونەوەرەوە کەم دەبۆوە، یان کاریگەرییەکانیان لەم دۆخەدا پەیوەست بوون بەیەکەوە.

بەهەرحاڵ

من لە ماڵ هاتمە دەر،

زۆر بێتاقەت بووم، چونکە نزیکەی ٦ مانگ دەبوو هەموو کارەکانی کتێبەکەم تەواو کردبوو، کەچی یەك کەس و لایەن و دەزگایەك ئامادەی چاپکردنی نەبوون.

لە کاتێکدا بازاڕو کتێبخانەکان پڕ بوون لە کتێبگەلی سەیرو سەرمەرەو بەکاری هیچ نەهاتوو، بێگومان ئەمە لای من وایە، ڕەنگە لە ڕاستییدا وانەبێت.

لە بەر دەرگا و لەبەر تیشکی دەردپەڕێنی خۆرەکەدا بۆی دانیشتم.

لە پڕ جەمال پەیا بوو.

ئەم جەمالە بۆ یەك سات بێ مەشروب و ئارەق هەڵی نەدەکردو هەمیشە وەك عارەبانە شکاو تەقەی دەهات و بەملاولادا دەکەوت و جرو فڕی لەیەك نەدەکردەوە، لەتەك ئەمەشدا بۆ نەگبەتی گوێیەکانی کزببوون و تەقریبەن کەڕ بوو.

ئیتر حاڵیکردنی جەمال و تێگەیشتن لە جەمال زەلامی خۆی دەویست، واتە تا جەمالت حاڵیی دەکرد حاڵی خۆت تێکدەچوو.

تەنانەت زۆرێك لە خەڵکی لەم ئاغا جەمالە هەڵدەهاتن، چونکە بە کوردییەکەی ملۆزم و قیرسیچمە بوو.

دەستمان بە قسە کرد.

جەمال: شەفیق چۆنی؟

ڕەفیق: شەفیق نا، ڕەفیق.

جەمال: کام شەفیق، ڕەفیق گیان؟

ڕەفیق: کوره خۆت داینێ.

جەمال: جا بۆ داینێم، بەخوا هەمووی فشەیه، حکومەتی چی و سەعاتی کارەبای چی؟، من هەر لەسەرتاوه وتم بۆ خانووه تازەکه داینانێم، لەو قەناعەتا نیم لێم بپرسنەوه.

ڕەفیق: چی چی؟

جەمال: کوره براکەم وەڵا هەر خەتای ئەوان نیه، هەمووی قۆڵبڕه، تۆ بۆچی تەنیا باسی پەنچەرچی دەکەیت؟، خۆ تەنەکەچی و ئەو شتانەش هەموویان هەر وان.

ڕفیق: بۆچی وان؟

جەمال: ئاخر وان شارێکی گەورەی کوردەو ئیتر هەموو برادەران خەریکین بۆ کۆنترۆڵکردن.

ڕەفیق: کۆنترۆڵی چی؟

جەمال: وەڵا شەفیق گیان قسەکەت زۆر ڕاسته بەخوا ئەمشەو تەلەفزیۆن ڕێك باسی ئەو مەسەلەی دەکرد، دەیوت کۆنترۆڵ زۆر خەتەرەو مرۆڤ تەمەڵ دەکات.

ڕەفیق: جەمال گیان شەفیق نا.

جەمال: نا نا ڕاسته ئەوه کتێبی چاکه، من نەمخوێندۆتەوه، بەڵام پورزایەکی براژنەکەم ئەیوت شازی کتێبەو یەك تەنەکه عیلمی واتیا.

ڕەفیق: کامە کتێب؟

جەمال: کتێبی شەفیق نامە، ئەوەی باسی ژیانی تۆفیق سدیق دەقیق دەکات، ئەڵێن ئەو تۆفیقە کوڕە گەورەی سدیق دەقیق بووەو تا بڵێی ئازاو لێهاتوو بووه، هیچ کەسێك چاری نەکردوەو تا ئەو ڕۆژەی مردوه کەس لێی نەبردۆتەوه.

ڕەفیق: کوره جەماڵ قەسەم بەخوا مێشکت ئاڵۆز کردم و مۆخی مێشکم شڵەقا، ئەرێ کاکە تۆفیق دەقیق کێیەو لە چیا ئازابووه؟

جەمال: ئەی بێقەزابی تۆفیق، کوره بابە ڕەفیق سدیق لە دۆمینەدا یەکەم و دووەم و سێیەم هەر خۆی بووه، ئەڵێن بە تولی عومری یەکجار دۆڕاوه، ئەویش ئەو کاتە بووه کە کچە بچووکەکەی کە تەمەنی ٦٧ ساڵ بووه شوی کردوه، خەمی بۆ ئەوه خواردوه داماوه مناڵە شوی بۆچییە؟، ئیتر ئەو جارە دۆڕاوەو زاواکەیان خاوەنی سێ سەیارە بووه، وتویەتی قوربان تۆ خەمی هیچت نەبێت، من هەموو نەفەرەکان ئەبەمەوه ماڵەوه،

ئیتر باوکی زاواکەیان زۆر ڕەزیل دەبێت، بۆیە ناوچاوگرژەکات و لەگەڵ خاتونی خێزانیدا واتە خەسوی کچەکەی تۆفیق دەقیق، دەبێتە شەڕیان.

لەو ڕۆژەوە ژنەکەی ئاغا جەمیل کە ناوی دەلیل بووه، ڕۆشتۆتەوە بۆ ماڵ ماڵیان لەو دیو گەڕەکەکەی خۆیانەوە بووه، ئەڵێن ئەو گەڕەکە پیسوپۆخلترین گەڕەك بووەو ژنانی گەڕەکەکانی تر پێیان وتوه خۆڵە عەمەلەکە.

ڕەفیق: کاك جەمال دەقیق پێمبڵی تۆ باسی چی ئەکەیت؟

جەمال: کاکە سەد جارم وت دەقیق نا، تۆفیق.

دەقیق ناسناوه، ئەڵێن باوکی تۆفیق زۆری حەز لە پیاز بووه، ماوەیەك پێیان وتوه سدیقە پیازه، ئیتر سدیق زۆر پەستبووه لەو دۆخەو وتویەتی ئەوەی دەقیق قسە نەکات ئەیکەمە فلیم.

ئیتر ناویان نا، سدیق دەقیق، ئەڵێن سدیق پیاوێکی زۆر وریاو باش و سەخاوەت و زیرەك و بەئەدەب بووه، بەخوا ئێژن نانێکی هەبووایە ئەیکردە دوولەتەوه، لەتێ بۆ خۆی لەتێ بۆ خەڵك،

ڕەفیق: جەمال تۆ زوو حوکم ئەدەیت لەسەر شتەکان.

جەمال: وەڵا بە تەمای حکومەت بیت بێ شێو سەر دەنێیتەوەو یەك پارو نانت دەسناکەوێ، بە ناشکوری نەبێت ئەم حکومەتە کوردییە وەك پشیلە وایە کە ئەزانێت گووەکەی بەسودە ئەیشارێتەوه،

وەڵا برا کتێبت قەت بۆ تۆ چاپ ناکەن و ئاو بێرەو دەس بشۆ.

ڕەفیق: جەمال گیان منیش دڵنیام لەو قسانە، بەڵام ئیتر چی بکەین ئەمە سەردەمەو ئێمەی تێکەوتوین.

دەبێت تەحەمولکەین، ئەگەرنا هیچمان پێناکرێت.

جەمال: کورە تۆ دەڵێی چی؟، دڵنیای داماو دوو ڕەخنەی گرت و چوار قسەی هەقی کرد کەچی تەختی عەرزیان کرد،کەس نەیزانی کێ بوو بۆ کوژرا؟.

ڕەفیق: جەمال گیان من دەبێت بڕۆم کارم زۆرە.

جەمال: باشە سڵاوم هەیە بۆ جەمال..

بەمجۆرە لە دەست جەمال نەجاتم بوو.

کەوتمەڕێ بۆ ناوەندی شار.

لە ناو پاسەکەدا دوو سێ دۆست و ناسیاوم دیت، ئێ ناچار دەبێت دەست بە باخەڵمدا بکەم و پارەی ئەوانیش بدەم.

سەرتان نەیەشێنم، سوێندم لە پارەدانی ناسیاوەکانم خواردو دەستم لە باخەڵم نا، کەچی کون و قوژبنی باخەڵەکانم گەڕام یەك فلسیشی تیا نەبوو.

ئیتر تا ئێوە دەڵێن بەس، من ئارەقی شەرمەزارییم هەڵڕشت و تەواو تەریق بوومەوە، یەکێك لە دۆستەکانم زۆر ئاسایی پارەکەی بۆ دام، ئیتر بێدەنگ لێی دانیشتین.

پاسەکە کەوتە جوڵەو پیاوەکەی تەنیشتم یەك قسەی گرتە ناو تەنگەم یەك بلۆکی لێدایە هەر ئەوەندە ئێشی دەبوو.

ئەویش ئەوە بوو وتی: زەلامی وا هەیە ملی بە حەوت تەور نابڕێتەوە کەچی یەك دینار لە گیرفانیا نییە!.

خۆ لە ڕاستیدا قسەکەی تەواو بوو، بەڵام من نەك بە حەوت تەور بە یەك تەور چوار ملم دەبڕرایەوە و ئیتر ئەمانە.

سایەقەکە کە لە قەڵەوییدا دەلەرایەوە لە بەر خۆیەوە دەیبۆڵاندو ڕقی تاسەکانی سەر جادەی بە ئێمە نەفەر دەردەبڕی

........................

بە قوەتترین کتێبم خوێندۆتەوە!

ئێوارە دوای نانخواردن.

هەموو کەس خۆیان ئامادە دەکەن یان بۆ خەو یان بۆ ماڵان بۆ پێشوازیی میوان، یان بۆ خوێندنەوەو تەماشاکردنی تەلەفزیۆن و ئەو شتانە.

من چوومە ژووری میوان و خۆم بە خوێندنەوەی گۆڤارێکەوە سەرقاڵکرد کە باسی ژینگەو تێگەیشتنی خەڵکی کوردی بۆ ژینگە دەکرد.

نووسرابوو،ژنێك لە حەوشەی خانووەکەیاندا سێ داری ناشتوە، پیاوەکەی سێ بە سێ تەڵاقی لێخواردووە ئەگەر ئەو سێ دارە بکاتە چوار ئەوا لە ماڵ دەری دەکات و دەیکاتە چوار لەتەوە.

سەیری ئەم بەزمە.

من لە خەیاڵی خۆمدا خەریکی ناشتنی دار بووم و بەسەر شاخ و شەقام و قەراخ جادەکاندا دەڕۆشتم و سەوزم دەکردن.

لە پڕ تەقە لە دەرگاکەمان هەستا.

لە ماڵی ئێمە بوو بە گرمە، خۆ کۆکردنەوەو خڕکردنەوەی قاپ و لابردنی شوێنەواری عەسرەخەوی منداڵەکان و داگیرسانی چراو تەلەفزیۆن و ئیتر ئەو جۆرە شتانە.

دەرگامان کردەوە.

ماڵی کاك سلەمان بوون.

هێرشی منداڵەکانی ماڵی کاك سلەمان ڕێگەی نەدەدا بە جوانی بەخێرهاتنی گەورەکان بکەین.

بەهەرحاڵ.

هاتنە ژوورەوەو دەنگی چاکوچۆنی و بەخێرهاتن و ئەحواڵپرسین، ئەو ناوەی شلەژان بوو، ببووە گەلەزەن و هەراوهوریایەك کلکی کەری کوڵی تیا ئەقرتیا،

کوڕی گەورەی کاك سلەمان ناوی ئاواتەو لە قۆناخی ٣ی بەشی مێژووی زانکۆیە.

کوڕێکی بە ڕووالّەت ڕۆشنبیرو قسەزان دیارە.

ئاوات، کتێبێکی پێبوو، قەبارە گەورەو بەرگجوان و بەردڵان دەهاتە پێش چاو.

ماڵی ئێمەو ماڵی کاك سلەمان هەر خەریکی قسەوباس بوون، هەریکەو لە یالێك درەوی دەکردو ئیتر هەرکەسەو بۆ خۆی قسەی دەکرد، بە جۆرێك تێگەیشتن لەو قسانە مەحاڵ بوو.

ئاوات، ڕووی کردە من و وتی: کاك خوسرەو ئەم کتێبەت خوێندۆتەوە؟

منیش وتم: نەوڵا ئەمە چییە؟

وتی: خۆمرۆ چۆن چییە؟ ئەمە کتێبە کتێب،

ئیتر ئاوا چووینە ناو باس و خواسەکانەوەو دەستمان بە قسەکرد.).

بەمجۆرە بە دەم خوێندنەوەی ئەو کتێبەوە ئاگای لە خۆی نەماو خەوی لێکەوت، ئاخر جگە لەوەی

تێخوێندنەوە مرۆڤ ماندوو ئەکات، خۆیشی زۆر شەکەت و ماندوو بوو،

کۆڵ و بارەکەی لە تەنیشتیا دانابوو، لەو کاتەدا دوو کوڕی گەنجی دەروون نەخۆشی کۆمەڵگا، کە ژیانی خۆیان لەسەر ئەزێت و ماندووبوونی کەسانی تر ئەگوزەراندو ڕەجەبئاسا بە ئاواتی پێگەیشتنی میوەکانەوە لە بن دارەکانا پاڵئەکەوتن، بەویدا تێپەڕین،

تەواوی شتەکانیان دزی و ڕۆیشتن، تەنانەت هەندێ خۆراك کە ڕاژەڤان دابووی پێی هەموویان دزی ،
دوای کەمێك بێریتان وەخەوەر هات، بەو پێیەی کە تێگەیشتنی هەبوو بۆ کۆمەڵگاکەی خۆی هیچ سەرسام نەبوو لەو ڕووداوە، بەڵام کەمێك نیگەران بوو، هەستایە سەر پێو زیاد لە حەدیش برسیی بوو، کەوتەڕێ هەم بە ئومێدی گەیشتن بە ئاوەدانییەك، هەمیش بە ئومێدی پەیداکردنی پاروویەك نان،
بۆ ماوەیەکی درێژ ڕێی بریی و هیچی لێوە دەرنەکەوت، پاش ماوەیەکی درێژو دەمەو ئێوارەیەکی درەنگ گەیشتە سەر کانیی و ئاوێك، سەرەتا تێر ئاوی خواردەوە، پاشان بیری کردەوە کە هەندێك لەو چیمەن و هەرێزەی قەراغ ئاوەکە بخوات، چونکە برسێتی زۆری بۆ هێنابوو، وە هیچیشی پێنەبوو بیخوات،
بۆیە ناچار دەستی کردە خواردنی هەرێزو چیمەنەکەو زوو زوو بە گوێلەکانی دەستی ئاوی بە دوادا ئەکرد، سەرەتا کەمێك ناخۆش بوو بۆی، بەڵام وردە وردە لەتەك جوین و جاویندا تامدانەوەی لە ناو دەمدا لەتەکییدا ڕاهات و تێر هەرێزی تەڕی گوێ چەم و کانیی خواردو پاشان دەستی بە وەرزش و ڕاکردن کرد بۆ ئەوەی گەدەی ئەو هەرێزو چیمەنە هەرس بکات،

به ڕاکردن خۆی گەیاندە بن تاوێرێك لەسەر بەرزاییەك، وردە وردە شەو داهات،
لورەی گورگ و دەنگی زیقاوڵەی ئەو چەمانەو قووزەی چەقەڵ و واقەی ڕێوی تێکەڵی یەکتربوون و نەیانئەهێشت خەو بچێتە چاوی بێریتان،
بێریتان بیری کردەوە، بۆچی نەخەوێت و پشوو نەدات؟ لە چی ئەترسێ؟ بە لایەنی کەمەوە ئاژەڵەکان وەك مرۆڤەکان نین، ئەگەر بزانن و دڵنیابن کە مرۆڤ زیانی بۆ ئەوان نابێت ئەوانیش هیچ زیانێکیان نابێت و تووخنی مرۆڤ ناکەون،
بۆیە بەردێکی تەختی هێناو هەندێ خۆڵی کردەسەرو بە هێمنی سەری خستەسەریی و جوان لێی خەوت، گزنگی خۆری بەیانی وەخەبەری هێنا، سەرو ملی کەمێك ڕەق ببوو، بەڵام بە وەرزش و ملبادان تۆزێ ئافاقەی بۆ هات و هێواش هێواش شۆڕ بووەوە بۆ ناو چەم و کانییەکە بۆ خواردنی هەرێزو چیمەن لە جێی قاوەڵتیی بەیانیان و پاشان بیر بکاتەوە کە چی بکات، دوای خواردنی هەندێ هەرێزو داردەستێکی باشی لە دار چنارێکی ئەو چەمە دروستکردو توێکڵەکانیشی خستە گیرفانی نەبادا لە ڕێگا برسیی ببێت و هیچی دەست نەکەوێت بۆ خواردن، ئەوکات ئەو توێکڵانە ئەخوات.
بێریتان بە تەواوەتی بڕوای بەوە هەبوو مرۆڤیش بە پێی تێپەڕبوونی کات و ڕاهاتن و خۆگونجاندن لەتەك دەوروبەردا ئەتوانێت هەرشتێك کە ئاژەڵ و باڵندەکان ئەیخۆن، بیخوات و هیچ زیانیشی نابێت، تەنانەت بیری لەوە کردەوە کە ئەزموونی دڕکخواردن بکات، بۆ ئەوەی بزانێت هەم لە ناو دەمیدا چی ئەبێت هەمیش گەدەی بە چ شێوەیەك هەرسی ئەکات و دواجاریش ئەوە ئاشکرا بکات کە دڕك ئەخورێت یان نا.
جار جارەش لە بەر خۆیەوە ئەو پەندە کوردییەی ئەوتەوە  کە یەژێت: (ناچاری، مرۆڤی نەخوێنەوار ئەکاتە مامۆستاو دکتۆرو ئەندازیارو حەکیمی حاڵی خۆی ).
هیچ کتێبێکی دارویی نەدیبوو، بەڵام هەندێ شتی لەسەر تیۆریاکەی بیستبوو سەبارەت بە پەرەسەندن و خۆگونجاندن، بۆیە لێرەدا بە نیازی تاقیکردنەوەی ئەو تیۆریاو دواجار بە زانستکردنی، هەوڵی ئەدا ئەزموونی بابەتە سەرکەشییەکان بکات

.........................................................................................................................................

.........................................................................................................................................

.........................................................................................................................................

.........................................................................................................................................

.........................................................................................................................................

.........................................................................................................................................

.........................................................................................................................................

.........................................................................................................................................

.........................................................................................................................................

..........

--ئەلف: من زۆر بەدڵنیاییەوە پێم وایە کە لەسەر هەقم و کۆتا قسەی ڕاستیش لای من و ئایدیاکەی منە.
--بێ: هەمیشە قسەیەکی تر هەیە لە بارەی شتەکانەوە، بۆیە زۆر بەدڵنیاییەوە قسە مەکە..........

.................................................................................................

.......................................

به هەناسەبڕکێ هات و وتی: ئەم ڕاستییەش بزانن کە دکتۆرەکان بەشێکن لە هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەو تەشەنەکردنی نەخۆشییەکان،
ئێمە تەندروستییمان تێکەچێ، بەڵام دکتۆرەکان نەخۆشمان ئەخەن و توشی دەیان دەردمان ئەکەن و ناچاریشین بچینەوە لای ئەوان بۆ چارەسەر، چونکە هۆکاری دەردە گەورەکان ئەوان و ئاغاکانی ئەوانن لە کارگەکانی دەرمان و سیستەمی سەرمایەداریی.
ئەم قسانەی کردو مرد.

...............................................

.................

.................

دکتۆرەکان زانست ئەخوێنن نەك ئەخلاق، بۆیە چاوەڕێ مەبن کە زۆر باش بن، بەڵام چاوەڕێ بن کە زیرەك بن،
ئاخر زانست ئینسان ژیرەکات نەك باش و بەویژدان، وە مەرجیش نیە کە ژیریی، ئینسان لە خراپەوە بگۆڕێ بۆ باش،
پێویستە لەتەك زاسنتی پزیشکییا دکتۆرەکان فەلسەفەی ئەخلاقیش بخوێنن، ئەم قسە بۆ هەموو دکتۆرەکان نا، بەڵام بۆ زۆربەیان ڕاستە.

....

.......................................................................................

....

.................

...................

...................................

.....

.......................................................................................

ئێمەش قسەمان زۆرە بۆ وتن، پرسیارمان زۆرە بۆ کردن و گومانیشمان زۆرە، بیریش ئەکەینەوە، بەڵام..........

**......: ئاخر بۆیە، ناتوانین بگەینە ئەوەی کە بتوانین ئیتر توانین و نەتوانین ڕامان نەگرێت،**

**چیی؟؟**

**ها؟!**

# بیکردنەوە چییە؟

**ئەم لاپەڕە بۆ کەسانێك کە ئەفامن.**

## یەقین چییە؟

**ئەم لاپەڕە بۆ کەسانێك کە ئەفامن.**

**ئەفامن: واتە بیر ئەکەنەوەو بوێریی گومان و دواتریش پرسیاریان هەیە،**

**ئەفامن: واە کەسانێك کە لاپڕەی سپیی نەك ئەخوێننەوەو بەس بەڵکو دنیایەك بابەتی لە پشتەوە ئاشکرا ئەکەن و بیرکردنەوەیان وردو قووڵ و واتاداری جۆرێکە کە ئەکرێت لە هیچ هیچ دروست بکەن و هیچیش بکەنەوە هیچ.**

## پرسیار چییە؟

**ئەم لاپەڕە بۆ کەسانێك کە ئەفامن.**

**شتێ بێژەو دوای ماوەیەك لێی ورد بەرەوە.**

## وەڵـام چییە؟

**ئەم لاپەڕە بۆ کەسانێك کە ئەفامن.**

**لـەیرە دێڕێك بنووسەو دواتر کتێکی باش (باش : واتە باش) بخوێنەوەو دیسان ئەم دێڕەی ئـەیرەت سەیر بکەرەوە.**

# خودی چی چییه؟

**ئەم لاپەڕە بۆ کەسانێك کە ئەفامن.**

**ئەم دوو سێ وشەی کە لێرەدا وەك  وەڵام ئەیاننووسی، دوا مانگێك بیانکەرە پرسیار.**

ئەو: تۆ ئەوەت  گەرەکە کە من نەمگەرەکە.

ئەم: تۆ ئەوەت ئەویٚ کە من نامەویٚ.

هەردووکیان: باشە با هەریەکەو خۆمان بین و یەکتریش قبولٚ بکەین.

**ئایا تۆ ڕاستم؟**

**یان من ڕاستی؟!**

.................................................................................................................

.................................................................................................................

.................................................................................................................

.................................................................................................................

.................................................................................................................

.................................................................................................................

.................................................................................................................

.................................................................................................................

.................................................................................................................

.................................................................................................................

.................................................................................................................

.................................................................................................................

.................................................................................................................

.................................................................................................................

.................................................................................................................

.................................................................................................................

.................................................................................................................

.................................................................................................................

..............................................................................

**چیتر ماوه بۆ وێرانبوون؟!.**

**وێرانمان هەیەو وێرانیشمان هەیه.**

**ئەبێ بوێرین که بنەماکانی کۆتکردنی بیرمان وێران بکەین.**

**لاپەڕە بەتاڵەکان پڕن لە وشەو وتەو قسەو فسەفسی نـەوتراوی لــە چـاڵنراوی ئینـسانە بێگیانـە بێزمانە داماوە فەوتاوەکانی کۆمەڵگای بە حساب بەشەری.**

بەشێك لەو چیرۆك و بەسەرهاتانەی كە لە لایەن سەردارو ڕێبوارو سەلامەوە لە سەروەختی نارەزایەتییەكانی خەڵكا دژی گەندەڵیی نووسراونەتەوەو لە تەنەكە خۆڵەكانا دوای دڕاندنیان لە لایەن گۆرانەوە دۆزراونەتەوە،

((بسم الله الرحمن الرحیم

بەناوی دۆستی مەزن و میهرەبان.

# (کوردۆ کوژرا، بەڵام قەڵەمەکەی هەر ماوە!.)

ئێوارەیەکی ئازاراوی..

زۆر نەبوو کاردۆخ گەشتبووەماڵەوە.

دەیویست کەمێك پشوو بدات، چونکە ئەمڕۆ بە درێژایی ڕۆژ خەریکی ئامادەسازیی بوو بۆ خۆپیشاندانێك دژی بە قاچاخبردنی نەوت لە لاین چەند حزب و بەرپرسێکەوە.

وەستای شوشەچییەکە کە کاردۆخ کاری لا دەکرد هەڕەشەی دەرکردنی کاردۆخی کردبوو ئەگەر بەمجۆرە کار بکات.

دایکی کاردۆخ واتە ئامینە خان، ئافرەتێك زۆر هێمن و لەسەرخۆ بوو، خوێنەوار نەبوو بەڵام زانیاریی باشی لابوو، زۆر باش شارەزای مافەکانی ژنان بوو، تەنانەت مێژووی سەرهەڵدان و ڕاپەڕینەکانی ژنانی جیهانی لەبەر بوو.

که دەکەوتە قسە، مرۆڤ وا بیری دەکردەوە کە ئەم ئافرەتە ئەکادیمییەکی زۆر وریاو شارەزایە لە بواری کێشەی ژناندا.

ئەوەی جێگەی سەرنج بوو، ژنانی گەڕەك لە نێویاندا مامۆستاو دکتۆرەو تەنانەت پارێزەر هەبوون، کەچی بۆ پرسوڕای گیروگرفتەکانیان، خنە خن دەهاتنەوە ماڵی ئامینەخان و داوای بۆچوونی ئەویان دەکرد.

باوکی کاردۆخ مێردی دووەمی ئامینەخان بوو.

مێردی یەکەمی ئامینەخان، چەند ساڵ پێشتر، دەسەڵات سەرنگومی کردبوو، پاشان کوشتبوویان.

بە قسەی ئامینەخان کە زۆر جار بۆ کاردۆخی دەگێڕایەوە، هۆکاری سەرنگومکردن و کوشتنی مێردەکەی نووسینی بابەتێك بووە لەسەر دزی و گەندەڵییەکانی وەزیرێکی وەزارەتە خەتەرەکان و چالاکییە مەدەنی و ڕەخنەکانی.

کاردۆخ لە سوچێکی ژوورەکەی خۆی کتێبێکی قەبارە ئەستوری پێبوو کە باسی شۆڕش و قوربانیدانی دەکرد.

بەڵام کتێبەکەی نەدەخوێندەوە....

چاوی چەپی داخستبوو، بە چاوی ڕاستی تەماشای بنمیچی سەقفی ژوورەکەی دەکردو لـە دڵـی خۆیدا دەیوت: دەی گویٚ مەیەرێ، ئەمڕۆ نا بەیانی، ئیتر ئەمە دنیایە، هەروا دەبێت.
پاشان هەر لە دڵی خۆیدا دەیوت: کورە ئاخر ئەمە کەی ڕاستە؟ من بۆ؟.
وەڵاهی نازانم بڵێم چی؟...
ئامینەخان بە تەقەی دەرگای ژوورەکە کاردۆخی لەو دەریای خەیاڵە هێنایە دەرو هاتـە لای و بـە هێواشی وتی: کوڕم، هـا چیت کـرد؟ ئـەمڕۆش ڕێگـەیان نـەدان خۆپیـشاندان بکـەن؟ دیـسان دواتانخستەوە؟.
پاشان کەمێك وەستاو دیسان وتـی: ئێـی کـوڕم، هـەژارەکان لـە جیهانـدا خـاوەنی هـیچ نـین، جانۆرەی ئەم وڵاتە کاولەی خۆمانە، ئێوە بە تەمان چی چاك بکەن، تا دانەیەك چاك دەکەن سـەد خراپ دەبێت.
کاردۆخ وەڵامی زۆری پێبوو بۆ ئەم قسانە، بەڵام هەم لەبەر هیلاکی و هەمیش لەبەر بێزاریی لـە دۆخەکە، ویستی کۆتایی بە باسەکە بهێنێت، چونکە دەیزانی بە وەڵامەکانی ئەم، هەویرەکـە ئـاو زۆرتر دەکێشێت، ئاخر ئامینە خانیش بۆ وەڵامـەکان پرسـیاری تـرو وەڵـامی تـرو گومـانی تـری ئامادەکردبوو.
بۆیە کاردۆخ بە خوێنساردییەکەوە وتی: ڕاستە دایکە گیان، هەق بە تۆیە!.
ئامینــەخان لــەم وەڵامــە ســەری ســوڕما، چــونکە هــەرگیز کوڕەکــەی بــەو بێدەســەڵاتییو خۆبەدەستەوەدانەوە نەدیبوو.
لە دڵی خۆیدا وتی: دەبێت ئێستا بیجوڵێنم و هەرچۆنێك بووە هۆکـاری بێزارییەکـەی پێـدەزانم، ئەمە وانابێت.
ئامینەخان کە زیاتر لە ئەفسەری لێکۆڵینەوە دەچوو تا ژنی ماڵـەوە، بـە ئاسـانی کـۆڵی نـەدەدا، دەبوا تۆمەتبار هەر شتێك بە باش یان خراپ بڵێت.
ڕووی کردە دیوارەکەی بەرامبەر کـاردۆخ و بـە بێهیواییەکـەوە وتـی: کـوڕم ئێـوە نـەتانوێراوە خۆپیشاندان بکەن، ئێوە دەترسن لە مردن، ئێوە ئامادەی قوربانی نین و کەچی خوازیاری شۆڕشن، ئێوە دەتانەوێت ماسی لە ناوەڕاستی دەریاکە ڕاو بکەن و کەچی ئامادە نـین بـۆ سـاتێکیش خۆتـان فێری مەلەکردن و تۆڕهەڵدان بکەن، ئێوە دەتانەوێت حکومەتی گەنـدەڵ بـڕوخێنن و لـە جێیـدا حکومەتێکی دادگەرو ئـازادیخواز دابمـەزرێنن کەچـی سـەرەتاییترین زانیاریتـان لەسـەر بنامـەکانی پەیکەری حکومەتی گەندەڵ و حکومەتی دادگەر نیە، ڕێك وەك ئەو بازرگانە وان کـە کاڵاکـانی

دەبات بۆ شارێك نەك نازانێت کاڵاکانی دەکڕن یان نا بەڵکو هەر هەر نـازانێ شـارەکەش نـاوی چییە!.
ئەم قسانەی ئامینەخان کاردۆخی جۆشداو خستیە جوڵە، مەبەستی ئامینەخانیش هەر ئەمە بوو.
کاردۆخ بە پەشۆکاوی هاتگۆو وتی: دایکـە، ئەوانـەی تـۆ وتـت هـەمووی ڕاسـتە، بـەڵام ئێـوە نەترساوین و ئامادەی قوربانییشین بۆ شۆڕشەکەمان، بـەڵام دوێنـێش و ئـەمڕۆش پارەمـان لێـبڕاو تەنانەت نەمانتوانی لاپەڕەی دروشمەکان چاپ بکەین.
هەردولا تۆزێك بێدەنگ بوون.
کاردۆخ لە دڵی خۆیەوە بیری دەکردەوەو دەیوت: بڵێی قسەکانم ئـاوی دڵـی دایکمـی دابێـت؟ بێیت کاریگەر بووبێت؟، بـۆ نـا؟ خـۆ قـسەکانم ڕاسـتەو قـسەی ڕاسـتیش هەمیـشە کاریگـەریی کارتێکەری هەیە.
لـە پڕ دەنگێك بەرز بووەوە.
ئەمان خێرا هاتنە دەرێ.
لـە دەرەوە غەڵبەغەڵبە.
هەرایە.
قیژەیە.
ئامینەخان بەپەلـە گەشتە سەر دۆخەکەو...
چی دی؟.
چی بیست؟.
کاردۆخ بە هەڵەداوان خۆی کرد بە ناو قەرەباڵخییەکەداو خێرا وتی: دایکە چی بووە؟.
ئامینەخان بەدەم هەنسکی گریانەوە بە پچڕپچڕی وتـی: کوڕەکـەم، بەداخـەوە کـچە تاقانەکـەی سەرگوڵـە قوڕبەسەر لـە حەمامدا کارەبا گرتویەتی و دەستبەجێ گیانی دەرچووە!.
کاردۆخ کە کە لـە ناخەوە دەکوڵا، بە تاساوییەکەوە وتی: دایکە، مەبەستت لـەیلایە؟ یانی لـەیلای بچوك و ڕۆحسوکی گەڕەك مردوە؟.
ئامینەخان کە لـە دڵی خۆیەوە ئازارەکانی سەرگوڵی لێکدەدایەوە وتی: بـەڵێ کوڕەکـەم، هـەمان ئەو کچە داماوە هەژارەی کە لـەبەر بێپارەیی وازی لــە خوێنـدن هێنـاو دووسـاڵیش پـێش ئێـستا باوکی لـەبەر نەخۆشیی درێژخایەن کە پێشمەرگەی دێرین بوو، گیانی لـەدەستدا.

وشەکانی سەرگوڵی بێمێردو هەژارو کچمردوو، دڵ و دەرونی ئەو خەڵکەی دەسوتان، ئەو ئێوارە پریشکی ئـاگری جـەرگی سـوتاوی سـەرگوڵی کەسـوکار ئـەنفالکراو تـەواوی شـاری مـادانی گرتبووەوە.

گەڕەکەکەی ماڵی ئامینەخان وەك دەمارێکی برینداری جەستەی شاری مادان خـوێنی لێدەچۆڕاو گریانی تەواوی خەڵکی ئەو دەڤەرە لافاوێکی لە ئەشك و فرمێسك خولقاندبوو.

مناڵەکانی گەڕەك کە هەمووان بەرهەنسکیان دەداو هەوری ڕەشی ئاسمانیان ترساندبوو، ناهـەقیان نەبوو کە لـە ناخەوە بسوتێن بۆ لـەیلای تەمەن ١١ساڵ.

بەهەرحاڵ، بەهەر هەوڵ و تەقەلایەك بوو، ئەو ئێوارە تەرمی بێنازی ئەو کـچە هـەژارە بێکەسـەیان ناشت و هیچ لایەنێکی حیزبی و حکومی ئامادە نەبوون.

ئامادە نەبوون، لـە کاتێکدا باوکی ئەم لـەیلا هەژارە، ساڵانێك خەباتی بۆ ئەم ئازادی و سەرفرازییە کرد، ساڵانێك لـە کێوەکانی کوردستان و لـە ناو جەرگەی بەفردا بە دڵێکی گەرمـەوە جەسـتەی خاکی برینداری پێنجلەتکراوی کوردستانی تیمارو چارەسەر دەکرد.

بەڵام بە داخەوە، کاتێك باوکی لـەیلا توشی نەخۆشیی درێژخایەن بوو، هەرچـەندە هـەوڵی دا تـا بینێرنە دەرەوە بۆ چارەسەر، هیچ فایدەیەکی نەبوو!، تـا دواجـار بـەدەم ئـازارەوە، لـە نـاو ماڵـە ساردوسڕە کونکونەکەیدا، لەبەر چاوی ژنە هەژارو بێدەرەتان و کچە بێنازەکەیدا، گیانی گەرمی سارد داهات و سپاردیە زاتی هەق.

سەرگوڵ خان، کە دایکم هەمیشە بە سەرگوڵە قوڕبەسەر نـاوی دەبـرد، دەیگێڕایـەوە کـە پـێش ئەوەی باوکی لـەیلا گیانی دەربچێت، بە تێرو تەسەلی ماچی لـەیلای کردوەو پێی وتـوە: کـچەکەم هیوام وایە ئەگەر بە هەژاریش ژیایت لانیکەم بە هەژاری نەمریت.

سەرگوڵ خان، کە دڵی پڕبوو لـە قسەو بەسـەرهات و گریـان و ئـازارو ئێـشی درێژخایـەن، لـە بەردەوامیدا لـە گێڕانەوەی چیرۆکە بچووکە گەورەکەی دەیوت: باوکی لـەیلا، لـە دوو شۆڕشـی کورددا خەباتی کردوە، تێکۆشاوە، بە شایەتی تەواوی ئەو کەسانەی دەیناسن بچوکترین خیانـەتی لـە خاك و نیشتمان نەکردوە، چەند جار بریندار بووەو مناڵەکانیشمان ئەنفالکران و تەنیا لـەیلای تاقانەمان هەبوو، بەڵام بەداخەوە دوژمنـانی کـوردو خیانـەتکاران و خاکفرۆشـان زۆر لـە پـێش ئێمەوەن و لـە باوکی لـەیلا زیاتر حورمەتیان هەبووەو هەیە.

کـاردۆخ و دایکـی بـەدەم گریـانی ئـازارەوە هاتنـەوە مـاڵ و کـاردۆخ زیـاتر لـە گەنـدەڵی و ناعەدالـەتییەکانی ئەم حکومەتە کوردییە بەناو خۆماڵییە، پڕو نیگەران بوو.

سەرگوڵ خان بە گریان و شیوەنەوە، گریانێك كە بەردی بە ئاو دەكرد، گەڕایەوە ماڵەوە.
دوای كەمێك ژنانی گەڕەك وەك هەمیشە لە ماڵی سەرگوڵ خڕبوونەوەو سەرەخۆشییان لە سەرگوڵ خان كردو كەموزۆر ورەیان بەرزكردەوە.
ژنانی گەڕەك لە ماڵی سەرگوڵی بێكەس و جەرگسوتاو هاتنە دەرو پێش ئەوەی بڵاوەی لێبكەن، ئامینەخان پێشنیاری كرد بۆ هاوكاریكردنی سەرگوڵە قوڕبەسەر، پێویستە پارە كۆبكەینەوەو تەواوی پرسەكەی بۆ بەڕێوە ببەین.
ژنانی گەڕەك ئەمەیان پێخۆش بوو، هەمووان باشەیان كردو............
كاردۆخ تەلەفۆنی بۆ یەكێك لە هاوڕێكانی كە ناوی چالاك بوو،كرد، پێی وت: برام، من بەیانی ناتوانم بێم، شتێكی ئاوا ڕوویداوە، دراسێمانەو هەژارن و بێكەسن و ئەركمانە كە بارەكەیان سوككەین و پرسەیان بۆ ئامادە بكەین. چالاكیش سەرەڕای نیگەرانی بۆ دۆخەكە بەڵام وتی: چار نیە، دەبێت دیسان كارو چالاكییەكانمان دوابخەین و هەتا ئێمەش دوابكەوین ئەم حكومەتە لە نادادی و ستەم و گەندەڵییەكانی بەردەوام دەبێت.
كاردۆخ بە نیگەرانییەكەوە وتی: هاوڕێم، تۆ ڕاستدەكەیت، وەستانی ئێمەو تەماشاكردنی ناعەدالەتییەكانی حكومەت، دەبێتە خوێن و دەچێتە گیانی چەپەڵی ئەم دەسەڵاتەوە، بۆیە دەبێت نەوەستین و هەقی ئەم گەلە داماوە لە قوڕگی بەرپرسان دەربهێنین.
ئەم قسانە تەواو بوو، تەلەفۆن داخرا.
كاردۆخ بە هێواشی دەستی دایە قەڵەكەی و هۆنراوەیەكی زۆر سادە بەڵام واتاداری نووسی، هۆنراوەیەك كە هەستی ناخ و بیری مێشكی بوو.
مرۆڤەكان، خەریكی چین؟.
یاریی بە كام ئاگری ساردو وێنە لە تەنیشت كام بەفری گەرم و سەما بۆ كام كوێر دەكەن؟.
پارەی مرۆڤەكان چییەو دواجار بۆ كوێ دەچێت؟.
دەسەڵاتداران و ستەمكاران، خەریكی قوڵكردنی گۆڕەكانیانن یان خەریكی زیادكردنی گڵی سەر گۆڕەكانیانن؟.
ئەوانە ئەشقیان هەیە؟
ئەرێ بە ڕاست ئەوانە دڵیان هەیە تا ئەشقیان هەبێت؟.
نەخێر ئەوانە مقەبان و ئەسڵەن وجودیان نیە.....
وجود..

وجود..........................................................................
.
دوای ئەم نووسینە کاردۆخ خەوی لێکەوت و ئامینەخانیش وەك هەمیشە و وەك منداڵ بردیە سەر جێگاکەی خۆی و جوان بانیداو قەڵەم لاپەڕەو پەرتوکەکانی لە تەنیشت سەرییەوە دانا.
پاشان ئامینەخان دەستنوێژی هەڵگرت و دەستی بە شەونوێژو زیکر کرد..

کوردۆ: قەڵەمەکەی من و بیری سەقەتی ئێوە.
کاوان کوڕە هەژارێکی دانیشتوی گوندی سۆمەر بوو.
سۆمەر گوندێکی خنجیلەو بچوکی دەڤەری شاری ئاران بوو، ئەو دەڤەرە تەختایی بوو، تاك تاك شاخی بچوکی باگر بوونی هەبوو.
کاوان چەند جارێك بۆ کڕینی کتێب هاتبووە یەکێك لە کتێبخانەکانی شاری ئاران و لەوێ کوڕێك ببوە هاوڕێی ناو ئازاد بوو.
ئازاد گەنجێکی توکڕەشی باڵابەرز بوو، کوڕێکی تابلێی ڕۆشنبیرو وریاو وشیار، لەسەر هەموو شتەکان قسەی هەبوو.
کاوان هەر جارێ دەچووە کتێبخانەکەی ئەو، تاوێکی باش قسەو گفتوگۆیان دەکردو چەند جارێکیش کتێبخانەیان دادەخست و خۆیان بە چایخانەکەی وەستا هۆمەردا دەکرد.
چایخانەکەی وەستا هۆمەر، پڕ بوو لە پیاوی خاوەن ئەزموون، خانەنشینان و هونەرمەندو نووسەرەکانی شاری ئاران.
کاوان زۆر کەیفی بەو چایخانە دەهات و لەوێ وەك گوڵ دەگەشایەوە، چونکە گوێی لە بەسەرهاتی ژیان و ئەزموونەکانی ئەو پیاوانە دەگرت.
کاوان بە قسەی خۆی کە هەموو جار بۆ ئازادی باس دەکرد، دەیوت: من زۆر سود لە ئەزموونی پیرەکان وەردەگرم و هەورازو قۆناخەکانی ژیانی ئەوان وەك وانە وان بۆ من.
ئازاد کە هاوڕێکی نزیکی کاردۆخ بوو لە شاری مادان و هەروەها هاوڕێی جەمشید بوو لە شاری ئەورام، هەروەها پەیوەندییەکی باشیشی لەتەك هەریەك لە ڕۆستەم و زاگرۆس لە شارەکانی باشدین و زیلان هەبوو.
ئازاد، ڕێکخراوێکی نەتەوەیی دژی گەندەڵی و بۆ پاراستنی بەرژەوەندی گەل هەبوو، ناوی ڕێکخراوی ئازادیی گەل و سەربەخۆیی نەتەوەیی–ئاگسن–، بوو، تەمەنی ڕێکخراوەکە نزیکەی ٤ ساڵ دەبوو، کارەکانیان دژی گەندەڵی و دژی قۆرخکاری و ناعەدالەتییەکانی دەسەڵات بوو.
تەواوی ئەو کەسانەی کە هاوڕێی بوون لە شارەکانی تر ئەندامی ئەو ڕێکخراوە بوون.
کاوان کەسێکی چالاك بوو لە ڕێکخراوەکەدا، هەرچەندە لە لادێ بوو، دوورە دەستبوو، بەڵام ئەمە کاری نەکردبووە سەر چالاکییەکانی ئەو.
کاوان هەموو ڕۆژێك دوای خوێندن کە لە پۆلی ٦ی دواناوەندی بوو، دەچوو بۆ شوانیی و تا ئێوارە نەدەهاتەوە.

گوندەکەی کاوان دوو کیلۆمەتر لە ناحیەکەوە دوربوو، بۆیە بۆ کاوان گرانە نەبوو بچێتە خوێندنگاو پاشان بێتەوە بۆ شوانییەکەی.
ئێوارەیەك کە گرمەی ناخی ئاسمان و فرمێسکەکانی چاوی ئاسمان دەوروبەری گوندیان تەنیبوو.
لێزمەی باران بە خوڕ دەهاتە خوارێ و دەتوت دەمی کونەی ئاوت بەرەو خوار کردۆتەوە.
هەوراز چاوەڕوانی کاوانی دەکرد.
لەبەر خۆیەوە دەیوت: مەگەر کاوان ڕێگەیەکم بۆ دابنێت و کارێك بکات، بەخوا ئەمە ئەستەمەو هەروا ئاسان نیە.
پاشان هێوەرتر دەیوت: باشە ئەم کابرا بۆ لە منی ئاڵاندوە؟، وەڵڵا تێناگەم، دەی ڕەنگە کارێك بکرێت.
کاوان لەتەك مەڕوماڵاتەکەیدا بە جلە تەڕەکانیەوە خۆی کرد بە ئاوایی (گوند)داو خەیاڵ و قسەکانی هەورازی لەتوپەت کرد.
پێش ئەوەی بگاتە ماڵی خۆیان، هەوراز هاتە بەردەمی و وتی: سڵاو برام، لە زووەوە چاوەڕێی تۆم.
کاوانیش کە سەرماوسۆڵەی دەشتودەر کوتابووی، مشەیەکی لوتی بۆ کردو وتی: برا لە خزمەتام، با بڕۆینە ژورەوە، چایەکیش دەخۆینەوە بە ئارەزوی دڵیش قسان دەکەین.
هەوراز کەمێك وەستاو دواتر وتی: باشە با وابێت، فەرموو.
پێکەوە چوونە ژوورەوەو دوای ئەوەی ئاژەڵەکانیان پێکەوە کردنە ناو گەوڕەکان، چوونە یەکێك لە ژوورەکان و کاوان زۆپای داری گڕداو دوای کەمێك زۆا وەك دەنوکی کەو سور هەڵگەڕا.
هەوراز وتی: کاوان براکەم، خۆت باش ژیانی من دایکم دەزانیت و ڕەنگیشە لە زۆرێك لە خەڵکی گوند باشتر ئاگاداری حاڵی ئێمە بیت.
کاون بە وتنی بەڵێ زۆر ڕاستە، ئامادەیی دەربڕی بۆ گوێگرتن لە قسەکانی دواتر.
هەوراز دەستی پێکردەوەو وتی: برام، ئەمڕۆ کەسێك هات بۆ لام وتی: من دەمەوێت ئەو زەوییانەی لای چەمەکە بکڕم و هەموویان دەکەمە ناوچەی گەشتوگوزاریی.
کاوان وتی: ئێ باشە، دواتر چی؟.
هەوراز هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو وتی: برام، من و دایکم یەکپارچە زەوییمان هەیەو هیچ داهاتێکیشمان نیە، ئەو پیاوەش دەیوت: دەبێت ئەو زەوییە بفرۆشنە من و هیچ قسەی تێدا نیە.
کاوان کە لە توڕەییدا هەستایە سەرچۆك، پەنجەکانی لەیەك توندکردو وتی: ناماقوڵیی کرد، چۆن شتی وا دەبێت، خۆ ئەمە زەمانی دیکتاتۆریی نیە.

هەورازیش بە نیگەرانییەوە وتی: کاوان گیان، با زەمانی دیکتاتۆرییە، ئەوسا دیکتاتۆری داگیرکەری بێگانەو ئێستاش دیکتاتۆری خانەخوێی خۆمانە.

کاوان بە هێواشی وتی: ئێستا ئێمە دەبێت چی بکەین؟.

هەورازیش وتی: برا منیش هەر بۆ ئەو قسە هاتووم،دەبێت چی بکەین؟.

ئەو پیاوە بەرپرس بوو، کۆمەڵێك پاسەوانی لەتەکدا بوو، دوا قسەی ئەوە بوو وتی: من سێ ڕۆژی تر دێمەوە، یان بە پارە یان بە زۆر ئەو زەوییەم دەوێت.

کاوان وتی: بەیانی هەینییەو ئێمە لە ڕێکخراو کۆبوونەوەمان هەیە، لەوێ قسەی لەسەر دەکەین و ڕێگەچارەیەك دەدۆزینەوە ان شاالله.

بۆ ڕۆژی هەینی زۆربەی ئەندامانی ڕێکخراوی (ئاگسن) لە شاری خۆرلان بوون، لە ڕووی جوگرافییەوە شاری خۆرلان لە هەموو شوێنەکان گونجاوتربوو، ئاخر چونکە خۆرلان ناوەڕاستی وڵات بوو، پاشان هاتنی ئەندامان بۆ ئەوێ ئاسانترو بێشکتر بوو.

کاوان بە ناو شەقامەکاندا، دەسوڕایەوە، سەری لە پەرتوکخانەکان دەدا، دەچووە دوکانی دەف و مۆسیقاو هەروەها دەچووە لای دوکانی تەزوێ فرۆشەکان.

لە ناکاو چاوی بە سۆسەن کەوت کە زۆر بە نهێنی و بە هێواشی بەرەو یەکێك لە فەرمانگەکانی حکومەت دەچوو.

سۆسەن کچێکی باڵابەرزی سپیکەلانەی چاوشین بوو، ئەو خوێندگاری زانکۆ بوو، ئەندامێکی چالاکی (ئاگسن ) بوو، وە سەرپەرشتیاری چالاکییە نهێنی و نووسینەکانی (ئاگسن) بوو لە شاری خۆرلان، خۆشی خەڵکی ئەو شارە بوو.

کاوان چووە پێشەوە بۆ لای فەرمانگەکەو بینی ئەمە فەرمانگەی هەواڵگرییە!.

ویستی بەپەلە تەلەفۆن بۆ ئازادو کاردۆخ و ئەوان بکات و مەسەلەکەیان تێبگەیەنێت.

بەڵام دوای کەمێك هەڵوەستەی کردو لەبەر خۆیەوە وتی: بڕواناکەم سۆسەن گیرابێت، چونکە ئەو ئازادانەو بێباکانە خۆی بە ژووریدا کردو هیچ ترسێکی نەبوو، بێگومان ئەو لە سەردانیکارێکی ئارەزوومەندانە دەچوو تا گیراوێکی چالاك!.

سۆسەن لە ژوورەوە زۆر قسەی بۆ ئەفسەری لێکۆڵینەوەی نهێنی کردو ئەوەشی پێوت کە هەر ئەمڕۆ کۆبونەوەیان هەیەو شوێنی کۆبوونەوەو کاتی کۆبوونەوەو ئەندامانی بەشداریشی باس کرد.

کاوان هەر لە دەرەوە بوو، دوورو نزیك چاوەدێری دۆخەکەی دەکردو بە تەواوی گومانی لێپژا، هەستی دەکرد شتێك هەیە لە ئارادا.

لەم خەیاڵانەدا بوو، سۆسەن هاتە دەرەوەو بەرەو کتێبخانەیەك خۆی کشاند.
کاوان بڕیاریدا کە خێرا بچێتە لای پرسیاری ئەو شتانەی لێبکات، بەڵام دوای کەمێك بۆچوونی گۆڕی و بڕیاریدا لەبری ئەو کارە، هەوڵ بۆ دۆزینەوەی نهێنیی ئەو سەردانە بدات.
پێش هەر شتێك بڕیاریدا بێ ئاگادرکردنەوەی ئازادو کاردۆخ، پلانێك دابنێ بۆ گۆڕینی کات و شوێنی کۆبوونەوە نهێنییەکەی (ئاگسن).
خێرا خۆی گەیاندە هۆڵی کۆبوونەوەکەو لەتەك خاوەنەکەیدا کەوتە قسەکردن لەسەر نرخی هۆڵەکە.
کاوان وتی: ئەم هۆڵەی تۆ ژێرزەمینەو کەس جگە لە ئێمە ئاهەنگی یادی لەدایکبوونی تێدا ناکات، بۆیە پێویستە خاترمان بگریت بە نیوەی ئەو نرخە بماندەیتێ.
بەڵام خاوەنی هۆڵەکە سووربوو لەسەر نرخەکەی پێشووترو وتی: ئەوەندە قسە مەکە، بەو نرخەی تۆ باسی دەکەیت ناهێڵم وێنەش لەتەنیشت هۆڵەکەمدا بگرن نەك ئاهەنگی تێدا بکەن.
بەمجۆرە دەمەقاڵە کەوتە نێوان کاوان و خاوەن هۆڵەکەو مامەڵەکەیان هەڵوەشاندەوە.
کاوان کەوتەڕێ بڕوات، تەماشای کرد ئۆتۆمبێلێك لەو لایەوە ڕایگرت و شۆفێرەکە وتی: جا ئێرەیە؟.
نەفەری پێشەوە وتی: بێگومان بە پێی ناونیشانی ئەو خانمە ئێرەیەو هەر ئەمڕۆ بە بەڵگەوە هەموویان قۆڵبەست دەکەین.
کاوان گوێی لەم قسانەبوو تاساو خێرا ئەو ناوەی جێهێشت.
پێش ئەوەی بگاتە چایخانەکەی کە هاوڕێیانی لێبوو، کوردۆی بینی.
کوردۆ گەنجێکی چوست و چالاك، دڵسۆزو زیرەك و ڕۆژنامەنووس و ڕەخنەگری زۆر بوێرو لاوێکی خوێنگەرمی دڵ پڕ لە کڵپە.
کوردۆ ماوەیەکی کەمە بووەتە ئەندامی (ئاگسن) و زۆریش چالاکانە کارەکانی دەکات، خۆی خەڵکی گوندی سارایەو بۆ خوێندنی زانکۆ هاتۆتە شاری خۆرلان.
دوای چاکوچۆنی و ئەو شتانە.
کوردۆ وتی: کاوان، هەستەکەم شتێك لە ئارادیەو دوێنی لە ڕۆژنامە بابەتەکەم ڕەتکرایەوەو پێیان وتم: ئیتر نووسینی تۆمان ناوێت.
زۆر هەوڵمدا هۆکارەکەی بزانم، بەڵام ئەوان بە نووسینی تۆمان ناوێت، دەریانکردم.

پاشان یەکێك لـە هاوڕێکانم پێی وتم: کەسانێك بە نهێنی بەدواتەوەن و پرسـیاری داروبـەردی تـۆ دەکەن.
کاوان کە لـە ڕوخساریدا دەریایەکی گومان شەپۆلی دەدا، بە هێواشی چرپانی بە گوێی کوردۆداو وتی: دارو دیوار گوێیان هەیە، بێدەنگ بە با بچینە پەنایەك و دواتر قسەدەکەین.
کەمێك ڕۆشتنە ئەولاترو لـەوێ شیرینخانەیەکی بچوك هـەبوو، چـونە ئـەوێ و بـەدەم خـواردنی شیرینییەوە دەستیان بە قسە کردەوە.
کوردۆ وتی: تەنانەت ئەو شەوە کاغەزێکیان فڕەداوەتە ماڵمان، تێـدا شـتی زۆر نووسـراوە، ئـەو شتانەی لـەوێ نووسراوە جگە لـە هاوڕێیانی خۆمان کەسی تر نایزانێت.
کاوان بە چرپەیەکەوە وتی: کوردۆ، برام ئەو بابەتەی تۆ کە هەڵاکەی نایەوە چی بوو؟.
کوردۆش بە نەرمی بزەخەنەیەکی ئاڵتونیی کـرد وتـی: براکـەم، نـازانم دەسـەڵاتدارو سـتەمکارو گەندەڵ و سەرۆك و سەرمایەدار، بۆچی هەمیشە زنۆقیان لـە قەڵـەم چـووە؟ تێناگـەم بـۆ ئەوەنـدە ڕقیان لـە قەڵـەمە؟.
من لـەو باوەڕەدام، ئەگەر کێشەی ئەوان بە شکانی قەڵـەم و سـوتانی لاپـەڕەکان کۆتـایی بهاتیـە، بێشك هەموو سەروەت و سامان و هێزیان دەخستەکار بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە.
بەڵام ئەمە ناکرێت.
کاوان پەنجەکانی دەستی ڕاستی خستە ناو قژی و ناولـەپی لـەسەر توێڵی داناو وتی: براکەم، ئـەی ئەوە نازانیت، کە ئەگەر قەڵـەمی ڕەخنەگر بشکێنیت و لاپـەڕەکانی بـسوتێنیت، ئـەوا پەنجـەکانی دەکاتە قەڵـەم و ناوچەوانیشی دەکاتە لاپەڕە؟.
کوردۆ وتی: هاوڕێ کاوان، ئەو بابتەی منیش باسی ئەو جۆرە شتانە بوو، هەمووی ڕەخنـەی ڕەق و زەق بوو.
بابەتەکە ناوی (قەڵـەمی من و بیری سەقەتی ئێوە) بوو.
لـەو بابەتەدا باسی ئەوەم کردوە کە ئەگەر هەموو قەڵـەکان بـشکێنن و بـە نیـازبن بـە ئـارەزوی خۆتان دزی و گەندەڵی بکەن و کەس دەنگ نەکاتە، ئەوە زۆر هەڵـە بیردەکەنەوە، چـونکە لــەو حاڵەتـەدا تـەواوی دارەکـان دەبنـە قەڵـەم و تـەواوی دەریاکـان دەبنـە مورەکـەب و تـەواوی دەشتاییەکان سنگیان دەکەنە لاپەڕەو ئاسمان دەبێتە چـاپخانەو هـەموو سروشـت دەبێتـە کتێبێـك لـەسەر ئازادی و مافەکانی مرۆڤ!.
کاوان ویستی باسی بابەتەکەی سۆسەن بکات.

بەڵام لە دڵی خۆیدا وتی: هەرچەندە کورۆد جێگەی متمانەیەو دڵنیام لێی، بەس نابێت ئەم بابەتەی لا باس بکەم.
کاوان و کوردۆ پێکەوە کەوتنەڕێ بۆ لای هاوڕێیان.
هەمووان لە نزیك کتێبخانەی گشتیی شارەکە یەکیان گرت جگە لە سۆسەن و جەمشید.
دوای کەمێك جەمشید تەلەفۆنی بۆ ئازاد کردو وتی: برام، من بە بۆنەی خۆپیشاندانەکەی ئەو ڕۆژەوە کە دژی وەزیری ناوخۆ ئەنجامماندا، گیراوم و ئێستاش بە تکاو تەکلیف پۆلیسێك ڕێگەی ئەم تەلەفۆنەی پێداوم، ببورن من ناتوانم بێم بۆ ئاهەنگی یادی لە دایکبوونی چالاك.
ئیتر تەلەفۆنەکەی داخرا.
بەم بۆنەیەوە زۆر خەمباربوون.
هەمووان چاوەڕێی هاتنی سۆسەن بوون، تا دواتر بکەونەڕێ بۆ هۆڵەکە.
لە پڕ سۆسەن پەیدابوو.
بە بۆڵە بۆڵ کەوتە قسەو وتی: ئەوە ڕاستە؟ ئاخر توخوا ئەمە ڕێکخراوە؟.
ئازاد چووە نزیکەوەو وتی: چییە سۆسەن چی بووەو تێمانگەیەنە؟.
دانە دانە ئەندامەکان نزیکبوونەوە.
بەڵام کاوان بێباك بوو لە قسەکانی و دەیزانی چی ڕوویداوە!.
ئینجا سۆسەن وتی: چوومەتە هۆڵەکەو بە نیازی ئامادەکردنی شتەکان بووم، کەچی خاوەنی هۆڵەکە وتی: هەر ئەمڕۆ برادەرێکی خۆتان گرتنی ئەم هۆڵەی هەڵوەشاندۆتەوە.
سۆسەن کەمێك وەستاو بە هەناسەبڕکێوە دیسان وتی: هەرچەند وتم: شتی وا نیە، کەچی ئەو جەختی لە ڕاستیی قسەکەی کردەوە.
ئازاد وتی: ئەمە شتێکی لە پشتەوەیە، چۆن شتی وا دەبێت؟ ئەو شوێنە گونجاوترین جێگایەو بە هیچ جۆرێك جێگەی گومان نیە.
شیرین هەڵیدایەو وتی: هاوڕێیان با واز لەم قسانە بێنین و خێرا شوێنێکی باش بۆ کۆبوونەوەکەمان بدۆزینەوە.
کاوانیش کە ئەمەی زۆر پێخۆش بوو، هەم بۆ داخستنی ئەو باسەی کە پەیوەندیی بەمەوە هەبوو، هەمیش بۆ سەرنەگرتنی پیلانەکەی سۆسەن، بۆیە خێرا وتی: هاوڕێیان، شیرین ڕاستەکات، پێویستە کارێك بکەین تا کۆبوونەوەکەمان دوانەکەوێت، چونکە ئەم کۆبوونەوە زۆر پێویستەو دەبێت هەر چۆنێك بووە کارێك بکەین، دواکەوتنمان لە بەرژەوەندییمان نیە!.

شەونم کە کچێکی باڵاپۆشیی گەنمڕەنگی قسە خۆش بوو، ئەو کچی مەلایەکی ناوداری شاری ئاران بوو، باوکی نەك ڕێگەی کاروچالاکیی لێنەدەگرت بەڵکو هاندەرو پشتگیرێکی باشیشی بوو، هاتە قسەو وتی: من لێرە بەرپرسی یەکێك لە ناوەندەکانی ڕۆشنبیریی دەناسم و زۆر پیاوێکی بەڕێزو ڕۆشنبیرە، بۆیە بە باشی دەزانم بچینە ناوەندەکەی ئەو.

کاوان وتی: ئینجا جێگەی هەموومان دەبێتەوە؟.

پێش ئەوەی شەونم وەڵام بداتەوە، کوردۆ وتی: کێشە نیە ئەگەر هەندێکیشان بە پێوەبین، ئێمە مەبەستی گەورەو ئامانجی فراوانمان هەیە، ئیتر جێگا کەی کێشەیە؟.

سۆسەن لە دڵی خۆیدا دەیوت: بەشکوم جێگامان دەست نەکەوێت و کۆبوونەوەکە نەکەین، ئەگەر بێتۆ کۆبوونەوە بکرێت برادەرانی هەواڵگری پێمان نەزانن ئیتر سیقەم نامێنێت.

شەونم وتی: ان شاالله جێگەی هەموومان دەبێتەوە، خەمی ئەوەتان نەبێت، ئێستا با بڕۆین.

سۆسەن بە ڕووگرژییەکەوە وتی: ئەو جێگە لە کوێیە، شەونم خان؟.

شەونم ویستی قسە بکات، بەڵام کاوان قسەکەی پێبڕی و خێرا وتی: با ئەوەندە قسەی بێفایدە نەکەین، ئادەی شەونم گیان تۆ پێشمانکەوەو ئێمەش بێدەنگ بەدواتا دێین.

ئازاد کە گوێی لەم قسانەی کاوان بوو، هەستی بە خەلەلێك کرد، چونکە ئازاد گەنجێکی زۆر وریاو تێگەیشتوو بوو، پاشان زۆر ورد بوو لە دۆزینەوەی کێشەکان و چارەسەرەکانیاندا.

بۆیە بە هێواشی بە کاوانی وت: چی بووە؟.

کاوانیش یەکسەر وتی: بۆت باسدەکەم، تەنیا وریای سۆسەن بەو هیچی تر!.

ئازاد بە نیگەرانییەوە وتی: هیوادارم گومانەکانی من بۆ سۆسەن ڕاست دەرنەچن.

پاشان بەدەم ڕێگاوە دووان دووان و سیان سیان پێکەوە قسەیان دەکرد.

کاوان و ئازادو کوردۆ پێکەوە قسەیان دەکرد.

کاوان بابەتەکەی هەورازی لادێکەی خۆیان بۆ ئازادو کوردۆ باس کردو ئەوانیش داوای ڕوونکردنەوەی زیاتریان کرد.

لە پڕ کاردۆخ هاتە ناو مەسەلەکەوە، خێرا وتی: هاوڕێیان منیش ئامادەی هەموو شتێکم ئەگەر بە مەرگی خۆشم کۆتایی بێت.

کاوان بابەتەکەی بۆ ئەویش باسکردو پاشان باسی بابەتەکەی سۆسەن و چونی بۆ دەزگای هەواڵگریی کرد.

هەمووان حەپەسان و سەریان سوڕما.

کوردۆ پێشنیاری کرد به هەموویان کارێك بۆ هەورازی هاوڕێی کاوان بکەن و هەریەکەو لەلای خۆیەوە دەست پێکات.

دوای کەمێك بێدەنگی دیسان کوردۆ پێشنیاری کرد بۆ پاراستنی نهێنییەکانی (ئاگسن) کۆبوونەوەکەی ئەمڕۆ به بەهانەی درەنگیی کاتەوە دوا بخەن، ئازاد باشەی بۆ ئەم پێنیارەکردو بەدڵی بوو، چونکە ئازاد ئەزموونی کاری ڕێکخراوەیی نهێنیی هەبوو.

دوای ئەمە، هاوڕێیانی دیکەش به باشیانزانی.

ئازاد بابەتەکەی باسکردو دوای هەنێ مشتومڕو گفتوگۆ، کۆبوونەوەکەیان هەڵوەشاندەوە.

ئازاد داوای به نهێنیی هێشتنەوەی بابەتەکەی سۆسەنی کردو بەڵێنی دا به ئیزانی خۆی چارەسەری دەکات.

دوای ماڵئاوایی هەریەکەو بۆ شوێنی خۆیان گەڕانەوە..

## خۆپیشاندانی گەل و خۆپیشاندنی دەسەڵات..

کاوان هاتەوە گوند.

ئێوارە بوو.

خۆی بە گوندێدا کردو مەلای ئێوارە بانگی مەغریبی فەرموو.

کاوان خۆیان گەیاندە مزگەوت و نوێژەکەی بە کۆمەڵ کردو....

هاتە دەرەوە.

هەندێك لە پیاوانی ئاوایی هەواڵی ئەوایان پرسی و دەنگوباسی شارو وڵاتیان لێخواست.

کاوانیش بەدەم ڕێگاوە باسی زۆری شتی بۆ کردن.

لە ڕێگادا بە ناو ئاواییدا ناوە ناوە یەکێك لە پیاوەکان فەرموی لە جەماعەت دەکرد بۆ ماڵەوە.

کاتێك ئەمانیش دەیانوت: خوا ئاوایکات ئەوەش دەیخۆین هەر هی ئێوەیە.

ئیتر یەکەیەکە مۆڵەتیان دەخواست و ڕیزەکەیان چۆڵ دەکرد.

تا وای لێهات کاوان تەنیا مایەوەو خۆی کردە ژوورا.

دوای نانخواردنی ئێوارەو تەماشاکردنێکی سەرپێیی ئەو کتێب و گۆڤارو ڕۆژنامانەی کە سەندبوونی.

پاڵکەوت و ویستی پشوو بدات.

لە دەرگا درا.

کزە هەوایەکی زیاد لە حەد ساردی دەهات، گیڤەی باو تەقەتەقی دەرگا تەنەکەکان دەست لەملان و ئاوێتەبوون.

کاوان چوو دەرگای کردەوە.

نەسرینی دراوسێیان بوو.

پێش ئەوەی کەسیان قسە بکەن، بە سەرسوڕمانەوە تەماشای یەکیان کردو

وەك بڵێی هەوا ساردەکە نەمابێت، خۆیان خاو کردەوە.

نەسرین بێدەنگیی شکاندو وتی: کاوان گیان بەخێربێتەوە.

کاوانیش کە بێ مەبەستانە هەموو گیانی دەلەرزی، وتی: سوپاست دەکەم نەسرین گیان، خێر بێتە ڕێت، فەرموو وەرە ژورێ، لە خزمەتتاین.

نەسرین دوای ئەوەی تەماشایەکی دەوروبەری کرد، وتی: باشبوو خۆت دەرگات کردەوە، ئا ئەمانە بگرەو ببە ژوورەوە.

هەرکە کاوان عەلاگەکەی لە دەستی نەسرین گرت، ئەو واتە نەسرین بێ ئەوەی چاوەڕوانی هیچ قسەیەك بکات پشتی هەڵکردو گەڕایەوە بۆ ماڵ.
کاوانیش بە دەنگێکی کەمێك بەرز سوپاسی نەسرینی کرد.
هاتە ماڵەوە.
عەلاگەکەی کردەوە.
٣ کتێبی قەبارە گەورەی تێدا بوو.
کتێبەکان بۆ کاون زۆر گرنگبوون و بێگومانیش گران بوون.
کاوان لەم کردارە سەری سوڕما.
نەسرین لە ماڵی خۆیاندا هەردوو ئەژنۆی لە باوەشگرتبوو، لە دڵی خۆیدا دەیوت: هیوادارم کاوان دیارییەکانی بەدڵ بێت و لێم تێبگات.
دواتر لە دڵی خۆیدا دەیوت: جا بۆ نا؟ بێگومان بەدڵی دەبێت، ئەوەندە ئەم قسانەی دووبارە کردوە، تا لە پڕ دایکی وتی: وەی بسمیللا، کچم ئەوە شێت بوویت؟ دەڵێی جنۆکە دەستی لێوەشاندوویت، هەر لە بەر خۆتەوە قسەدەکەیت و کەسیش لێت حاڵی نابێت، ئەگەر هەست بە شتێك دەکەیت با بتبەمە لای مەلا عەبدوڕەمان و نوشتەت بۆ بکەم.
نەسرینیش وتی: دایکە گیان هەڵە تێگەیشتویت، من هیچم نیەو زۆریش باشم، تەنیا لە مێشکی خۆمدا هەندێ شتم لێکدەدایەوە.
دیسان نەسرین چووەوە ناو دەریای خەیاڵەکانی: دایکم چی دەڵێت و من چیم دەوێت؟ بەڵێ دایکە گیان نەخۆشم، بەڵام جیاواز لە نەخۆشییەکانی سەردەمی منالییم، ئەوسا هەموو جەستەم نەخۆش دەکەوت بەڵام دڵم ساخ بوو، ئێستا هەموو جەستەم ساخەو بەڵام دڵم نەخۆشە.
بەلێ دڵم نەخۆشە.
دایکی نەسرین خێرا گەشتە سەر نەسرین و وتی: هەیەڕۆ کچم تۆ منالی دوێنێی نەخۆشیی دڵی چی؟ خۆ پیری هەزارساڵە نیت؟.
نەسرین بە هێواشی دەستی دایکی گرت و وتی: دایکە گیان تۆ باسی چی دەکەیت، ئەوە شیعرێك بوو لەبەر خۆمەوە دەمخوێندەوە.
کاوان خەریکی خوێندنەوەی ئەو پەراوێزانە بوو کە نەسرین لەسەر کتێبەکان نووسیبوونی.
شتی زۆر جوان و زۆر سەیرو ئاشقانەی تێدا بوون.
کاوان هەر زوو تێگەشت کە چی خەبەرەو موی ناو ماستی کتێبەکانە لە گوریس ئەستورترە!.

ئازاد بەدەم خواردنەوەی قاوەوە، بیری لە ڕێگەچارەیەك دەكردەوە بۆ دەركردنی سۆسەنی سیخوڕ، دەیویست كارێك بكات سۆسەن هەست نەكات كە ئەمان لەبەر سیخوڕیی دەریانكردوە.

ئازاد بە نهێنیی نامەیەكی كاغەزی بەیەكێك لەئەندامانیدا ڕەوانەی لای زۆراو كرد.

زۆراو ئەفسەری ئاسایش بوو.

كوڕێكی نیشتمانپەروەرو دڵسۆزو چالاك بوو.

هەتا بڵێی دژی دەندەڵی ئیداریی و ناعەدالەتی بوو.

باوكی زۆراو كاتی خۆی لەسەر كوردایەتی لە سێدارە درابوو، باوكی زۆراو پێش ئەوەی لە سێدارەی بدەن بە دوژمنانی وتبوو: ئێوە من دەكوژن و جەستەم دەكەنە پوشوپەڵاش بۆ خۆشكردن و تاودانی ئاگری كوردایەتی و چەوساوەكان.

زۆراو، كە بە كاكەش بانگ دەكرا لەبەر خۆشەویستی، یەكێك بوو لە ئەندامە نهێنیی و چالاكەكانی (ئاگسن) و ئەمەش تەنیا ئازاد دەیزانی، چونكە زۆر گرنگ بوو ئەو بابەتە بشاردرێتەوە.

بەهەرحاڵ هەركە نامەكەی پێگەشت، یەكسەر خوێندییەوەو بە ئەندامەكەی وت: بە ئازاد بڵێ خەمی نەبێت بە یارمەتی خوا، لە چەند ڕۆژی داهاتودا هەموو زانیارییەكی بۆ دەنێرم.

ئەندامەكە باشەی كردو ڕۆشت.

سۆسەن لە ژێر جێگادا بوو، بیری دەكردەوە هەر چۆنێك بووە یان دەبێت ڕێكخراوی (ئاگسن) هەڵبوەشێنێتەوە، یان دەبێت بەبەڵگەوە ئەندامەكانی ڕادەستی ئاسایش و هەواڵگریی بكات.

ئەو واتە سۆسەنی سیخور، لە پڕ پیلانێك هاتە مێشكییەوە، بەرنامەی داناو لە بەرخۆیەوە وتی: باشە بۆ من سود لەو فرە بۆچونییەی (ئاگسن) وەرنەگرم؟ خۆ شەونم ئیسلامییەو بە شێوەیەكی دینی چالاكی دەكات و جەمشید چەپ و كۆمۆنیستەو لە چوارچێوەی فەلسەفەی ماركسیزمدا خەبات دەكات، هەروەها كوردۆو ئازاد نەتەوەیین و هەموو شتەكان بە ناسیۆنالیزمی تەماشا دەكەن، لەولاشەوە كاوان كاكەیی و یارسانەو هەموو شتەكان دەبەستێتەوە بە شۆڕشی دەرونی و ناخەوە، لە هەمووشی گرنگتر كاردۆخ مەسیحییەو ئەمەش كارەكەی من ئاسان دەكات، دەبێت لە كۆبوونەوەیەكدا هەمووان بدەم بەیەكداو ئەو پێكەوەژیانە درۆینەیان تەفروتونا بكەم، خۆم دەزانم چی دەكەم، بۆستن بۆم؟!.

بەیانی زوو لـەتەك شیرەی شەبەقدا چەند شۆفلّ و گریّدەرو ئەو شتانە هانە گوندی سۆمەرو بـەرەو زەوییەکەی مالّی هەوراز ملیاننا.
خەلّکی ئاوایی بەرەو ئەویّ کەوتنە ڕیّ و کاتیّك گەشتنە لای زەوییەکان، بینیان هەورازو دایکـی لـە ناو زەوییەکەدا پالّکەوتوون و دەلّیّن : یان دەبیّت ئیّمەش بمرین، یان ئەم زولّـم و سـتەمە قبـولّ ناکەین و بە هیچ جۆریّك ڕیّگە نادەین زەویی ئیّمە بکریّتە ڤیّللاو سەیرانگا.
شۆفیّرەکان هەر هاواریان دەکردو دەیان وت: تکایە لـەویّ لاچن ئیّمە فەرمانی کاك...مـان پیّـەو هەر تەختی دەکەین و ئەم شویّنە دەکریّتە ڤیّللا.
لە پڕ کاوان گەشتە سـەر زەوییەکـەو بـە هوتافکیّـشان بـەرەو لای هـەورازو دایکـی ڕۆشـت و دەیوت: شۆڕش قوربانیی دەویّت...شۆڕش قوربانیی دەویّت.
دوای کاوان، ژنانی قارەمان و چاونەترسی ئاوایی ڕاپەڕین و دەستیان بـە وتنـەوەی دروشـم کـرد دژی دەسـەلّاتداران و سـتەمکاران، دوای ئەمـەش پیـاوانی گونـد ڕاپـەڕین و ئەمـە دۆخەکـەی شلّەژان.
هەرچەندە هەورازو دایکی هەر داوایان دەکـرد: تکایـە وازبیّـنن، بـا تـەنیا ئیّمـە تیاچـین، ئەمانـە بیّویژدانن و دەست لـە کەس ناپاریّزن.
بەلّام خەلّکـە هـەر بـۆ پـیّش دەچـوون و بـەردەوام دەیـانوت: بیّـدەنگبوون لـە ئاسـتی سـتەم، ستمەکارییە، ئەمڕۆ لـە ئیّوەیەو سۆیە لـە ئیّمە!.
بەمجۆرە خۆپیشاندان دەستی پیّکردو بە بەردو دارو پاچ و خاکەناز کەوتنە شۆفیّرەکان و ئـەوانیان دوورخستەوە.
لـە پڕ کاك..... کە خۆی کردبووە خاوەنی زەوییەکە، پەیدا بوو.
بە خەلّکەکەی وت: دەگەڕیّنەوە باشە، ئەگەرنا هەمووتان دەکوژم هـەرواش دەڕوات، مـن هـیچ باکم لـە ژیانی ئیّوە نیەو خراپیشتان بەسەر دیّنم.
پاسەوانەکانی دەوری کە نزیکەی ٦٠-٧٠ کەس دەبوون، هەمووان پەنجەیان لـەسەر بەلـەپیتکەی چەکەکانیان دانا بوو، وەك ئەوەی بیانەویّت دژی داگیرکەران و دوژمنانی ولّات شەڕ بکەن.
هەڕەشەو گوڕەشەکانی کاك.... بیّفایدە بوو.
چونکە خەلّك گەرم ببوون و ئیتر قبولّکردنی ستەم لە توانایاندا نەمابوو، ئیتر تاقەتیان چوو لـە گەندەلّی.
ناعەدالـەتی.

داگیرکاری.
دزی و جەردەیی.
سوکایەتیکردن.
ڕۆتینات و هەزار شتی قێزەونی ئەم دەسەڵاتە.
بۆیە بە بەردو دار کەوتنە سەروگوێلاکی کاک.... و پاسەوانەکان و ئەو سەرمایەدارە چاوشۆڕە پولەکییانەی لەتەك ئەواندا هاتبوون.
کاك..... فەرمانی تەقەکردنی دا و دەستبەجێ تەقەکراو دۆخەکە تەواو ئاڵۆز بوو.
خەڵکی ئاواییەکانی دەوروبەریش هاتن و خۆپیشاندانەکە لە دەست دەرچوو.
هەورازو دایکی هەورازو مامۆستا مەلا عەبدوڕەحمان و کاوان بریندار بوون، دۆخەکە تەواو ئاڵۆز بوو، بەجۆرێك چارەکردنی ئاستەم بوو.
مەلا عەبدوڕەحمان کە لە پاڵەوە کەوتبوو، هاواری دەکرد: کورە داوەشێن هەی ترسنۆکینە، ئا خێرا بڕۆن دوو سێ تفەنگ بێنن و سەنگەریان لێبگرن و هەموویان ڕەزیل و ڕسوا بکەن.
نەسرین بەم قسانە ڕاپەڕی و بەرەو ماڵ خۆیان بە ڕاکردن کەوتەڕێ و چوو تفەنگەکەی باوکی هێناو خێرا گەیاندییە دەستی مام خەسرەو کە پیاوێکی زۆر پیری ئاوایی بوو، بەڵام بە ئەزموون و زیرەك و گورج و دنیادیوەبوو.
مام خەسرەو وتی: ئا کچم بێنە ئەو چەکە، ئێستا بە ئیزنی خوا، کونە مشکیان لێدەکەینە قەیسەری و فێریان دەکەین کە جارێکی تر بیر لە هێرشکردنە سەر خەڵکی دەڤەری ئاران نەکەنەوە.
مام خەسرەو چووە پەنا بەردێك و کەوتە تەقەکردن لێیان و کوڵەپێچی پشت گردێکی کردن، خەڵك تا دەهات گەرمتر دەبوو، ژنەکان لە پیاوەکان باشترو کچەکان لە دایکیان باشترو لاوەکان لە پیرەکان باشتر شەڕیان دەکرد.
بە کورتی و بە کوردی خەڵکی ئەو دەوروبەرە بێجیاوازی هاتبوونە ناو خۆپیشاندانەکەو تەنانەت شوان و گاوانەکان و خوێندکارو مامۆستاو دکتۆرەکانیش هاتبوونە ناو تێکۆشانەکە.
پۆلیسی ناحیەکەی خۆیان و شاری ئاران گەشتنە سەر بابەتەکەو هەوڵیاندا نێوەندگیریی بکەن و کۆتایی بە ئاڵۆزییەکە بهێنن.
بەڵام لە سەرەتادا بێفایدە بوو، پۆلیسیش بەردباران کران و بە بەردو جنێودان و هوتافکێشان ئەو بەرپرسەو پۆلیسیان دەرکرد لەو دەڤەرە.

خۆپیشاندان کۆتایی هات و دکتۆرەکان خێرا کەوتنە تیمارو چارەسەری مەلای گوندو هەورازو دایکی و کاوان و بە ئاسان لە بریندارییەکەیان بوونەوە.
ژنانی خانەدان و چاپوکی ئاوایی سەرەڕای ماندوێتیان لە خۆپیشاندان و ئاڵۆزییەکان، دەستیان کردە ئامادەکردنی چێشت ونان بۆ خەڵکی ئاواییەکانی ترو هەمووان نیوەڕۆ لە ئاوایی سۆمەر دەعوات بوون.
بۆ ئێوارە بابەتەکە گەشتە دەمی ڕۆژنامەنووسان و ڕاگەیاندنەکان و بلبەتەکە زیاتر گەورە بوو.
ئازادو کاردۆخ و شەونم و کوردۆو جەمشیدو زۆراو و تەواوی چالاکانی مەدەنی بە بابەتەکەیان زانی و خۆیان ئامادەکرد بۆ خۆپیشاندانی گەورەتر.
بەیانییەکەی ترو دیسان هێزێکی زۆر بە تۆمەتی ئاژاوەگێڕیی هاتنە ئاوایی و داوای خۆبەدەستەوەدانی مەلاو کاوان و هەورازو مام خەسرەویان کرد.
هەرچەندە ئەو چوار کەسە ئامادەییان دەربڕی بۆ تەسلیمبوون لە پێناوی ئاشتی خەڵکی ئاوایی.
بەڵام خەڵکەکە پێکەوە هەمووان وتیان: ئێمە یەك گیانن و یەك خوێنین و بێن گشتمان پێکەوە بگرن، ئەگەرنا خۆبەدەستەوەدان کەلتوری ئێمەی لادێنشین نیە!.
ئامێری بێتەلەکانی پۆلیس و ئاسایش کەوتنە کارو دۆخەکەیان بەسەرو خۆیان گەیاند.
دوای خشەخشی بێتەلەکە، فەرماندەرەکەیان وتی: خەمتان نەبێت، ئێمە هێزی زیاتر دەنێرین و تۆمەتبارەکان قۆڵبەست دەکەین.
دوای خشەخشێکی تری بێتەلەکە، دیسان فەرمانداری بەر زۆپای گەرم وتی: ئەمە عەیبەیەکی گەورەیە بۆ سەر شانی حکومەت کە کۆمەڵێك کەس لێمان یاخی بن و ببنە دوژمنمان.
لە هەریەك لە شارەکانی ئاران و خۆرلان و مادان و چەند ناوچەی تری هەرێمی وڵات، بە سەرپەرشتی نهێنیی (ئاگسن) و ئەندامە چالاکەکانی خۆپیشاندان دەستی پێکردو دروشمی بڕوخێ حکومەتی ستەمکارو دیکتاتۆری و نادادگەر.
لە لایەکی ترەوە ڕۆژنامەنووسە ڕەخنەگرە بوێرەکان و بە تایبەت کوردۆو شەونم بابەتی زۆر کاریگەرو ڕەخنەی مێکوت ئاسا نووسرابوون و هەر ئەو ئەو ڕۆژە بڵاوکرانەوە.
ئازاد، بەردەوام لە ڕێگەی سیمکارتێکی نهێنییەوە پەیوەندیی دەکرد بە ئەندامانەوە داوای لێدەکردن ڕاپەڕن و چیتر ستەم قبوڵ مەکەن، بەڵام بە هیچ شێوەیەك ئاژاوە مەنێنەوە، مەهێڵن منداڵان بەشداری خۆپیشاندانەکان بن، بە هیچ شێوەیەك مەترسن و چاو لە خەڵکی قارەمانی

گوندی سۆمەر بکەن، تا دەتوانن دوور بن لە ئاژاوەوە، پۆلیس و ئاسایش و تەواوی هێزەکانی تر خوشك و برای ئێمەن و ئەوانیش قوربانیی دەستی ئەم دەسەڵاتە گەندەڵ و ستەمکارەن.
سۆسەن، لە خۆپیشاندانەکاندا بوو، خەمی گەورەی ئەوە بوو، کە بێ هودە گوللەیەکی وێڵ بنوسێ بە ناوچاوییەوەو لە پێناوی ئامانجێکدا بکوژرێت کە هی خۆی نیە.
شەونم و کوردۆ خۆیان گەیاندە لای ئازادو تکایان لێکرد کە بەزوترین کات خۆپیشاندان جێبهێڵێت و خۆی قوتار بکات، وە وتیان: چونکە دۆخەکە زۆر ئاڵۆز بووەو ڕەنگیشە تۆ یەکەم کەس بیت نەك بتگرن بەڵکو بە پیلانێك بتکوژن.
بەڵام ئازاد بەدەم ڕێوە کە دروشمێکی هەڵگرتبوو، لەسەری نووسرابوو: (ئێمە چیتر ستەم قبوڵ ناکەین) بزەخەنەیەکی جوانی کردو وتی: هاوڕێیان، چۆن شتی وا دەبێت، بۆ شۆڕش و خەبات بۆ گەل و جەماوەر پێویستە یەکەم قوربانیی من بم، ئەی من چیم زیاترە لە کاوان و هەورازو مەلا عەبدوڕەحمان و مام خەسرەو؟، شتی وا هەرگیز نابێت، ئەمە جێگەی منەو دەبێت تا کۆتایی چالاکییەکانی ئەم وەرزە لە مەیداندا بم، ئەی ئیتر قسەی باقو بریق و فەلسەفەی وشك و ئەم شتانە لە پای چی؟ ئەی ئیتر هاندانی خەڵکی بۆ دژی گەندەڵی و وەرگرتنی مافی خۆیان چ واتایەکی هەیە؟.
شەونم بە نیگەرانیەوە وتی: هاوڕێ ئازاد، ئێمە لێرەین هەرگیز ئێرە چۆڵ ناکەین، تا دواتنۆکی خوێنمان تێدەکۆشین بۆ سەندنەوەی هەقی جەماوەر، ئەگەر ئێمەش بکوژرێین یان دەستگیربکرێین هیچ کێشەیەك نابێت، بەڵام هاوڕێ ئازاد ئەگەر تۆ دەستگیر بکرێیت یان خوانەخواستە بکوژرێیت، ئەوە خەڵکی مافخوراو، جەماوەری بێبەش، بێکەس و کار دەبن، تکایە تۆ ئەو کارە بکە.
قسەکانی شەونم و کوردۆ بۆ ڕۆشتنەوەی ئازاد بێفایدە بوو.
لە پڕ تەلەفۆنێك هات بۆ ئازادو وتی: هاوڕێ ئازاد، جەمشیدو کاردۆخ گیراون و کەس نازانێت بۆ کوێ براون.
ئازاد بەمە زۆر نیگەران بوو، دیسان تەماشای ژمارەکەی کردەوە بەو هیوایەی کە نەیناسێت و بڕوا بە قسەکانی نەکات، بەڵام ئەوە ژمارەی ئەندامێکی خۆیان بوو، لە شاری مادان کە خوێندکاری زانکۆ بوو لە خۆرلان.
ئازاد، شەونم و کوردۆی نادرە هەردوو سەری خۆپیشاندانەکەو بەردەوام بوون.
جەمشیدو کاردۆخ بە چاو بەسراوی بران بۆ زیندانێك کە خۆیان نەیاندەزانی کوێیە؟.

دوای گەیشتنە ژورێکی ساردو سڕ، بێ پرسیارو لێکۆڵینەوە کەوتنە لێدانیان و یەك نەفەس داوای ئاشکراکردنی ناوی سەرپەرشتیارانی خۆپیشاندانەکانیان لێدەکردن.
بەڵام کاردۆخ و جەمشید دەیانوت: ئێمە وەك سەربەخۆ بەشداری خۆپیشاندانەکان بووین و هیچ کەسێك بە ناوی سەرپەرشتیار ناناسین.
ئاوایی سۆمەر، ئێش و ئازارو هێزی لێدەباری، چواردەوری گوندەکە بە هێز گیرابوو، خەڵکی ئاواییش بە دروشم و هوتافکێشان بە ناو کۆڵانەکانی گوندەکەدا دەهاتن و دەچوون.
ڕێك وەك سەردەمی داگیرکاری و ئەنفال وابوو، بەڵام ئەمان کوردو ئەوان غەیرە کورد.
مەلا عەبدوڕەحمان، بە قاچپێچراوەوە هاتە ناو خەڵکی گوندو وتی: خوشك و برایان، ئێمەی خەڵکی گوندەکان هیچ کات سەرمان بۆ هێزەکان نەوی نەکردوەو لەبەرامبەر هیچ دەسەڵاتدارێکی دیکتاتۆریشدا چۆکمان دانەداوە، خەبات و شۆڕش ئەرکی ئێمەیەو هەرگیز لە مەرگ نەترساوین.
بەڕێزان، من لە پێناو سەلامەتیی ئێوە خۆم بەدەستەوە دەدەم و ئەو ئەرکە دەخەمە سەرشانی خۆم، بەڵام بە مەرجێك، ئێوەش دەبێت لە شۆڕش دژی گەندەڵی بەردەوام بن و بە هیچ شێوەیەکیش تەسلیم نەبن.
دوای ئەم قسانە، خەڵکی ئاوایی بە تێکڕا وتیان: مامۆستا ئەوانە کەی قسەن، خۆبەدەستەوەدانی چی؟ ئەگەر هەموو خەڵکی بکوژرێن نابێت تۆ بکوژرێیت، چونکە تۆ جێگەداری حەزرەتی پێغەمبەری و تاجی سەرمانی، هەمووان پێکەوە دەجەنگین بزانین چی دەبێت؟..

به خوێن نووسییان: ئازادی، یەکسانی..
دوای ئـەوەی ئـەو ڕۆژە تـا ئێـوارە تـەوقی ئـەو گوندەیانـداو داوای خۆبەدەسـتەوەدانی گوایـە ئاژەوەگێڕەکانیان کردو بێفایدە بوو.
هەڵیانکوتایە سەر گوندەکەو بە تەقەکرد لە کاتی بانگی مەغریبدا خۆیان کردە ناو ئاواییدا، دوای خافڵگیرکدنیان لـە کاتی نوێژا، مەلاو کاوان و هـەورازیان دەسـتگیرکردو خێـرا لـە نـاو ئـاوایی کشانەوە.
بەڵام جەماوەر ئەمەیان قبوڵ نەکردو دەستبەجێ هاتنە سەرە ڕێیان.
هێزەکانی دەسەڵات، بێ هیچ حساوێك بۆ خەڵکی سەرە ڕێگاکان بە ناو خەڵکەکەدا بە ئۆتۆمبێل تێپەڕین و زۆرێك لەو خەڵکە برینداڕو خوێناوڵ بوون.
سۆسەن بیری لـەوە دەکردەوە کە بڕواتە بنکەی ئاسایش یان ناوەندی هەواڵگری و هەموو شـتێك لـەسەر (ئاگسن) بڵێت و ناوی ئەندامەکانی ئاشکرا بکات.
لـەبەر خۆیەوە دەیوت: ئەگەر لـە کاتی ئەم ئاژاوەدا شتێك بە شتێك نەکەم، ئیتر دەستم لـەوسەری هەمانەکەوە دەرەچێت و سیخوڕیکردنی ئەم هەموو ماوەم بێ فایدە دەبێت، لـە ئەمشەو زووتر نیە، هەر ئێستا دەچمە لای هەواڵگری و هەموو شتێکیان بۆ باس دەکەم.
ئازاد لـە ماڵەوە بوو، پەیتا پەیتا خەریکی وەرگرتنی تەلـەفۆن و هەواڵ و زانیاریی تازە بـوو لـەسـەر چالاکییەکان و ڕووداوەکانی گوندی سۆمەر.
تەلـەفۆنێکی بۆ هات و خێرا ڕۆشتە دەرەوە.
دوای کەمێك لەسەر زانیارییـەکان و ناونیـشانەکانی سۆسـەن، دوو ئۆتـۆمبێلی پـڕ لـە ئاسـایش گەشتنە سەر ماڵیان و خێرا خۆیان کردە ژوورا.
دایکی ئازاد، زۆر پەشۆکا و وتی: ئەوە خێرە بۆ وادەکەن؟.
یەکێك لـە کارمەندەکانی ئاسایش بەپەلـە وتی: کوا ئازاد؟.
دایکی ئازادیش زانی دۆخەکە ترسناکەو ئاگای لـە زۆر شـت بـوو، بۆیـە خـۆی ئاسـاییکردەوەو هاتەوە سەرخۆو وتی: ئێوە باسی چی دەکەن؟ ئازادی چی و چی چی؟.
بابە وەرن کون و قوژبنی ئەم ماڵە بگەڕێن، جگە لـەم پیرەژنە داماوە هەرکەسـتان بینـی بیکـوژن، ئێوە بە غەڵەت هاتوون، من زیاتر لـە مانگێکە لـەم خانووەدام و تەنیام، نە ئازادو نە نەوزادم نیە.
قسەکانی دایکی ئازاد بـۆ ئاسایـشەکان کـەمێك جێـی متمانـە بـوو، چـونکە دایکـی ئـازاد زۆر لـەسەرخۆو ئاسایی قسانی دەکرد.

بەڵام بۆ زیاتر دڵنیابوون کەمێك پشکنینیان کرد.
دایکی ئازاد لە دڵی خۆیەوە هەر هاوارو ناڵەی بوو: خوایە گیان کەمێکی تر ئازاد دوابکەوێت، خوایە گیان نەکەوێتە دەستی ئەم جەلادانە، خوا خۆت فریایکەوە.
ئاسایشەکانماڵەکەی ئازادیان جێهێشت و دەرچوون.
ئەوان لە سوچی کۆڵانەکە پێچیان نەکردبۆوە، ئازاد خۆی کرد بە ژووراو دایکی ئازاد خێراو بەپەلە ئازادی ناردە سەربان و وتی: دواتر هەموو شتێکت بۆ باسدەکەم.
ئاسایشەکان ئازادیان دی کە خۆی کردە ماڵا، بۆیە دەستبەجێ گەڕانەوە، هاتنەوە ماڵ و وتیان: پورێ مۆڵەت هەیە جارێکی تر بگەڕێینەوە؟.
دایکی ئازادیش وتی: کوڕەکانم، نەك جارێك سەد جاری تریش بێنەوەو بگەڕێنەوە، من هیچ کێشەم نیەو تەنانەت هاوکاریشتان دەبم.
ئازاد کاتێك خۆی کردە ژوورا خێرا پێڵاوی داکەند، بەڵام کە دایکی بەپەلە ناردیە سەربان بە پێی پەتی ڕشت و پێڵاوەکانی لەبەردەم جامخانەی هەیوانەکەدا بوو.
یەکێك لە ئاسایشەکان وتی: کە ئێمە هاتین ئەم پێڵاوانە لێرەدا نەبوون، ئێستا لێرەدا چی دەکەن؟.
دایکی ئازاد وتی: نەخێر هەر لەوێدا بوون، ئەوە بۆیە دامناون لە ترسی دزو پیاوخراپ، بۆ ئەوەی وابزانن ئەم ماڵە پیاوی تێدایە.
دوای ئەم قسانە ڕۆشتن.
دایکی ئازاد زۆر وریا بوو، نەچووە سەربان نەکا ئەوان چاودێری بکەن و ئازاد دەستگیربکەن، بەڵام هەندێ شتی نووسییە سەر کاغەزێك و فڕێیدایە سەربان.
ئاخر کاتی خۆی لە حوجرە نزیکەی سێ مانگی خوێندبوو، خۆشی ئافرەتێکی زیرەك و وشیار بوو، بۆیە خوێنەوارییەکی باشی هەبوو.
لە کاغەزەکەدا باسی ڕووداوەکانی ئەم ئێوارەی بۆ کردبوو، پاشان نووسیبووی: کوڕم بچۆ ماڵی پورت تا کێشەکە دەکەوێتە لایەکداو لەم ڕۆژانەدا خۆت مەڕۆرە کتێبخانە، شاگردەکەت بنێرەو زۆریش وریای خۆتبە، منیش هەوڵدەدەم ئەم خانووە بفرۆشم و لە جێگایەکی پەنهان خانوییەك دەسێنین.
ئازاد، نەیتوانی دایکی جێبهێڵێت و لەسەربانەوە بڕوات، بۆیە هاتە خوارەوە و ئەم شەوەی لەتەك دایکیدا بردەسەر.

بەیانی زوو هەستاو ڕۆشت، تەواوی هەواڵەکانی ئەو بەیانییە ناخۆش و بێزارکەربوون، لە کوێ چەند کەس گیران، خۆپیشاندانی فلان شار کپکرایەوە، لە فلان شار چەند ڕۆژنامەنووس دەستگیرکران و چەندی تریش هێرشکرایە سەریان، خۆپیشاندانەکەی گوندی سۆمەر بە توندوتیژی و بریندابوونی چەندان کەس و دەستگیرکردنی ئەنجامدەرانی خۆپیشاندانەکە، کۆتایی هات، ئەمە هەواڵەکانی ئەم بەیانییە بوون کە هیچ ئاسۆیەکی بۆ ئازاد تێدا نەبوو.

لە لایەکی ترەوە گرتنی کاردۆخ و جەمشیدو شەونم و کوردۆ و کاوان و چەندینی تر لە ئەندامانی (ئاگسن) هێندەی تر تووشی شۆك و حەپەسانی دەکرد.

ئازاد، چووە سەرتاشخانەیەك و بە تەواوی سمێڵی تاشی کە بە هەموو تەمەنی ئەو کارەی نەکردبوو، ئەمەش سیمای ئازادی بە تەواوی گۆڕی.

پاشان کڵاوێکی ڕەشی کردە سەری و خۆی گەیاندە چایخانەکەی وەستا هۆمەر، چونکە لەوێ هەموو شتێکی دەبیست.

هیچیەك لەوانەی لە چایخانەکە بوون، ئازادیان نەناسیوە، تەنانەت مام هۆمەری چایچییش.

خەڵکی گوندی سۆمەر زۆربەیان بریندارکرابوون، بۆ ڕۆژی دواتر کۆبوونەوەو ڕێگەی سەرەکی نێوان شارەکانی ئاران و خۆرلانیان گرت و بە خوێنی جەستەیان لەسەر لاپەڕەی گەورە نووسییان: ئازادی، یەکسانی.

ئەشکەنجەدانی جەمشیدو کاردۆخ و کوردۆو شەونم بە جیاو هەریەك لە ژوورێکدا تا دەهات زیادی دەکردو ئەوانیش قارەمانانە خۆیان ڕاگرتبوو لەبەردەم کێبڵی ئەشکەنجەدانی جەلادەکاندا.

هەر لەو ژوورانەدا حەوت مرۆڤی تێکۆشەرو خاوەن ورە هەبوون بە ناوەکانی کاوەو زاگرۆس و تۆرۆس و خۆراسان و میسۆپۆتامیاو گەرمیان و بێریتان، کە ببوونە دڵتەقێنی شەلاقوەشێن و جەلادەکانی دەسەڵات.

جەلادەکان لە لێدان و ئەشکەنجەدان دەکەوتن و ماندوو دەبوون، بەڵام قارەمانەکانی (ئاگسن) هەر بەردەوام بوون لەسەر خۆڕاگرییان.

ئازاد، بەو هەموو مەترسییەوە، شەو خۆی گەیاندە ماڵی زۆراو.

زۆراو کە ئازادی دیت هەر حەپەساو وتی: بۆ خاتری خوا ئەوە تۆ چی دەکەیت؟ خوێنی ملت دەفڕێ؟، برام ئاسایش و هەواڵگری و پۆلیس و هەموو هێزەکان، ژێرزەوی بۆ تۆ دەگەڕێن و هەر لەگەڵ گرتندا ئیتر ڕووناکی نابینیتەوە.

ئازاد قسەکانی بە زۆراو بڕی و وتی: هاوڕێ گیان، واز لەو قسانە بێنە، هەموو هاوڕێیان لە زیندانن و لە ژێر ئەشکەنجەدان، جا من هێشتا خەمی گیانی خۆم بێت؟ ئەمە نابێت، ئەگەر بشمرم هەر دەبێت کارێك بکەم، فریاکەوە.

زۆراو وتی: باشە تۆ بڕۆرە شوێنێکی سەلامەتی دوورە دەست، من کارێك دەکەم، با ئەمشەومان بڕوات، خەمت نەبێت برام.

ئازاد وتی: زۆراو گیان تکایە ئەگەر هیچت پێناکرێ و بواری کارێکت نیە، ئەوا من ئەمشەو تا بەیانی دەسوڕێمەوە تا شتێك بە بەرهەم دێنم ان شاللە.

زۆراو وتی: براکەم وەڵڵا، خەمت نەبێت بەخوا هەر ئەمشەو کارێك دەکەم، ان شاللە.

ئازاد نامەیەکی بۆ هاوڕێیان نووسی و ڕۆشت و زۆراویش کەوتە بیری بەرنامەیەك.

خۆی گەیاندە زیندانی ئاسایش و وتی: دەمەوێت ئەو ئاژاوەچییانە ببینم.

خێرا فەموو گەورەمیان لێکردو بردیانە ژوورەوە.

زۆراو وتی: هەموویانم پێکەوە بۆ بهێنن.

هەموویان هێنان و زۆراو بێچەندو چوون کەوتە لێدانیان و هەموویانی خەڵتانی خوێن کرد.

دوای کەمێك دیسان بە قسەکردنەوە دەستی بە لێدان کردەوە.

تا وای لێهات جەلادەکان، دەستیان گرت و وتیان: گەورەم، ئێمە ڕەوانەکراوین بۆ ئەم کارە، بەڵام تۆ لە ئێمە باشتر لێیان دەدەیت.

زۆراو وتی: یان دەبێت دان بە شتێکدا بنێن یان ئەمشەو هەر دەیانکوژم.

تەواوی ئەوانەی لەو ژوورە بوون، مۆڵەتیان خواست و چوونە دەرەوە.

زۆراو دوای ئەوەی دڵنیابوو کەسی لێ نیەو کەسیش چاودێریی ناکات.

نان و خواردنێکی زۆر خۆش و بەتامی بۆ هاوڕێیان هێنابوو.

هەموو هاوڕێیان حەپەسان و وایان دەزانی خەو دەبینن.

زۆراو زۆر بە هێمنی وتی: دەست بکەنە نان خواردن، بەڵام جار جارە هاوارێکی بەرز بکەن، دواتر خۆم هەموو شتێکتان تێدەگەیەنم.

تێر نانیان خواردو بوژانەوە، سەرەڕای برین و ئێشو ئازار بەڵام نانخواردنەکە بەهۆشی هێنانەوە.

زۆراو هاتەلایانەوە وتی: قوربانتان بم، ئەندامی ئازاو چالاکی (ئاگسن) دەبێت وەك ئێوە وابێت، هەر بژین وا هیچتان نەدرکاندوە.

کاردۆخ وتی: تۆ باسی چی دەکەیت قوربان، (ئاگسن) چییەو دان بەچیدا بنێین؟.

زۆراو وتی: هاوڕێیان، ڕاستییەکەی منیش ئەندامی ڕێکخراوەکەی ئێوەم و یەکێکم لە دۆستەکانی ئازادی کتێبفرۆش.
بەڵام هاوڕێیان لە ترسی ئەوەی ئەمە پلان و بەرنامە بێت، هەر خۆیان لە گێلیی دەدا.
دواجار زۆراو بە نهێنیی نامەکەی ئازادی دەرکرد.
پیشانیدان و ئەوانیش خوێندیانەوە، تەواو تێگەشتن کە ئەمە پلان نیەو ئەمیش لەوانە.
بەهەرحاڵ سەرنج و دەرزییەکی پەیداکردو خوێنی لە گیانی هەموویان گرت و کردییە ڕووخسارو جل وبەرگەکانیانداو تەواو سیمای گۆڕین.
بەیانییەکەی چووە لای بەڕێوەبەری زیندانەکەو وتی: گەورەم ئەمشەو تابەیانی داومە لەو کۆمەڵە گەنجە، هەر کوشتمن، بەڵام ئەوان دەڵێن ئێمە کەس ناناسین و دان بە هیچدا نانێن.
بەڕێوەبەری زیندان وتی: بڕۆن بیاهێنن.
کە هێنران سیمایان زۆر قێزەون و خوێناوی بوو.
بەڕێوەبەر وتی: زۆراو، تۆ ئەمانەت کوشتوە، بۆ خاتری خوا تۆ تۆ چیت کردوە؟.
زۆراو وتی: گەورەم ئێوە وتوتانە ئەمانە ئاژاوەگێڕن، منیش هەوڵمدا تا شتێکیان پێدەرخەم، زۆر ئەشکەنجەمدان، بەڵام بێفایدەبوو، دیارە ئەمانە ئاگایان لە هیچ نیە و هەر لە خۆیانەوە چوونەتە ناو خۆپیشاندانەکانەوە.
بەڕێوەبەر وتی: هەر ئێستا بەریاندەن.
زۆراو خێرا وتی: گەورەم تکایە، با من بیانبەم کەمێکی تر لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکەم.
بەڕێوەبەر باشەی کرد، بەڵام وتی: زۆراو، نەیانکوژیت، تۆ زۆر بێویژدانی، ئەگەر ئەو کارە بکەیت خراپ دەشکێتەوە بۆ حکومەت لەم کاتەدا چونکە خەڵك لە دەسەڵات توڕەن.
زۆراویش وتی: نا گەورەم خەمت نەبێت.
لەوێ دەرچوون و ڕۆشتنەوە بۆ بنکەکەی زۆراو، خواردنی خۆش و ڕێزی زۆری لێگرتن و بە نهێنیی تەلەفۆنی بۆ ئازاد کردو.....
دوای ماوەیەکی کەم، ئازاد گەشتە ئەوێ و بە دیداری هاوڕێیان شادبووەوە.
ئیتر کەوتنە هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەك بۆ بەردانی گیراوەکانی گوندی سۆمەر.
بەڵام بە داخەوە دووان لە هاوڕێیان نەخۆشکەوتن و دۆخەکە خراپتر بوو..

کاوان لـه سێداره درا..
نەسرین هەموو ساتێکی لـه خەیاڵی کاواندا بووە، چرکەکانی تەمەنی ببووە گریان و ئازارو سەدان جار لـه دڵی خۆیدا ئاواتی دەخواست بمردایە بەڵام کاوان نەگیرایە.
کات نیوەشەوەو کەشوهەوا زۆر ساردە، هەرچـەندە نەسـرین خـۆی نـوقمی دنیـای بەتانییـەکان کردبوو بەڵام دڵ و جەستەی ساردی ئەو بە چی گەرم دەبۆوە؟.
بەدەم گریانەوە خەوی لێکەوت، چـونکە بەدرێـژایی شـەوی ڕابـوردوو بـۆ یـەك سـاتیش خـەو نەچووبووە چاوەکانی و هەموو شەوی بە دیار برینەکانی کاوانەوە گوزەراندبوو.
بەیانی زوو بوو، دنیا هێشتا تاریکەو لێڵە بوو، ماتۆڕسوارێك خۆی کرد بە ناو ئاوایداو وتی: کـێ دەیەوێت ببینێت کە ئاژاوەگێڕەکان چۆن لـه سـێدارە دەدرێـن، نیـوەڕۆ لـه گۆڕەپـانی ئـازادی ناوەڕاستی شاری ئاران، ئامادە بێت.
ماتۆڕسوارەکە قسەکانی دەوەستان و دیسان دەسـتی پێـدەکردەوەو دەیـوت: کـاوان و هـەورازو مەلا، لـه سێدارە دەدرێن و دەگەنە سزای خۆیان.
ئیتر ماتۆڕسواری نەفرەتی ڕۆشت و ناو ئاوایی یەکپارچە بووە شین و گریان.
خەڵکی ئاوایی کەوتنەڕێ بـۆ ئـەو شـوێنەی وا فەرمانبـەرە حکومییەکـە دیـاریی کردبـوو، واتـە گۆڕەپانی ئازادی.
چوونە ئەوێ.
زۆر قەرەباڵخ بوو.
وەك شتێك تەنیا خەڵکی ئاوایی سۆمەر لـەوێ نەبوون.
خەڵکی دەستبەتاڵ وەك توکی سەر لـەوێ خڕببوون و هـەمووان چـاوەڕوانی تەماشـاکردنی سـاتی گیاندەرچوونی کاوان و هاوڕێکانی بوون.
ئەوانەی کە تەماشاکەری ئەو جینایەتە بوون سەد جار لـه پۆلیس و ئاسایشەکانی حکومەت زۆرتر بوون، بەڵام مرۆڤ گەر بخوازێت خۆی بکاتە کۆیلە، ئەوا دەبێتە کۆیلـەی دارو بەردیش نەك چەك و کوتەك...
نەسرین دڵی وەك پانکە دەفڕی و هەموو جەستەی دەلـەرزی ....
خەڵکی ئاوایی نیوەی دەگریان و نیوەی تریشی دەستەودامان تەماشای دۆخەکەیان دەکرد.
پاش کەمێك بەندکراوەکان هێنران.
کاوان و هەورازو مەلا و چەندین کەسی دیکەی تێدابوو.

لە لایەن ئاسایشە نهێنییەکانەوە دەست کرا بە کارەکەو یەکەم کەس کاوان برا بۆ بەردەم پەتی سێدارە.
کاوان بە زەردەخەنەیەکەوە وتی: ئێمە لە سێدارە دەدرێین بەڵام بیرو بەرنامەکەمان کە ئازادی و یەکسانیە هەرگیز لە سێدار نادرێت.
دوای کەمێك وتی: خوامان بەسە بۆ سەرکەوتن.
ئیتر لە سێدار دراو خەڵکەکە هەموو تاسان.
نەسرین بە بەرد کەوتە گیانی جەلادەکان و بە دوای ئەودا خەڵکی ئاوایی سۆمەر هەموو ڕاپەڕین.
دواتر هەموو خەڵکەکە دەستیان بە شەڕ کرد.
داوای هێز کراو هێزێکی زۆر گەشتنە ئەو شوێنە دوای چەند کاتژمێرێك شەڕوپێکدادان و کوژران و برینداربوونی هاوڵاتیان، دۆخەکە لە لایەن دەسەڵاتەوە بە زەبروزەنگ هێوەرکرایەوە.
لەم کاتانەدا نەسرین لە خەو ڕاپەڕی و لەبەر خۆیەوە دەستی بە قسان کرد.
دایکی نەسرین هاتەلایی و خێرا وتی: هەیەڕۆ کچم ئەوە چییتە بۆ وا دەکەیت؟.
نەسرین بە دەمگریانەوە وتی: دایکە گیان الحمدلله کە خەو بوو، ڕاستی نەبوو..
دایکی نەسرین کە بە تەواوی حەپەسابوو، بە هێواشیی وتی: ئەرێ کچەکەم ئەوە چییە؟ چی خەو بوو؟ چی ڕاستی نەبوو؟.
نەسرین بە نەرمی دەستی بە گێڕانەوەی چیرۆکی خەوەکەی کردو دایکی نەسرینیش هۆنهۆن فرمێس بە چاوەکانیدا دەهاتە خوارەوە.

.

.

باسەکە هێندە کاریگەربوو، دڵی مرۆڤی دەهێنایە کوڵ و
بەردی دەکردە ئاو بە قەولی کوردەواری....

...............

ئازادی...........

ئازار...

سێدارە.......

گەندەڵی.......

مرۆڤ..

شێت.

پیر....................

خەڵك و

پێكەنین و

گریان و پۆلیس و

ئاسایش و

دەمامك ...........................

ترپەی دڵ.....

دەسەڵات...

خۆپیشاندان و كوشتن و ئێش و

خەڵكی ئاوایی..........

بەشە سەرەكییەكانی چیرۆكەكەی نەسرینی دڵسوتاو بوون..

دوژمنانی ئاسایشی نەتەوەیی..

دۆخەكە بە تەواوی لە لایەن دەسەڵاتەوە بە زەبری هێزو توندوتیژی خەفەكراو كۆتایی ان بە تەواوی خۆپیشاندانەكان هاورد.

ئازاد و كوردۆو كاردۆخ و جەمشیدو شەونم سەرقاڵی بەرنامەدانان بوون بۆ كارو چالاكی دژی گرتنی كاوان و مەلاو هەورازو مام خەسرەو (مام خاسرەو).

لە پڕ هەواڵێك بڵاو بووەوەو باسی حوكمدانی ئەو گیراوانەی دەكرد.

بە پێی ئەو یاسایەی كە دەسەڵات بە ئارەزوی خۆی و بۆ بەرژەوەندیی خۆی دایدەتاشێت، حوكمی ٦ ساڵ زیندانیی بۆ هەریەك لە مەلا عەبدورەحمان و هەورازو كاوان و مام خەسرەو بڕدرایەوە.

ئەم هەواڵە هەمووانی نیگەران كرد.

ئەو یاسایەی خۆپیشاندەران و چاکلاوانانی پێحوکمدرا، گوایە بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی یەو خۆپیشاندەرانیش وەك دوژمنانی ئەمن و ئاسایش ناسێندران و تەنانەت وەك ئاژاوەچیی گەورە تەماشا کران.

ئازاد، بە بیستنی ئەم هەواڵە تەواو بێزارو نیگەران و بێتاقەت بوو، چونکە حوکمدانی ئەو چالاکانە زۆر ترسناك بوو بۆ دوو لایەن

یەکەم بۆ ترساندنی جەماوەرو خەڵك و مافخوراوان و ئازادیخوازان.

دووەم بۆ دواخستنی ڕەوشی پێشکەوتنی گەنجان و ژنان و ڕۆژنامەنووسان.

بەهەرحاڵ...

ئازاد، ئەم دۆخە زۆر کاریگەریی تێکرد،زۆر خەمباری کرد.

شەونم، بابەتێکی زۆر ڕەخنەئامێزو توندی دژی دەسەڵات و ئاسایش و پۆلیس نووسی و تێیدا ئەو کارەی دەسەڵاتی ڕسواو مەحکوم کردو داوای لە خەڵکی وڵات کرد کە بە هەموو شێوەیەك دژی ئەم دەسەڵاتە گەندەڵە بووەستنەوەو ئەم حکومەتە گەلچەوسێنەرە لە بن و بێخ دەربکەن و تەواوی دەزگاو دامەزراوەکانی هەڵتەکێنن و حکومەتێکی نیشتمانیی هاوڵاتییانەی کوردیی دامەزرێنن.

هەر لەتەك بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتەدا.

ئاسایشی وڵات کەوتە حاڵەتی ئامادەباشییەوەو هەموو هەوڵەکانیان چڕکردەوە بۆ دەستگیرکردنی ئازادیخوازان و چالاکان و ڕۆژنامەنووسان.

کاوان و مەلاو هەورازو مام خەسرەو، لە زیندان مانیان لە خواردن گرت و چالاکییەکان دەستی پێکرایەوە.

بەرپرسی دەزگای ئاسایشی وڵات بە پەلە داوای کۆبوونەوەی کرد.

لە کۆبوونەوەکەدا جەختی تەواو لەوە کرایەوە کە پێویستە هەر ئەم شەو شەونم دەستگیر بکرێت یان بکوژرێت و کۆتایی بە چالاکییەکان بهێنرێت و ئەگەر کرا ئازادیش سەرنگوم بکرێت.

ئازاد، ئەوەندە بێتاقەت و نیگەران بوو نەیدەزانی چی بکات ،

کتێبخوێندنەوە، قاوەخواردنەوە، گفتوگۆ لەتەك دایکیدا، هیچی فایدەی نەبوو.

خەمەکەی تا دەهات زیاتر دەبوو.

لە ئەمانە ناخۆشتر، ئەوە بوو هەواڵی کوشتنی شەونم درایە ئازاد.

لە ماڵی شەونم، شین و شیوەن و گریان بوو.

دایکی شەونم هەموو تاڵە قژەکانی لە پەنجەکانی ئاڵاندبوو.
شەونمی جەستەسورکراویش لە نێوان خزم و دۆست و ئەهلی گەڕەکدا دانرابوو.
دەزگا ئەمنییەکانیش هەر خەریکی بەرنامەو پلانی خۆیان بوون و بەرنامەیان دانا کە گیراوەکانی گوندی سۆمەر کە بە قسەی ئەوان سەری مارەو بنەمای ئاڵۆزییەکان بوون، دەرمانخوارد بکەن و کوشتنەکانیان ونکەن و بە هەر جۆرێك بووە ئەم دۆخە کۆتایی پێبهێنن و هەرکەسیش لەسەریان وەقسە هات یان دەستگیری بکەن یان بیکوژن.
هەواڵەکان بە نهێنی بڵاوبوونەوە.
نەسرین کە ئەم شتانەی بیست ئاگری تێبەربوو، ئارامی نەماو لە حەیبەتی سەلامەتیی کاوان نەیدەزانی چی بکات.
ئازاد، تا گەشتە ماڵی شەونم سێ بۆ چوار جار بورایەوە.
بە بەرنامەی سەوسەن و چەند سیخوڕێکی دیکە، زۆربەی هاوڕێیانی (ئاگسن) لە لایەن پۆلیس و ئاسایشەوە دەستگیرکرانەوەو دۆخێکی بێحەد ترس و تۆقاندنیان بەسەر لادێ و شارەکاندا سەپاند.
بە نهێنیی هێزیان نارد بۆ دەوروبەری گوندی سۆمەرو گوندی کوردخانە، کە دوو گوندی هاوسنوور بوون و لە کاتی خۆپیشاندانەکاندا شان بەشانی یەکدی ڕاپەڕی بوون.
لە کوردخانە، کوڕە شوانێك هەبوو، کوڕێکی زۆر وریاو ڕۆشنبیر بوو، بە خوێنەوارییەکی زۆر کەمەوە توانی بووی لاوانێکی زۆر لە خۆی خڕ بکاتەوەو باسی دین و ڕۆشنبیریی و ئەخلاق و یەکسانی و کوردایەتی و دژایەتی گەندەڵی و ئازادیخوازی و شۆڕشی بۆ دەکردن.
ئەو لاوە ناوی حەمرین بوو، وە بە حەمرین قسەزان بانگیان دەکرد.
باوك و دایك و خوشك و براکانی لە پرۆسەی ئەنفالدا سەرنگومکرابوون.
حەمرینیش لای ماڵی مامی شوان بوو.
ئازاد، لای تەرمەکەی شەونم دانیشتبوو، هێندە گریا تا هەردوو چاوی سورهەڵگەڕان و پاشان کە خۆر هەڵهات تەرمی شەونمیان برد بۆ گۆڕستان و دوای تەڵقین و نزاو دۆعاکان، بە خاکیان سپارد.
هەر لەگەڵ خۆرهەڵهاتندا، حەمرین لاوەکانی گوندی کوردخانەی کۆکردەوەو پێی وتن: هاوڕێیان، دەسەڵاتی کوردی دەیەوێت درێژە بە زوڵم و ناعەدالەتی و گەندەڵی و دزی خۆی

بدات و سەروەت و سامانی ئەم میللەتە بەشخوراوە بخوات و هەرکەسیش قسەبکات و هەق بلێت بیکوژن، نمونەش شەونم و کاوان و مەلاو مام خەسرەو و سەدانی ترە.
بۆیە ئێستا باشترین شت ئەوەیە کە ڕاپەڕین و لەتەك لاوانی گوندی سۆمەردا یەك بگرین و پاشان لەتەك هەموو لاوانی کورددا یەکبگرین هەموومان ڕاپەڕین و چیتر ستەم و ملکەچیی ئەم دزوو جەردانە قبولٌ نەکەین.
هاوڕێیان،ئێمە خاوەنی سەدان شەهیدی قارەمان و سەدان ژن و منالٌی ئەنفالین، ئاخر ئەگەر ئێمە هەقمان نەبێت لەم ولٌاتەدا دەبێت کێ هەیبێت؟.
چالاکانی مەدەنی و ڕۆژنامەنووسان و ئازادیخوازان دەستگیر دەکرێن و بە بەرنامەو سیناریۆ دەکوژرێن تەنیا لەبەر ئەوەی باسی عەدالەتی کۆمەلٌایەتی دەکەن.
بڕوابکەن، هەتا ئێمە بێدەنگبین، ئەوان باشترو زیاتر ستەممان لێدەکەن و سەروەت و سامانمان دەخۆن و زمانی ئازادییمان دەبڕن.
ئێمە وەکو خەلٌکی لادێکان هەمیشە قوربانیی ڕێگەی ئازادیی گەل بووین، بۆیە دەبێت ئێستاش کاری خرمان بکەین.
دوای ئەم قسانەی حەمرین، تەواوی لاوەکان کە نزیکەی ٣٠ کەس دەبوون، ئامادەییان دەربڕی و ٣ کچیش هاتنە ڕیزیان و بەرەو گوندی سۆمەر وەرێکەوتن.
لە ڕێگا توشی هێزە ئەمنییەکانی دەسەلٌات بوون و پێکدادان ڕووی دا.
خۆپیشاندەران تەنیا ٤ تفەنگییان پێبوو، ئەوانی دیکە دارو بەردو ئەو جۆرە شتانەیان پێبوو.
پێش ئەوەی پێکدادانەکە ئالٌۆزیی لێبکەوێتەوە، حەمرین داوای لە هێزە ئەمنییەکان کرد کە هەردوولا نەوەی هەژارن و پێویستە هاوکاری یەکتر بین و دەست لە ناو دەست بنێین بۆ ڕووخاندنی ئەم دەسەلٌاتە گەندەلٌە.
بەلٌام لە جیاتی گفتوگۆ، هێزەکانی دەسەلٌات بە فیشەك وەلٌامی خۆپیشاندەرانیان دایەوە هەر لەوێدا حەمرین و چواری دیکە بریندار بوون و لە هێزە ئەمنییەکانیش بریندار کەوتەوە.
دوای کەمێك خۆپیشاندەرانی پیرو لاو، گەنج و پیاوی گوندی سۆمەر هاتنە ڕیزی خۆپیشاندەران و دۆخەکە تەواو ئالٌۆز بوو.
لەم کاتەدا بەرپرسانی زیندان بە هەلیان زانی و دۆخەکەیان قۆستەوەو کاوان و مەلا عەبدورەحمان و هەورازو مام خەسرەویان دەرمانخوارد کردو دوای کەمێك گیانیان لە دەستداو دەزگاکان وا بلٌاویان کردەوە کە خۆیان کوشتوەو لە ڕقی دەسەلٌات و هێزە ئەمنییەکان ئەم کارەیان کردوە.

ئازاد، كە ئەم شتانەی بیست سەری ئاوساو چاوی پەڕییە پشتی سەری، بۆیە بە خێرایی خۆی گەیاندە لای گوندی سۆمەرو چووە ڕیزی خۆپیشاندەرانەوە.
تا دەهات خۆپیشاندەران زیادیان دەكردو ڕووداوەكان وەك خۆپیشاندانی پێشوتری لێهات و تەواوی لادێكان بەشدار بوون.
مەلای گوندی كوردخانە كە ناوی مامۆستا مەولان بوو لەتەك مامۆستای قوتابخانەكەی گوندی سۆمەر كە ناوی مامۆستا دیار بوو هەروەها لەتەك پیاوێكی حورمەتداری گوندی سۆمەر كە ناوی مامە سۆفی بوو، بڕیاریاندا ناوبژیی بكەن و لە پێناو كۆتایی هێنان بەو كوشتن و بڕینە چوونە نێوان هەردوولا.
بەڵام، مەخابن هێزەكان گوێیان بەو قسانە نەداو وتیان: ئەمەش فێڵێكی تری خۆپیشاندەرانەو ئێمە متمانەمان پێی نیە، بۆیە دەستڕێژی گولەیان لێكردن و دەستبەجێی مەلا مەولان و مامە سۆفی كوژران و مامۆستا هاوكاریش بە سەختی بریندار بوو.

دەسەڵات، بە زەبرو زەنگی هێز دۆخەکەی ئارام کردەوە!..
هەر کەس و هەر لایەنێك بۆنی دژایەتیی دەسەڵاتی لێبهاتایە، ئەوا هێزەکانی حکومەت دەستگیریان دەکردو بە پێی یاساکانی خۆیان حوکمیان دەدان.
شارو لادێکان، ڕەنگی پۆلیس و ئاسایشیان گرتبوو، لە هەموو شوێنێك بۆنی باروت و فیشەك دەهات، کوتەك و داری دەستی هێزە داردەستەکانی دەسەڵات سێبەری بەسەر ژیانی خەڵکەوە کردبوو.
بۆنی ئەشکەنجەو دەنگی هاواری زیندانەکان کوردستانی ڕەش داگیرساندبوو!.
دوای دوو ڕۆژ بەردەوامی ئاڵۆزییەکان، بە زەبرو زەنگی چەك و هێز و کوتەك، کۆتایی بە دۆخەکە هێنراو تەواوی ئەو چالاکییانەی دژی دەسەڵات بوون، کپ و سقوت کران.
زۆرێك لە خۆپیشاندەران پەرتەوازە بوون و هەندێکیشیان دەستگیرکران.
ئازاد، کەوتبووە نێوان هەردوو گوندی سۆمەرو کوردخانە.
بەڵام نەچووە هیچ یەك لەو گوندانە بۆ ئەوەی کێشەیان بۆ دروست نەکات.
دوای چەند ڕۆژ کە بە تەواوی دۆخەکە لە لایەن دەسەڵاتەوە کۆنترۆڵ کراو و ژیانی ئاسایی خەڵکی هەژارو گەندەڵکاران دەستی پێکردەوە، ئازاد لە شاخێکی نزیك گوندی سۆمەر بیری لە بەرنامەیەك دەکردەوە بۆ دەستپێکردنەوەی چالاکییەکان.
دوای ئەوەی پرسە بۆ شەهیدەکانی گوندی سۆمەرو کوردخانە دانرا، ئازاد خۆی گەیاندە ئەویٚ و لە ژێر چاوەدێرییەکی وردی سیخوڕو پیاوەکانی دەسەڵاتدا تا ئێوارە مایەوە.
ئازادیان لە دۆخی دڵسوتێنەری نەسرینی داماو تێگەیاند.
ئازاد چووە لای نەسرین و بە بینینی حاڵ و گوزەرانی تەواو خەمبارو بێتاقەت و بوو، بە جۆرێك خۆی پێنەگیراو دەستی بە گریان کردو بێحاڵ کەوت.
دواتر کەمێك قسەی بۆ نەسرین کردو ورەی بەرز کردەوە ))..

## پاشەکییەکی سادە،

ڕەشنووسی ئەم نووسراوە گوایە لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٤ دەستم پێکرد، وە لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٥ لە ڕۆژی ٢٧ی مانگی١٠ دا تەواو بوو،
ئەگەرچی لە کاتی ئەم نووسینەدا سەرقاڵی چەند نووسینێکی ترو هەروەها سەرقاڵی پێشمەرگایەتیی و سەنگەرەکانی بەرگریی لە وڵات بووم دژی هێرشەکانی داعش کە لە نیوەی دووەمی ساڵی ٢٠١٤ دەستی پێکرد، هەروەها سەرقاڵی پێداچوونەوەی چەن کتێبێك بووم، هەروەها سەرقاڵی (بەسە شتەکە بێتام مەکەو خۆتمان لێ زل مەکە). بەڵام هەرچۆنێك بوو لە نووسینی ئەم کتێبە نەوەستام و دواجار بە کۆتام گەیاند، وەڵایی لێتان ناشارمەوە بەم کتێبەوە زۆر ماندوو بووم، زۆریش کاتی لێگرتم،
ئینجا بەو پێیەی کە ئەزموونم هەبوو لەگەڵ ناوەندەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە لەم هەرێمەدا (چونکە کتێبەکانی پێشووترم بردە لای زیاتر لە _دە_دەزگای ئەم وڵاتەو بێسودبوو، دواجار بە پارەی خۆم و بە مووچەی پێشمەرگانەی خۆم چاپم کردن و بێبەرامبەریش بەخشیمنە هاوڕێیانم)، بەتەما نەبووم ئەم کتێبە ببەمە لای هیچ دەزگایەك، بەڵام بە هاندانی هاوڕێیانی بەڕێزم، بردمە لای چەند دەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوەو وەك هەمیشە بێسودو ئەنجام بوو، چونکە نە شوێنم بەرزەو نە ناوێکی قەبەو ساختەشم هەیە، بۆیە بەداخەوە لێرە ناو گرنگە نەك ناوەڕۆك، فۆڕم گرنگە نەك جەوهەر، توێکڵ گرنگە نەك کاکڵ، دیسان کتێبەکەم کەوتەوە بەر ڕەحمی گیرفانە شڕەکەی خۆم و دەزگایەکی وردبینی بەویژدان،
دیسان خەیاڵی چاپکردنییم لە مێشکم دەرهێناو تەنانەت لە ناوەڕاستی ٢٠١٩ بەتەواوەتیی لەتەك سێ کتێبی تردا سڕیمنەوە، وەك نارەزاییەك دژی ئەم پاشاگەردانییەی نووسین و گەرەکیشم بوو بەم کارەم ببمە شتێك و بەشکوم ڕەگەزنامەی وڵاتێ شتێکی پێوەرگرم،
بەڵام لەم ڕۆژانەی پێشوودا بە نزیکەیی لە ڕۆژی ١٦ی ١١ (شازدەی دیسێمبەر) هەروا بە ڕێکەوت لە کۆمپیوتەرەکەما کە بڕوام وابوو لەوێش سڕاوەتەوە، کەوتەوە بەرچاوم و دیسان خەیاڵی چاپکردنییم کەوتەوە سەرو کەوتمەوە گەڕان و ئەملاولاکردن بۆی.
بە ئومێدی جوڵاندنی فکرتان و کەڵك و ئیتر ئەو شتانەی کە کتێبەکانی تر باسیان کردووە.

## سێ قسەی تر،

یەکەم: ئەم نووسراوەم بە شێوەی ڕۆمانی تەواو نەکراوو بچڕ بچڕ (کە وا هەستەکەم یەکەم جارە ئەزموون بکرێت) نووسیوەو چەند لاپەڕەیەکم بە بەتاڵیی هێشتۆتەوە، بە ئامانجی جوڵاندنی فکری خوێنەرو بەشدارییەکی ڕاستەوخۆی خوێنەر لە دەقدا، لە لایەك بە بیرکرنەوە لە پرسیارەکەو گەڕان بۆ وەڵامەکەیی و لە لایەکیش بە نووسینی ڕاوبۆچوونی خۆی لە لاپەڕەکەدا وەك ئامادەیەکی نێو باس و بابەت و ڕووداوەکان و زیاتر وابەستەبوونی خوێنەر بە کتێبەکەوە، هەروەها هەڵسەنگاندنی کتێبەکە لە لایەن خودی خوێنەرەوە.
بە ناخێری گیانم بە حساوی خۆم ئیشێ باشم کردووە، بەخوا ئیتر نازان چۆنەبێ!.

سێیەم: ئەم کتێبە(ڕاستر بێژم ئەم نووسراوە)م، بە زمانێکی هەم سادەو زمانی خەڵك و هەم ئاڵۆزو مانادار نووسیوە(زووانی خەڵك و زووانی مانادار هیچ دژیەکییەك لە نێوانیاندا نییە، لێرەدا مەبەستم زمانی ئاخاوتن و زمانی ئەدەبییە)، ئەمەش بۆ دووخاڵ ئەگەڕێتەوە،
خاڵێك، بۆ ئەوەی خوێنەر لە کۆی باسەکە حاڵیی بێ و لانیکەم مشتێك لە خەرمانی نووسراوەکە حاسڵ بکات و خاڵێکیش بۆ ئەوەی خوێنەر تەمەڵ نەبێت و هەموو بابەتەکەی وەك سفرەی ڕازاوە نەچێتە بەردەست و فکری بجوڵێ و بیربکاتەوەو تاد، وام کردووە بە حساب.

دووەم و نیو: لەم نووسراوەدا، هیچ یاساو ڕێساو کۆت و بەندێکی زمانەوانیی(بە تایبەت ئەکادیمی-زمانی خوێندن و فەرمییات) پەیڕەو نەکراوەو زیاتر زمانی خەڵك و زمانی گشتیی و زمانی گفتوگۆی ڕۆژانە ڕەچاوکراوە، بۆ ئەمە دڵنیام زۆر کەس قسەیان لەسەری ئەبێت.

قسەیەتریش: لە چەند جێگایەك بە ئەنقەست، هەندێ بابەتم تێکەڵکردووە، ئەمەش بەو نیازەی کە خوێنەر لە خوێنەرێکی ڕۆبۆتئاساوە ببێتە خوێنەری ڕاستەوخۆو بەشدارێکی کاریگەریی دەقەکە، (ئەم قسەی کۆتاییم لە قسەی ئەو نووسەرانە ئەچوو کە دان بە هەڵەو پەڵەکانی خۆیاندا نانێن بە پێچەوانەوە ئەشیکەنە منەت و موزایەدە بەسەر خوێنەری داماوەوە).

چاوەڕێی ڕەخنەکانتانم.

بەختیار حەمەجان حەمە عەبدولقادر – بەختیار مام حەمید- (فەیلەسوفی ناو کارتۆنەکە)

٥ی ١٢ ی ٢٠١٩

باشووری کوردستانی داگیرکراو.